دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٢٦
١٥ ی سەرماوەزی ١٣٨٤
٦ ی دێسامبری ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## کوردستانی عێراق خۆی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی١٥ی دیسامبر ئامادە دەکا

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی سەرانسەریی عێراق بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی ئەو وڵاتە، تێکۆشانی تەبلیغاتیو ملبەملەی هەڵبژاردن لە کوردستان کە ماوەیەکە دەستی پێکردوە تا دێ گەرمتر دەبێ. زۆربەی حیزبو رێکخراوە نەتەوەیی، دێموکراتو خەباتگێڕەکانی کوردستان پێکەوە لەسەر لیستێك ساغ بوونەتەوە کە بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، لیستی ژمارە ٧٣٠ ناوی دەرکردوەو پێش بینی دەکرێ زۆرترین دەنگ لە کوردستانو لەنێو کوردەکان دا وەدەست بێنێ. پارلمانی داهاتووی عێراق رۆڵێکی گرنگی لە دابەشکردنی دەسەڵاتو دیاریکردنو روونکردنەوەی قانوونەکانی ئەو وڵاتەدا دەبێ، هەربۆیە ئەم هەڵبژاردنە بە هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز دادەنرێ. لەم بارەیەوە وتارێك لە ستوونی "بەر لەماڵاوایی" ئەم ژمارەیەدا بخوێننەوە.

## کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

رۆژی ٢٦ی نوامبری ٢٠٠٥، هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ لێکدانەوەی پرسە سیاسی ـ نەتەوەییەکان، لە شاری لەندەن کۆ بۆوە.

سەرەتا هەیئەت بارودۆخی دارایی کۆنگرەی لێکدایەوەو دواتر باسی تەبلیغو بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی کۆنگرەو گرینگیی رەنگدانەوەی چالاکییەکانی لە نێو ئەندامانو خەڵك بە گشتیدا بە کەڵك وەرگرتن لە تیکنۆلۆژیی پێشکەوتووی پێوەندییە گشتییەکان لەوانە ئینتێرنێت، رادیۆو تلویزیۆن کرد.

پێوەندی لەگەڵ ئورگانە نێونەتەوەییەکان بە پێی بەرنامە درێژخایەنو کورتخایەنەکانی کۆنگرە بۆ وشیار کردنەوەی بیرورای گشتیی جیهان لە چەوسانەوەی بەرنامە بۆداڕێژراوی نەتەوەییو فەرهەنگیی زاڵ لە ئێران دا بابەتێکی گرینگی دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوو.

لە کۆتاییدا مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییە ئێرانییەکانی لایەنگری فیدراڵیزم کەوتە بەر باسو لێکدانەوەو ئەم بەرپرسایەتییە خرایە ئەستۆی یەکە وڵاتییەکانی کۆنگرە.

هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

ئەندامانی کۆنگرە:

بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خەڵکی بەلووچستان، حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی گەلی عەرەبی ئەهواز، رێکخراوی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەلووچستانی ئێران، کۆمەڵە "رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"، رێکخراوی داکۆکی لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی تورکمەن، ناوەندی فەرهەنگیی ئازەربایجان.

## کوردستان گەورەترین قوربانیی حکوومەتی ئاشکرای زۆر

### ناڕەزایەتیی خوێندکاریی لە بەرامبەر سەرکوت لە کوردستان دا



رۆژی یەکشەممە ١٣٨٤/٩/٦، کۆمەڵێك لە خوێندکاران بە پێکهێنانی خۆپیشاندانێك لە زانکۆی تاران دا، خوازیاری کۆتایی هێنان بە لەژێرپێنانی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانو چارەسەرکردنی دێموکراتیکی کێشەی کورد بوون.

کۆمەڵێکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی تاران، رۆژی یەکشەممە، ٦ی سەرماوەز بە کۆبوونەوە لە بەرانبەر دانشکەدەی ئەدەبیات لە پەردیس، ناوەندی زانکۆی تاران ئیعترازیان بە "لەژێر پێنانی بەرنامەبۆداڕێژراوو بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان" کرد.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٣:٣٠ی دوانیوەڕۆ بە راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە دەستی پێکرد. پاشان خوێندکارانی ناڕازی بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب"و دروشم دان لە دژی پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان درێژەیان بە کۆبوونەوەکە دا.

لە کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆدا بە خوێندنەوەی سروودو دانی دروشمو هەڵگرتنی پلاکارتگەلێك کە دروشمەکانی "کۆتایی بە کوشتوبڕی مرۆڤەکان، ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، میلیتاریسم، حکوومەتی ترسو سەرکوتی راگەیاندن لە کوردستان دا بێنن"، " کوردستان گەورەترین قوربانیی حکوومەتی ئاشکرای زۆر"، "مافی دیاریکردنی چارەنووس، داننان بە وەدیهێنانی ئازادانەی ویستی گەلان"، "کوردستان پادگانی نیزامی نیە"، "بێدەنگی لە بەرامبەر جینایەت = جینایەت"، "کوردستان گۆڕەپانی پێشێل کردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەکانە"، "تا ئێستاش بکوژانی شوانە قادریو شێرکۆ ئەمینی ئازادن"، "ئێمە هەموومان لاوانی گۆڕەپانی راپەڕینین"، "لاوانی مەهاباد، تەنیا نینو" و "ئێستا کۆتایی رێیە" لە خۆ گرتبوو بەرەو زانکۆی تاران بەرێ کەوتن. ٣

## ٣٠ی سەرماوەز
## ٣ رۆژنامەنووس و تێکۆشەری بواری مافە مەدەنییەکانی کوردستان موحاکەمە دەکرێن

لەم دوایییانەدا "دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سنە" خاتوو رۆئیا تلووعیو بەڕێزان ئیجلال قەوامیو سەعید ساعیدیی بانگ کرد. لە پەروەندەیەکی هاوبەش دا، تاوانی هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی دراوەتە پاڵ ئەم ٣ تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ و لە داوانامە (کەیفەر خاست)دا، بە "موحارێب" ناو براونو توندترین سزایان بۆ داوا کراوە.

مەسعوود کوردپوور، هەواڵنووسی ئازاد لە شاری مەهاباد، لەم بارەیەوە بە رادیۆی DW بەشی فارسیی گوت: ئەم سێ کەسە کە بەدوای رووداوەکانی هاوینی رابردووی کوردستان دا، چەند مانگ کەوتنە زیندان، بەپێی بڕیار لە ٣٠ی مانگی سەرماوەزدا موحاکەمە دەکرێن.

بەم هۆیەوە کە ئەو تاوانانەی کە دراونە پاڵ ئەوان، سیاسین، دەبێ بە پێی ئەسڵی ١٦٨ی قانوونی ئەساسی، دادگاکەشیان ئاشکراو، بە بەشداریی "هەیئەت مونسیفە" پێك بێ. بەداخەوە بەم هۆیەوە کە لە ئێران دا هێشتا "تاوانی سیاسی" پێناسە نەکراوە، دادگای ئەم کەسانەش بەداخەوە بەشێوەی ئاشکرا بەڕێوە ناچێو، ئەمە بۆخۆی یەکێك لە نموونەکانی پێشێل کردنی قانوونی ئەساسییە. هەروەها بە پێچەوانەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤیشە، کە دەڵێ دادگا سیاسیو چاپەمەنییەکان دەبێ بە ئاشکرا پێك بێن."

رادیۆی DW، بەشی فارسی

## رێوڕەسمێك بۆ یادی دوو قوربانیی قەتڵە زنجیرەییەکان

رۆژی هەینی ٨ی سەرماوەزی ١٣٨٤، لە حەوتەمینساڵوەگەڕی تیرۆری ٢ نووسەری قوربانیی قەتڵە زنجیرەییەکان، محەممەد موختاریو جەعفەر پوویەندە، رێوڕەسمێك لەسەر گڵکۆی ئەوان لە ئیمامزادە تاهیری کەرەج بەڕێوەچوو. لە سەرەتای رێوڕەسمەکەدا، پەیامی دوکتور ناسر زەرئەفشان پارێزەری بنەماڵەی تەقڵە سیاسییەکان کە لە زیندانەوە ناردبووی، خوێندرایەوە. پاشان عەلی ئەشرەف دەرویشیانو سیمین بێهبەهانی ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێران قسەیان کرد. زەرئەفشان لە بەشێك لە پەیامەکەی خۆیدا بۆ بەشدارانی ئەم رێوڕەسمە گوتبووی: ئێستا جارێکی دیکە دەستی ئێوە دەگوشمو لەسەر درێژەی رێگای ئازادیو سوور بوون لەسەر ئاشکراکردنی راستییەکان پێدادەگرمەوە."

لەو رێوڕەسمەدا سیاوەش موختاری، ئەکبەری گەنجیو ناسر زەرئەفشانی وەك کەسانێك ناو برد کە بوون بەهۆی ئەوەی پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان ببێت بە پەروەندەیەکی جیهانی. لە رێوڕەسمی حەوتەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی موختاریو پوویەندەدا کە بەهۆی بەکرێگیراوانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە لەنێو بران، ژمارەیەکی زۆر لە مەئموورانی لیباس شەخسی بەشدار بوون. لەو رێوڕەسمەدا چەندین پەیام لەلایەن تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ و حیزبو رێکخراو و گرووپە سیاسییەکان خوێندرانەوە.

رادیۆ فەردا




## دژایەتی لەگەڵ کوردان
## خاڵی هاوبەش لە دیداری نێوان وەزارەتی دەرەوەی تورکیەو ئێران دا





مەنووچێهر موتتەکی وەزیری دەرەوە لە کابینەی ئەحمەدی نەژاد، لە سەفەرێکی دوو رۆژەدا بۆ ئانکارا، لەگەڵ کاربەدەستە پایەبەرزەکانی تورکیە، وتووێژی کرد. سەرچاوە دەوڵەتییەکان رایان گەیاند کە کاربەدەستانی تورکیە رەزامەندییان دەربڕی بۆ ئەوەی گازی سروشتیی زیاتری ئێران بە تورکیەدا تێپەڕ ببێ. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە زیادبوونی ئەو گازە سروشتییەی بە تورکیەدا رادەبڕێ، نزیك بە یەك میلیارد دولار داهاتی بۆ تورکیە بەداوە دەبوو. بەڵام وادیارە تورکەکان تێبینییەکانی ئەمریکایان لەبارەی ئێرانەوە لەو خێرو داهاتە بەلاوە گرنگترە.

عەبدوڵڵا گوڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە لە یەکەم دیداری لەگەڵ هاوتای ئێرانیی خۆیدا، بە راشکاوی داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد بە بێ هیچ مەرجێك، هاوکاریی پێویست لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەست پێبکاتەوە. بەڵام بەپێی راپۆرتی راگەیەنەکانی تورکیە وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیەو ئێران لەسەر هێندێك خاڵ رێك کەوتن. "کێشەی PKK، پێشگیری لە دابەشبوونی عێراقو رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نائەمنی بۆ ناوچە"، لەو خاڵانە بوون کە وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵاتی ناوبراو لەسەری رێك کەوتن. ئاشکراشە کە مەبەستی هەر دوو وڵات لە "دابەشبوونی عێراق"و "بڵاوبوونەوەی نائەمنی لە ناوچەدا"، بەرەوپێش چوونی کێشەی رەوای کوردانە.

## موعامەلەی تازەی کۆماری ئیسلامیو رووسیە

کۆماری ئیسلامی بە مۆرکردنی رێککەوتننامەیەك لەگەڵ رووسیە کە بایی یەك میلیارد دولارە، ٢٩ راکێتی دژەمووشەکی زەوی بۆ ئاسمانی TORM1 لە رووسیە کڕی. ئەم راکێتانە دەتوانن شوێنی فڕۆکە شەڕکەرەکان یا مووشەکەکان لە مەودای ٦ هەزار میتری، دەست نیشان بکەنو بیان تەقێننەوە. نیکۆلاس برێنز، جێگری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە حاڵێك دا کە خەریکی سەردان لە رووسیە بوو، گوتی: ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ هاوتا رووسەکانی خۆی باس کردوەو خەریکی هەڵسەنگاندنی لایەنەکانیەتی. رێککەوتننامەی فرۆشتنی راکێتە دژە مووشەکەکانی رووسیە بە ئێران، بووە بە هۆی نیگەرانیی کاربەدەستانی ئەمریکاو ئیسرائیلو، ئەگەری ئەوەش یەکجار زۆرە کە هەوڵەکانی رووسیە بۆ ناوبژیوانی لەنێوان ئێرانو ئورووپا سەبارەت بە بەرنامە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە، خەوشدار بکا.

لەم نێوەدا، کاربەدەستانی ئیسرائیلی رۆژی پێنج شەممە ١٠ی سەرماوەزی ١٣٨٤ بە دەرکردنی بەیاننامەیەك هەڵوێستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەبارەی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران راگەیاند. ئاریەل شارۆن جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە کە "ئیسرائیل بەتەنیا ناتوانێ پێشی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانو یەك لە وان تەکمیل کردنی خولی سووتەمەنیی ناوکی بگرێ. چونکە ئەمە کێشەیەکی جیهانییە کە هەر ئێستا ئەمریکا شێلگیرانە کاری لەسەر دەکا." هەروەها گوتی: "ئیسرائیل ناتوانێ شایەدی گەیشتنی ئێران بەچەکی ئەتۆمی بێ، لەحاڵێك دا دەسەڵاتێکی دینیی نابەرپرس لەو وڵاتەدا لەسەرکارە".

رادیو فەردا

### کانوونی نووسەرانی ئێران
### داوای هەڵوەشانەوەی مەحکوومییەتی گیراوەکانی ١ی مای سەقزی کرد

کانوونی نووسەرانی ئێران رۆژی ١٣٨٤/٩/٩، لە بەیاننامەیەك دا داوای هەڵوەشانەوەی بڕیاری "دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سەقز" لەبارەی ٥ کەس لە بەشدارانی رێوڕەسمی یەکەمی مانگی مای لە شاری سەقز کرد. لە بەیاننامەکەدا هاتوە: "هەروەك دەزانن بەڕێز موحسین حەکیمی (ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران) وێڕای بەڕێزان مەحموود ساڵحی، جەلال حوسێنی، محەممەد عەبدیپوور و بورهان دیوارگەر، بانەمەڕی ١٣٨٣ لە حاڵێك دا دەچوون بۆ شوێنی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی یەکەمی مانگی مای (رۆژی جیهانیی کرێکاران) لە سەقز، پێش گەیشتن بە رێوڕەسمەکە گیران..." بەیاننامەکە پاشان ئاماژەی بە بڕیاری "دادگای شۆڕشی ئیسلامی لەبارەی هەرکام لە ناوبراوان کردوە: ١ـ مەحموود ساڵحی، پێنج ساڵ زیندانو سێ ساڵ دوورخرانەوە بۆ شاری قوڕوە ٢ـ جەلال حوسێنی، سێ ساڵ زیندان ٣ـ موحسین حەکیمی، دو ساڵ زیندان ٤ـ محەممەد عەبدیپوور، دوو ساڵ زیندان ٥ـ بورهان دیوارگەر، دوو ساڵ زیندان." کانوونی نووسەرانی ئێران لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئەم مەحکووم کراوانە هەوڵیان داوە لە مافی قانوونیی خۆیان بۆ رێزگرتن لە رۆژی جیهانیی کرێکاران کەڵك وەربگرن. لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتوە: "ئێمە وەك داکۆکی لە ئازادیی بیروڕاو دەربڕینو مافی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی قانوونی، بێزاریو ناڕەزایەتیی خۆمان لەو حوکمانە رادەگەیەنینو بە ناقانوونیو ناتەبا لەگەڵ مافی مرۆڤیان دەزانینو داوای هەڵوەشانەوەی دەست بەجێیان دەکەین."

ماڵپەڕی: اخبار روز

بەیاننامەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز، رۆژ خوێندکارەوە ٢
ئانۆمیی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران ٢
٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا ٤
دیمانەیەك لەگەڵ سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢) ٨
دوێنێ شوانە سەید قادرو ئەمڕۆ شێرکۆ ئەمینی، ئێرە کوێیە؟ ١٠
بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان ١١

# بەیاننامەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژ خوێندکارەوە

بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران، هەورازو نشێوی زۆری بڕیوەو لە سەرەتاوە تا ئێستا، گەشەکردنو بەرەوکزی ڕۆیشتن، هەڵکشانو نسکۆی زۆری بە خۆوە دیوەو لەم ڕێگا درێژو پڕ ئەزموونەدا، چەندین لاپەڕەی زێڕینی بە مێژووی خەباتی ئازادیخوازی لە ئێراندا بەخشیوە.

یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٢یە کە بە ناوی ڕۆژی خوێندکارەوە ناوزەد کراوە. لەو ڕۆژەدا ڕاپەڕینو خۆپیشاندانە خوێندکارییەکانی سەرماوەزی ٣٢ بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ سەفەری نیکسۆن بۆ ئێران کە لەڕاستیدا بۆ دەربڕینی ڕقو تووڕەیی خوێندکارانی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی نایاسایی و سەرەڕۆی کودیتا بەڕێوە دەچوو، کەوتە بەر دەسڕێژی هێزەکانی نەیاری ئازادیو زانستو ڕژانی خوێنی سێ خوێندکار وەکوو پەڵەیەکی ڕەش بەنێو چاوانی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا مایەوە.

هەموو ساڵێک ١٦ی سەرماوەز ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەیەکە ڕادیکاڵ، ئارمانج خوازو دەرووەست بە بایەخو بەها مرۆییەکانو لەو کاتەدا کە دیکتاتۆریو تۆتالیتاریزم، نەزانپەرەستیو چەواشەکاری، دەیەوێ باڵ بەسەر هەموو ڕەهەندو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی خەڵکدا بکێشێو هەموو کەلێنو قوژبنەکانی کۆمەڵگا بە درۆو تراویلکە پڕکاتەوە، بزاڤی خوێندکاری بە ئاگایی و وشیارییەوەو بە بیرو چاوی تیژەوە، کێشەکان دەستنیشان دەکاتو دەبێتە گەرووی پڕ بە هاوارو دەنگی ئازادیخوازانەی خەڵک.

ئێستاش لە کاتێکدا ڕێز لە ڕۆژی خوێندکارو یادی ١٦ی سەرماوەز دەگرینو ڕێژیمێکی پاوانخواز، کۆنەپەرستو چاخی ناوەڕاستیو سیستمێکی دیکتاتۆریو فاشیستی بەسەر ئێراندا زاڵەو لەم دوایەشو لە شانۆیەکی بەناو هەڵبژاردندا، تاریکترینو جینایەتکارترین باڵی ڕێژیم، هێزی بەڕێوەبەریی بەدەستەوە گرتو لەم چەند مانگەی هاتنەسەرکاریدا، سیمای ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە خەریک بوو لە ژێر تەمو مژی بەناو ڕیفۆرمخوازیدا بشاردرێتەوە، بۆ دنیا دەرخستو تەنانەت لەم دواییەشدا بۆ ئەوەی نیشان بدا کە چەندە لەگەڵ زانستو فێربوونو لەگەڵ ئەندێشەی نوێدا دوژمنو ناتەبایە، یەکێک لە بلاوکەرەکانی خورافاتو نەزانیی وەکوو سەرۆکی زانستگای تاران دیاری کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ خۆی یەکدەست کاتەوەو بە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی کە تێی کەوتووە، و بە هێنانە سەرشەقامی گۆپاڵ بەدەستو بەسیجیو پاسدارەکانی، دەیەوێ پاشەکشە بە خەباتی دێموکراتیکو ئازادیخوازانەی خەڵک بکات، بۆیە لەم قۆناخە مێژوویەدا ئەرکی سەرشانی خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکارییە کە وەک توێژی پێشەنگو پێشڕەوی کۆمەڵگا، لە بەرامبەر هێزەکانی تاریکیدا ڕاپەڕنو هاوئاهەنگ لەگەڵ چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگادا درێژە بە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیو دادپەروەری بدەن.

خەباتی خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکاری کۆسپو ئاستەنگی زۆری لەسەر ڕێگایەو هەروا کە ڕابردووی ئەم بزاڤەو ئەزموونەکانی دەری دەخەن، یەکێک لەو ئاستەنگانە، ڕێکخراوە دەسکردو بەستراوەکان بە حاکمییەتن کە ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی تێکۆشانی خوێندکارانو دوورخستنەوەیان لە ڕێبازی ڕاستەقینە پێکی هێناون. ڕێکخراوە دەسکردەکانی وەکوو دەفتەری تەحکیم، ئەنجومەنە ئیسلامییەکانو کۆمەڵی ئیسلامیی خوێندکارانو هتد، ئەو ڕێکخراوگەلەن مێژە دەیانەوێ خۆیان وەك نوێنەری بزووتنەوەی خوێندکاری نیشان بدەنو لە کاتی هەستیاردا ئاستی ویستو خواستەکانی خوێندکاران دابەزێننو کێشە سەرەکییەکانی وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێران داپۆشنو لە پەراوێزیان بخەن. لەسەر خوێندکارانو بەتایبەت خوێندکارانی نەتەوە بندەستەکان کە بە ڕێکخستنی خۆیانو پێکهێنانی هاوپێوەندیو هاودەنگیی نێوان خۆیان، ڕێگا نەدەن ئەو جۆرە ڕێکخراوە دەسکردگەلە بەناوی ئەوانەوە، خەباتی خوێندکاری تووشی سەرلێشێواوی بکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ئەمساڵدا، دەمامکی درۆی فڕێ داو جەللادە نهێنییەکانی دەرخستو یەکەم شوێنێک کە ژەهری ڕقو نەفرەتی خۆی لێ ڕشت، کوردستان سەنگەری لە گیران نەهاتووی ئازادیو خۆڕاگری بووو گەلی کوردیش وەك هەمیشە نیشانی دا کە پێشەنگو ئاڵاهەڵگری خەباتی ئازادیخوازانەیەو بە خەباتی مەدەنیو ئەمرۆییانەی خۆی لە بەرامبەر هێرشو سەرکوتی ڕێژیمدا ڕادەپەڕێ. هێشتا خوێنی شەهیدانی ڕاپەڕینە پڕشکۆکەی هاوینی ٨٤ وشك نەبۆوە کە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە کوشتنی لاوێکی مەهابادی بەناوی شێرکۆ ئەمینی، نیشانی دا کە ئەوەی بە لایەوە بایەخی نیە، مافی مرۆڤو ئازادیی ئینسانە.

خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد کە هەموو کات لە بەرامبەر زوڵمو سەرەڕۆیی دەسەڵاتدا خاوەن هەڵوێست بوونو نیشانیان داوە کە دەروەستن بە ئاواتو ویستەکانی نەتەوەکەیانەوە، لە بەرامبەر ئەم جینایەتانەی ڕێژیمدا بێدەنگ نابنو نایەڵن خوێنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانو خوێنی شەهیدانی ڕاپەڕینەکەی هاوینی ئەمساڵو بەتایبەت خوێنی شێرکۆ ئەمینی بە فیڕۆ بچێ.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ڕێزلێنان لە یادی ١٦ی سەرماوەزو لەگەڵ دەربڕینی ڕێزو شانازی بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادیو بەختەوەریی مرۆڤەکان، داوا لە هەموو خوێندکارانو لە ئازادیخوازانو خەباتگێڕانی ئێران دەکا کە بەرامبەر بە جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستانو خووزستانو شوێنەکانی دیکەی ئێران بێدەنگ نەبنو بەتایبەت داوا لە خوێندکارانی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ئێران دەکا کە ئەرکی مێژوویی خۆیان لە پێناو وەدیهاتنی ئاواتەکانی نەتەوەکانیان بەجێ بگەیەنن.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو بەتایبەت شەهیدانی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییانەی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئارمانجو ئاواتەکانی ئەو شەهیدانە لە خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانە ڕاناوەستێ.

**بەرزو پیرۆز بێ یادی**
**شەهیدانی ڕێگای ئازادی**

**بەتینتر بێ خەباتی خوێندکارانی ئازادیخواز**

**بڕووخێ دەسەڵاتی کۆنەپەرستیو**
**دیکتاتۆری**

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٤**

# ئانۆمیی (*) بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران

**جەمیل ئەحمەدی**



"بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ( Social Movement) تێکۆشانێکی هەڵسەنگێندراو، بەردەوامو موتەمەرکیزە کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان کەڵکی لێوەردەگرن. ئەم ئامانجگەلە دەتوانێ جۆرێك ڕیفۆرم یان ئاڵوگۆڕی سیستمی کۆمەڵایەتی بێ."[(١)]

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی خاوەنداریێتییان لەلایەن گرووپە جیاجیاکانەوە، بە جۆرگەلی جیاجیا دابەش دەکرێن، بزووتنەوەی خوێندکاران، ژنان، کرێکاران، داکۆکی لە مافی مرۆڤو ... هتد. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا یەکێك لە بزووتنەوە هەرە پڕ وزەکانی ٨٠ ساڵی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ ه، دەستپێکی هاتنەئارای قۆناخێکی نوێیە لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا. ئاماژەکردن بەم مێژووەو چوونە ناخی پێشهاتەکانەوە، بابەتێکە کە لە مەبەستی ئەم وتارەدا نیە. ئەگەرچی دەمەوێ لە گێڕانەوەی ئەم مێژووە خۆم بپارێزم، بەڵام بە ناچار بۆ ورووژاندنی ئەم بابەتەو تیشك خستنە سەر لایەنە جیاجیاکانی، لانیکەم بە پێی پێویست بەشێ لەم مێژووە دێنینە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا بە پێی پێوەرەکانی سیستمی سیاسی لە قۆناخە جیاوازەکانی خۆیدا بزاڤێکی ڕیفۆرمخواز، ڕادیکاڵو هەندێ جار میانەڕەو بووە کە بە داخەوە تا ئێستا توانای بەرهەمهێنانی ئیدئۆلۆژییەکی گشتگیری نەبووەو زۆرجار جووڵانەوەکانی سوننەتیو شوێنکەوتووانە بوون. بە هاتنەئارای بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی لە ئێراندا (ساڵەکانی ٨٥ ـ ١٢٨٤ه)و لە ئاکامی ئەم بزووتنەوەیەداو لە ساڵانی دواییدا بە دامەزراندنی یەکەمین زانکۆ لە ئێراندا، گەراکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا پێك هاتن. بە تێکشکانی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیو هاتنە سەرکاری دیکتاتۆریی ڕەشی پەهلەوی، زەمینەی تێکۆشان لە شۆڕشگێڕان بەرتەسك کرایەوە، بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری لەم ماوەیەدا توانی بە هەر جۆرێك بووە، پۆتانسیلەکانی خۆی ڕابگرێ. ماوەی نێوان ساڵانی ٣٢ ـ ١٣٢٠ بە پێی لاوازبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، دەرفەتێ ڕەخسا تا لە کەشوهەوای خولقاویدا لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەخۆدا بێنەوەو خۆ ڕێك خەن. لەم نێوەدا بزووتنەوەی خوێندکاری هێزێکی شازو بەتوانا بوو کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ خەڵكو لایەنە سیاسییەکاندا توانی لەگەڵ پشتیوانی لە شەخسی موسەددیق بزووتنەوەی (میللیکردنی سەنعەتی نەوت) بە ئاکامی باشو سەرکەوتوو بگەیەنێ.

کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ه، کارەساتێ بوو کە لە ئاکامی پیلانی ڕەشی ئیستعماردا بەسەر حکوومەتی موسەددیقدا سەپاو، هێڵێکی ڕەشی بەسەر ١٢ ساڵ بووژانەوەی ئازادیو بەرەو خەڵکیبوون ڕۆیشتندا هێنا. ئاکامەکانی ئەم پیلانە شوومە بە هاتنەوەی دیکتاتۆریی پەهلەوی خۆی دەرخستو بە سەرکوتی حەرەکەتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ١٦ی سەرماوەزی (١٣٣٢)دا خۆی نواندو بەردەوام بوو. بە تەشەنەکردنی دیکتاتۆریو بووژانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی جموجۆڵە ژێر زەوینییەکان خۆیان ڕێك خستو پەرەیان سەند.

بزووتنەوەی دژە پەهلەوی لە جەرەیانی ١٥ی جۆزەردانی (١٥ خرداد) ١٣٤٢ ه دا، گەیشتە هەنگاوەکانی بەهێزتربوونیو لەم کاتانەدا بوو کە باڵی ڕۆحانیو دینی خۆی دەرخستو دەیەویست خۆی بەسەر جووڵانەوەکەدا زاڵ بکا. لە درێژەی ئەم ویستەدا لایەنی دینی دەستی دایە خۆ ڕێکخستنو تیوریزەکردنی ئایدیای خۆی، هەر لەم سەردەمانەدا بوو کە هەوڵەکانی لایەنی دینی ڕووی لە زانکۆکانو نێو خوێندکاران کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دوکتور عەلی شەریعەتی لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران بۆلای ئایدیۆلۆژی دینیدا نەخشێکی زۆرو بەرچاوی دەگێڕا.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی (١٩٧٨و ٧٩)دا لەوپەڕی وزەی خۆیدا بوو، فەزای شۆڕش فەزایەکی ئاڵۆز بوو. بزووتنەوەی خوێندکاری کە نەخشێکی گرینگو بنەڕەتیی لەم کاتەدا هەبوو، لە جەرەیانی شۆڕشدا تووشی لە ژێر ڕکێف کەوتنی هیستری گشتی ( Mass Hystaria) بووو لە ڕادەی خۆیو بزووتنەوە دابەزیو بوو بە پاشگری بیرۆکەی زاڵی شۆڕش. لەم کاتەدا بەشێکی بەرچاو لە باڵە چەپو ئیسلامییەکانی نێو بزووتنەوە لە ئاستی مۆرەیەکدا تەنەزولیان کردو دەستیان دایە کردەوەگەلی ناسیاسییانە. وەکوو داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکاو بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژو هێدی هێدی لە دەزگای حکوومەتدا توانەوەو لە ئامانجەکانیان دوورەپەرێز بوون.

حکوومەتی ئیسلامیی نوێ کە بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی خوێندکاری بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتەکانی تێپەڕاندبووو لە درێژەی جووڵانەوەی دژی پاشایەتیدا شاهیدی وزەی بەرزو توانای بزوێنەری خوێندکاران بوو، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشدا بە مەبەستی تواندنەوەی ئەم هێزەو مونفەعیلکردنی دەستی دایە پیلان دانانو لەم زەمینەیەدا پلانی شۆڕشی فەرهەنگیی هاوردە ئاراوەو بە خواستی خۆی دەستی کردە تەسفیەی خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆکان.

بێگومان ئەم پلانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زەبرێکی توندو کوشندەی لە لەشی بزووتنەوەکە داو بە دەستپێکردنی شەڕی ئێرانو عێراق ئەم پلانەی سەرکەوتووتر بووو بزووتنەوە بەرەو نووستن چوو.

نووستنی بزووتنەوە تا سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی درێژەی کێشا، ساڵانی پێش هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی سەرۆك کۆماریی ئێران، هاوکات بوو لەگەڵ بەخەبەرهاتنی خەڵك، بزووتنەوە بە خۆڕێکخستنێکی بەرچاو گەیشتبووو لە ئاکامی دەرفەتێکی بەرتەسکدا دەنگی (نارەزایەتی)ی خەڵكو بزووتنەوەی خوێندکاری لە کیسەی خاتەمی هاوێژراو جڵەوی حاکمییەتی ئیسلامی کەوتە دەستی.

لە ئاکامی دژایەتی لەگەڵ باڵی بناژۆخوازی ڕێژیمدا، خوێندکاران بوونە سەرەکیترین پشتیوانی خاتەمیی ڕیفۆرمخواز. فەزای ئەوکاتی ئێرانو تووشبوونی بزووتنەوە بە هیسترییەکی دووبارە، سەرەنجامی زاڵبوونی فیکریەتی باڵی ڕیفۆرمخوازی نێو حاکمییەتی لێ کەوتەوە. تێئۆریسەنەکانی (ئیسلاحات) دەستیان گرت بە سەر ڕێبەریی بزووتنەوەداو بیرۆکەی ڕیفۆرمی نێو حاکمییەت بوو بە کێشەی سەرەکیی خوێندکاران، هیوایەکی نابەجێو لە ڕادەبەدەر لە نێو خوێندکاراندا بە خاتەمی بەستراو خولقێنەری نێوخۆیی نووستو توانای پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵكو بزووتنەوەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە بەرهەم نەهات.

شێوەی ڕادیکاڵی جووڵانەوەی خوێندکاری خۆی دایە (موحافیزەکاری)و گرتنەبەری دروشمی "آرامش فعال"، بە چەشنێ ڕابەرایەتیی بزووتنەوە لە دەستی کەسانێکدا پۆلێن کرا کە باوەڕێکی قووڵیان بە خاتەمیو ئیدئۆلۆژیی ڕیفۆرمخوازەکان هەبووو ئەمە لە حاڵێك دایە کە خاتەمی لە کاتی کارەساتی (١٨ی تیری ٧٨)داو... هتد، بە ئاشکرا پشتیوانیی خۆی لە ڕێبەریی وەلایەتی فەقیە دەردەبڕیو بەشدارانی حەرەکەتەکەی بە ئاژاوەگێڕ ناو دەبرد.

باوەڕی قووڵی خوێندکاران بە خاتەمیو دەوڵەتی ڕیفۆرم بوو بە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوە حاڵەتێکی کلیشەیی پەیدا بکاو ئامێرەکانی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتو لێپرسینەوە لە دەست بدا، توانای پێوەندیگرتنو ڕێبەرایەتیی ئیدئۆلۆژیکی کۆمەڵگە بە فیڕۆ بچێو لە بەرامبەر حاکمییەتدا توانای مانۆڕی نەمێنێ.

تاقمێ لە بیرمەندان لەو باوەڕەدان کە پشتیوانی نەکردنی ڕیفۆرمخوازانو لە سەروویاندا شەخسی خاتەمی هۆکاری شکست خواردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە قۆناخی دواییدا بوو، بەڵام بە باوەڕی نووسەر ئەو شتەی کە بە چەشنێ هۆکارێکی سەرەکی ئەنجامی ئەم تێکشکانەی بزووتنەوەی لێ کەوتەوە، باوەڕی نابەجێو لەڕادەبەدەری خوێندکارانو ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە بە خاتەمیو ڕیفۆرم بوو. چوونکە خاتەمی پتر لە ئامێرێك نەیدەتوانی بەکار بێو ئیش بکا، ئەم وتەیە پشت بەستوە بە وتەکانی خودی خاتەمی کە خۆی لە قەبارەو چوارچێوەی نیزامدا دەدیتو هەر لە هەمان کاتدا خۆی بە بەشێك لە نیزامی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی دادەناو هیچ هەوڵێکی بە دوور لە (فەرامینی وەلیی فەقیه)! نەدەخستە گەڕ.

ئەوەی لە دواییدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: ئەگەر هۆکارگەلی سەر لێشێواویی بزووتنەوە بەرجەستە بکەینەوە، بەم جۆرە دەتوانین ناوی بەرین، باوەڕی لە ڕادەبەدەر بە خاتەمی لە سەرووی هەموان، نەبوونی ئیدئۆلۆژییەکی ڕوونو سەربەخۆ، دوورکەوتنەوە لە شێوەی جووڵانەوەی ڕادیکاڵو ئۆرگانیزەبوون لە دەوڵەتدا، نەبوونی ڕێکخستنی تەشکیلاتیو زانیاریی دەروون سیستمی، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی شەخسی لەلایەن هێندێ لە ئەندامانەوەو مەیل بە دەسەڵاتو گشتگیرنەبوونی ئیستراتیژیی بزووتنەوە.

شایانی باسە، بزووتنەوەی خوێندکاری هێزێکی خوڵقێنەرەو سەرەڕای تووشی کەندوکۆسپ بوون، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی ئەم بزووتنەوەیە شتێکی چاوەڕوان کراوە، سەرهەڵدانەوەیەکی دووبارە، بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونە تاڵو شیرینەکانو سەرکەوتنو دابەزینەکان، لە قەبارەیەکی بەرینترو ڕادیکاڵتردا، لەم بارەیەوە، سەرهەڵدانی ڕێکخراوە خوێندکارییە نوێیەکانو هاتنەمەیدانی هێزەکانی نەتەوەگەلی ئێرانو زاڵبوونی سیستمی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی نەتەوەکانو داخوازیی دامەزرانی نیزامێکی فیدراڵیو دێموکرات، بزوێنەرو پاڵنەری ئەم سەرلەنوێ سەرهەڵدانەیە.

(*) سەر لێشێواوی ـ بارودۆخێکی تایبەت، کە لە ئاکامی جیابوونەوەو پچڕانی باسەکانی گشتگیریی نێوان کۆمەڵێك دێتە ئاراوە.

(١) آقابخشی ـ علی، فرهنگ علوم سیاسی، ص ٦٨٣.

❊ ❊ ❊

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شارو ناوچەکانی کوردستان

### کامیاران

شەوی ١١ لەسەر ١٢ی سەرماوەزی ١٣٨٤، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری کامیاران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا تراکتو دروشمی حیزبی‌یان لە تەواوی گەڕەکەکانی ئەو شارەدا بڵاوکردەوە.

بەشێك لە دروشمەکان بریتین لە:

- بروخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی
- بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی خەباتی هاوبەشی گەلانی ئێران پێویستە
- پێشمەرگەی دێموکرات ڕەمزی خۆڕاگریو خەبات دژی کۆنەپەرستی‌یە
- لاوانی کۆڵنەدەری کوردستان درێژەدەری ڕێگای دوکتور قاسملووی شەهیدن

* شەقامی ١٢ میتری، شەقامی کەمەربەندی، شەقامی بەهەشتی، شەقامی پیرمحەمەدو دەورووبەری مزگەوتی محەمەد ڕەسولوڵڵا بە چالاکیی تەبلیغاتی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب رازایەوە.

### پیرانشار

شەوی ١٣٨٤/٩/١١، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بۆ پێشوازی لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز "رۆژی پێشمەرگەی کوردستان" لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا سی‌دی فیلمە حیزبی‌یەکانو وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان بڵاوکردەوەو دیوارەکانیان بە نووسینی دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی رازاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتی‌یان تیاکراوە بریتین لە:

کۆڵانەکانی جەوان، حسێن گەوهەری، فایق بیدوەر، پۆمپی بەنزین، فەلەکەی بەهمەن، پایەگای بەسیج، سەید حسێنی نانەوخانەو فەرهەنگیان، ئیدارەکانی سەبتی ئەحواڵ، ئابیاریو ئامووزشو پەروەرش، شەقامەکانی شاخەوان، قوتابخانەی "شەبانە روزی"و پیران، فەلەکەی کەشاوەرزو فەلەکەی سەردەشتو چەندین شوێنی دیکە.

### بۆکان

رۆژی ١٣٨٤/٨/٢٩، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا تراکتو دروشمی حیزبی‌و راگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

باسکۆڵی پاڵەوانی (ڕێگای سەقز ـ بۆکان)، گاراژی چاوبازو مەساڵح فرۆشی حەسەنی، مزگەوتی نوور لە فەرهەنگیانی تازە، سوپرمارکێتی بەهمەنو پاسگای کولتەپە.

### مەریوان

شەوی پێنجشەممە ٣ی سەرماوەزی ١٣٨٤، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە ئاوایی "سەردۆش"ی مەریوان دا بە بۆنەی نزیك بوونەوەی جەژنی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی بەربڵاویان لە جۆری بڵاوکردنەوەی سی‌دی‌فیلمە حیزبی‌یەکان، تراکتو بڵاڤۆکی حیزبی بەڕێوە برد.

### ورمێ

رۆژی ١٣٨٤/٩/٥، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب وێنەی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیو تراکتی حیزبی‌و دروشمی دژی ڕێژیمیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

ورمێ: فەلەکەی قیون، کوشتارگا، ئیسلام ئاوا، فەلەکەی ئابیاری، دزێ سیاوش، نەوروز ئاباد، شەهرەکی تەرزیلووو فەلەکەی مادەر.

مەرگەوەر: گوندەکانی دزێ مەرگەوەر، زێوە، رەزگەو راژان

تەرگەوەر: گوندەکانی ئەنبی‌و تولی

### سەردەشت

شەوی ١٣٨٤/٩/٨، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی‌یان لە جۆری بڵاوکردنەوەی CD فیلمەکانی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤، وتوێژی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، لەم شوێنانەی خوارەوەدا، بەڕێوە برد:

گەڕەکی سابڵاغیان، گەڕەکی ئاشان، مەیدانی ٧ی تیرو گردەسوور

### شنۆ:

رۆژی ١٣٨٤/٨/٢١، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری شنۆ لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا دەقی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی تەواو بوونی پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی (بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی)و هەروەها روانگەی حیزبیان لە پێوەندی لەگەڵ "بەرە"دا، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

شاکرئاباد، سەلیم ئابادی سەرێو خوارێ، مام تەمر، دەورووبەری مزگەوتی بازاڕ، قەبری شەهیدان، رەحیم ئاوا، حەسەن ئاوا، گەڕەکی "بنیاد شەهید"، سەیداویو تاچیناوێ.

# هەواڵەکانی کوردستان

## سەردانی شاندێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی سوریە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٣٨٤/٩/٦ هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی سوریە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز حەمید دەروێش سکرتێری گشتیی‌و بە هاوڕێیەتیی بەڕێزان ئەحمەد سلێمانو سەلاح دەروێش، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و ئەحمەد قاسم، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بێهزاد جەلیل بەرپرسی رێکخستنی پارتی لە بولغارستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی‌و مامۆستا عەبدوولڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووو عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ کرا. لەو دیدارە دۆستانەیەدا باس لە وەزعییەتی کورد بە گشتی‌و کورد لە سوریەو ئێران بە تایبەتی کراو بیروڕا لەو بارەوە ئاڵوگۆڕ کرا. هەروەها هەردوو حیزب جەختیان لەسەر پتەوکردنی پێوەندی دۆستانەی نێوانیانو درێژەدان بەو دیدارو چاوپێکەوتنانە کرد.

### مەهاباد

* رۆژی دووشەممە ١٣٨٤/٨/٣٠، خەڵکی خەباتگێڕی مەهاباد بۆ رۆژی دووهەم رژانە سەر شەقامو کۆڵانەکانو بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لە کوژرانی لاوێك بەناوی "شێرکۆ ئەمینی" لە لایەن بەرپرسێکی هێزی ئینتیزامیی رێژیمەوە لە گەڕەکەکانی مەیدانی شۆڕش، باخی شایەگان، پشت تەپو بەری شیلانان خۆپیشاندانیان لە دژی ڕێژیم وەڕێ خست.

لەم خۆپیشانەدا لاوان بە بەردو قۆچەقانێ هێرشیان کردە سەر هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمو هەروەها زەرەرو زیانیان بە کەلانتەری ژمارە ١٣ گەیاندو بە دانی دروشم بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لە دژی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتیی خۆیان لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەربڕی‌و دروشمەکانی رۆژی یەکەمیان دووپات دەکردەوە.

لە تێکهەڵچوونی نێوان لاوانو هێزەکانی ڕێژیم دا کە بە گازی فرمێسك ڕێژو گوللە پەلاماری خۆپیشاندەرانیان دەدا، ژمارەیەك لەوانو لە لاوان بریندار بوون کە تا ئێستا ناوی بریندارەکان روون نەبۆتەوە.

جێی باسە کە ئەم خۆپیشاندانە کاتژمێر ٢:٣٠ دوانیوەڕۆ دەستی پێکردو تا کاتژمێر ٨ی شەو درێژەی کێشا. هەروەها ڕێژیم هێزێکی بەرچاوی لە شارەکانی دیکەوە بۆ مەهاباد بردووەو لە دەورووبەری شارو چەند شوێنی نێوشاردا جێگیری کردوون.

* رۆژی سێشەممە ١٣٨٤/٩/١، لاوانی شۆڕشگێڕی مەهاباد لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی خۆیان دا لە دژی کۆماری ئیسلامی‌و بۆ مەحکووم کردنی کوشتنی "شێرکۆ ئەمینی" لە لایەن هێزی دژی‌گەلیی ئینتیزامی‌یەوە رژانە سەر شەقامەکانو بە دانی دروشم لە دژی ڕێژیمو هێنانەخوارەوەی ئاڵای کۆماری ئیسلامی‌و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان رقو بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمو سەرجەم کردەوە نامرۆڤانەکانی دەربڕی.

خەڵك لەم خۆپیشاندانەدا خوازیاری بەسزاگەیاندنی بکوژی "شێرکۆ ئەمینی" واتە "رەحیم رەجەبی"، سوتوانی هێزی ئینتیزامی بوون، بەڵام لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بە گوللەو گازی فرمێسك ڕێژ وەڵامیان درایەوە.

شیاوی باسە کە هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم تەواوی بەرزایی‌یەکانی مەهابادیان خستۆتە ژێر چاوەدێری‌یەوە.

* شەوی ٢ی سەرماوەزی ١٣٨٤ زیاتر لە دووسەدکەس لە خەڵکی گەڕەکی شۆڕش لە مەیدانی ئەم گەڕەکە کۆبوونەوەو داوای بەسزا گەیاندنی بکوژی کەماڵی ئەمینی (شێرکۆ)یان کردو شوعاری مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی‌و مەرگ بۆ جاشو خائینان داو پاش ماوەیەك بڵاوەیان بە کۆبوونەوەکەیان کرد.

* رۆژی پێنجشەممە ١٣٨٤/٩/٣، خەڵکی ئازادیخوازی مەهاباد بۆ مەحکوومکردنی کوژرانی "شێرکۆ ئەمینی" لە لایەن هێزی ئینتیزامی‌یەوە، مانگرتنی گشتی‌یان راگەیاندو دووکانو بازاڕەکانیان داخست. هەروەها بە بۆنەی سێ‌رۆژەی شەهید بوونی "شێرکۆ ئەمینی"یەوە بنەماڵەی ئەو شەهیدە لەگەڵ هەزاران لاوی شۆڕشگێڕو ئازادیخواز چوونە سەرقەبرانو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب"و سروودی "ئەی شەهیدان"و ئاگرکردنەوەو گوتنەوەی دروشمەکانی وەك "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "دوژمن خەیاڵی خاوە چل میلیۆن شێرکۆ ماوە"، "بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نەسیبت مەرگە"، "هەتا دێموکرات بمێنێ مافی کوردان دەستێنێ"، "بژی بژی دێموکرات ئاڵاهەڵگری خەبات"و "کوردستان کوردستان گۆڕستانی دیکتاتۆر" ڕێزیان لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە گرت.

لە رەوتی دروشم دانی لاوان دا هێزە دژی‌گەلیی‌یەکانی ڕێژیم بە گازی فرمێسك ڕێژو تەقاندنی گوللە رژانە سەریانو لە نێوانیان دا تێکهەڵچوونێکی توند ساز بووو هەروەها ماشینێکی هێزەکانی دژی شۆڕش لە لایەن لاوانەوە ئاگری تێ‌بەردرا.

* لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی حەوتووی رابردووی شاری مەهابادا ٣٥کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیمەوە گیراونو هەروەها دووکەسی دیکەش کە ناوی یەکێکیان "خالید موحسین زادە"یە (دانیشتووی باخی شایەگان)، بە هۆی نەخۆشی دڵو ئەوەی کە هێزەکانی ڕێژیم گازی فرمێسك ڕێژیان خستۆتە نێو ماڵەکانیانەوە تەندروستییان زۆر نالەبارەو ئێستا لە نەخۆشخانەدا بەستەری کراون.

* شێرکۆ ئەمینی، کوڕی عەلی‌بەگو دانیشتووی مەهاباد کە بەهۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزی ئینتیزامی‌دا شەهید کرا، تەرمەکەی پاش ئەوەی کە بۆ ورمێ بەرێکرابوو... بە هۆی گوشاری بنەماڵەکەی‌و وەرگرتنی وادەو بەڵێنیی لە بنەماڵەکەی کە نابێ هیچ چەشنە ناڕەزایەتی‌یەك لە دژی هێزەکانی ڕێژیم نیشان بدەن، کاتژمێر ٤ی سەرلەبەیانیی رۆژی ١٣٨٤/٩/١ لە لایەن ١٠ تا ١٥ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی‌و لە گەمارۆی زیاتر لە ٢٠٠ کەس گاردو هێزی تایبەتیی ڕێژیم دا لە مەهاباد بەخاك سپێردرا.

### پیرانشار:

چەند رۆژ لەمەوپێش ئەندامانو لایەنگرانی حیزب دیوارەکانی ئەم شوێنانەی خوارەوەیان بە نووسینی دروشمی حیزبی رازاندەوە:

کۆنەخانێ، شەقامی فەرهەنگیان، شەقامی ئازادەگان، شەهرەك، زەرگەتەن

### کرماشان

رۆژی ١٣٨٤/٨/٢٥، تەرمی "شێخ حەسەن ڕەستگار"، مامۆستای مزگەوتی محەممەد رەسوڵڵا لە شەهرەکی دەوڵەت ئابادی کرماشانو تەرمی کوڕەکەی بەناوی "محەممەد هاشم" کە لەنێو ئەو مزگەوتەدا خرابوونە چاڵ، دۆزرایەوە.

شایانی باسە کە بۆ ماوەی چەند مانگ شێخ حەسەنو کوڕەکەی بێ سەروشوێن بوون، هەر بۆیە دۆزینەوەی تەرمەکەیان کە لەتو پەت کرابوونو ئەسیدیان بەسەرداڕێژرابوو، لە حەوشەی مزگەوتی ناوبراودا بووە هۆی سەرسووڕمانی خەڵك. جێی باسە کە ڕێژیم بۆ ئەوەی کە جارێکی دیکە خۆپیشاندانی خەڵك (وەك ئەو خۆپیشاندانانەی کە پاش شەهید کردنی مامۆستا محەممەدی رەبیعی روویان دا)، دووپات نەبێتەوەو خۆی لەم رووداوە دوورەپەرێز رابگرێت، کوژرانی ناوبراوی داوەتە پاڵ بنەماڵەکەی.

### سنە

#### بەڕێوەچوونی کۆڕێك لەسەر نەخۆشی ئیدز

رۆژی پێنجشەممە ١٣٨٤/٩/١٠، کۆڕێك سەبارەت بە نەخۆشی ئیدز لە لایەن ناوەندی لەشساغیی سنەوە لە سینەما بەهمەنی ئەو شارەدا بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕەدا شێوەکانی بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی ئیدز لە لایەن چەند کەس لە پزیشکەکانی شارەزای ئەو بوارەوە خرایە بەرباسو چەند شانۆش بۆ بەشداران نمایش کرا. جێی باسە کە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی باش لەم کۆڕە کرا.

### نەغەدە

#### دەستدرێژی چەند چەکداری نەناسراو لە ماڵی هاووڵاتی‌یەك

چەندرۆژ لەمەوبەر ژمارەیەك چەکداری نەناسراو لە گوندی "وێنە سلێمان"ی نەغەدە دەچنەسەر ماڵی کەسێك بەناوی "خالید مستەفاپوور"و دەستدرێژی‌یەك بەنێو ماڵی ناوبراودا دەکەنو زەرەرو زیانێکی زۆر بەناوبراو دەگەیەنن، بەڵام ئەم کردەوە زەرەری گیانی بەدواوە نەبووە.

شیاوی باسە کە ئەم چەکدارانە بە پشتیوانیی لە چەند بەکرێگیراوێکی ڕێژیم ئەم کارانە دەکەنو ماوەیەکە بەشێوەی جۆراوجۆر خەریکی ئازارو ئەزییەتی خەڵکی ئەو گوندەن.

### ورمێ

ماوەیەك لەمەوبەر شووڕای ئیسلامیی بەخشی سیلوانا لە نامەیەك دا کە بۆ ئوستانداری نوێی ئازەربایجانی رۆژئاوا، رەحیم قوربانیانی نووسیوە داوای لێ کردوە کەسێکی بەسیجی‌و ئینقلابی‌و غەیرەبوومی بکات بە بەخشداری سیلوانا.

دەقی ئەو نامەیە کە ئەو داوایەی تێداکراوە کەوتۆتە دەستی خەڵکی سیلواناو دەورووبەرو بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی توندی ئەوانو لە خوتبەی نوێژی هەینی چەند گوندی ناوچەکەش دا هەڵوێست بە دژی ئەم داوایەی شووڕای بەخشی سیلوانا گیراوە.

* رۆژی ١٣٨٤/٩/٦، بە هۆی تەقینەوەی کەپسوولی جۆشکارییەوە لە ماڵی هاووڵاتەیەك دا بەنێوی کەماڵ ئەحمەدی، لە گەڕەکی ئیسلامئاوای ورمێ، ناوبراوو پێنج کەسی دیکە لە دانیشتوانی ئەو ماڵە گیانیان لەدەست داو هەروەها چەندین خانووی دەورووبەریش زیانیان پێ گەیشتو چەندین ماشینیش ئاگریان تێ بەربوو. جێی باسە کە هۆی تەقینەوەی کەپسوولەکە روون نەبۆتەوە.

### خۆی

رۆژی ١٣٨٤/٩/٣، هێزەکانی ڕێژیم لەسەر ڕێگای نێوان "قوتوور"و شاری "خۆی" تەقە لە ماشینێکی شەخسی دەکەنو لە ئاکام دا کەسێك بەناوی "جەماڵ"، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی "راویان"ی سەڵماس گوللە لەچاوی دەکەوێت. ناوبراو بەهۆی قورسی برینەکەیەوە بەڕێی تاران کراوەو ئێستا لە نەخۆشخانەی تاران دا بەستەرییە.

### سەڵماس

رۆژی ١٣٨٤/٩/٥، ئەفسەرێکی ڕێژیم بەناوی "سەجاد فەیزیان" جێگر لە مولگەی گوندی "ئاخ بەرز"ی سەڵماس لاوێکی ٢٢ ساڵەی ئەو گوندەی بەناوی "سۆهراب جەعفەری"، کوڕی محەممەد، کە لە کاروانچییەتی دەگەڕایەوە دایە بەر دەستڕێژو ناوبراو لەجێ‌دا گیانی لەدەست دا.

### ئیلامو کرماشان

ماوەیەکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی ئیلامو کرماشانەوە خەریکی رەوانەکردنی ژمارەیەك لە بەکرێگیراوانی خۆی بە مەبەستی ئاژاوە خولقێنی بۆ شارەکانی "کەربەلاو نەجەف"ی عێراقەو بەم شێوەیە دەیەوێ لەم کەسانە بۆ پشتیوانی لە هێندێك لە کەسانی نێو دەوڵەتی کاتیی عێراقو هەروەها لە کاتی پێویست دا لە دژی هێزەکانی ئامریکاو بریتانیا کەڵك وەرگرێ.

### شنۆ:

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٨٤/٩/١٢ لە ئەنجامی وێکدانی دوو ماشینی سەواری کە لەسەر ڕێگای نێوان شنۆو پیرانشار رووی دا، ٦ کەس گیانیان لەدەست دا.

شایانی باسە کە یەکێك لەو کەسانە لاوێکی کوردپەروەرو وەرزشوان بەناوی سەلاح کەریمی بوو. ناوبراو خەڵکی شاری شنۆو لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

سەلاح کەریمی یەکێك لە ئەندامانی چالاکی تیمی هەڵبژێردراوی فووتباڵ لە شاری شنۆ بووو خۆشەویستی‌یەکی تایبەتی لەناو خەڵکی شارو ناوچەدا هەبوو.

### هەورامان

#### کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرین

رۆژی ١٣٨٤/٨/٢٦، کاك "محەممەد رەحیم دەرەهجیجی"، پێشمەرگەی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەڵکی ناوچەی هەورامان بە هۆی رووداوێکەوە لە کاتی کارکردن دا گیانی لەدەست دا. کاك محەممەد رەحیم بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب دا بەوپەڕی فیداکاری‌یەوە تێکۆشاو هەروەها خاوەنی پلەی سەرپەلی بووو لە خەباتی چەکداری حیزب لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا بەشدار بووە.

ناوبراو پاش کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر مۆڵەتی حیزبو بەهۆی گیروگرفتی بنەماڵەیی‌یەوە گەڕایەوەنێو بنەماڵەکەی.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەو کەس‌وکاری پێشمەرگەی تێکۆشەر کاك محەممەد رەحیم رادەگەیەنینو ئاواتەخوازین رۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

درێژەی لاپەڕەی ١

## کوردستان گەورەترین قوربانیی حکوومەتی ئاشکرای زۆر

ناڕەزایەتیی خوێندکاریی لە بەرامبەر سەرکوت لە کوردستان دا

هەروەها خوێندکاران بە دەرکردنی راگەیەندراوێكو بەرزنرخاندنی خۆڕاگریی مەدەنی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر هەڵسووکەوتە نکۆڵی‌کارانەکان کە لە هۆکارە بنەڕەتی‌یەیکانی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دایە، خوازیاری داوای لێبوردنی فەرمیی لە خەڵکی کوردستان، راگرتنی ئێعدامە سیاسی‌یەکان، ئازادکردنی خێرای بەندکراوە سیاسی‌یەکان، رۆژنامەنووسانو چالاکی‌گێڕانی مافە مەدەنی‌و کرێکارییەکانی کوردستان بوون.

"چارەسەرکردنی دێموکراتیکی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ویستی ئازادانەی نەتەوەکان" یەکێکی دیکە لە داخوازییەکانی‌خوێندکاران لەم راگەیەندراوە دایە.

خوێندکاران هەروەها داوایان لە خوێندکارانی زانکۆکانی دیکە کرد کە لە بەرامبەر جینایەت لە کوردستان دا بێ دەنگ نەبنو بە بردنەپێشی ناڕەزایەتی‌یە خوێندکارییەکان بۆ مەحکووم کردنی لەژێر پێنانی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دا ئەرکی مرۆڤانی‌و رووناکبیرانەی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

ناڕەزایەتیی خوێندکاران کە پێشوازییەکی بێ‌وێنەی لێ کرا، بە ڕێپێوان لە شەقامەکانی پەردیس، ناوەندی زانکۆ تا کاتژمێر ٥:٣٠ی دوانیوەڕۆ درێژەی کێشاو بێ تێکهەڵچوونو توندوتیژی‌یەك لە بەرانبەر دانشکەدەی ئەدەبیات دا کۆتایی پێ هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "اخبار روز"
http://www.iran-chabar.de

* * *

# دوێنێ شوانە سەید قادرو ئەمڕۆ شێرکۆ ئەمینی، ئێرە کوێیە؟

عەلی بداغی

ئێرە کوردستانی ئێرانە، بەشێك لە نیشتمانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا کە خەڵکەکەی بە تاوانی نەیاریی ڕێژیم‌و سوور بوون لەسەر مافە ڕەواکانیان مافی ژیانیان نیە، بە تاوانی خەباتگێرو بە هەڵوێست بوون ئازادی‌یەکانیان لێ زەوت کراوە، بە تاوانی بیری ئازادیخوازییان دەدرێنە بەر ڕەهێڵەی سەرکوت‌و بێ لێ پرسینەوە دەسرێژیان لێ دەکرێ‌و لەولاش بکوژانی رۆڵەکانی کورد خەڵات دەکرێن‌و دەسخۆشانە یان پێ دەگوترێ‌و ڕێزیان لێ دەگیرێ.

ئێرە کوردستانی ئێرانە، بەشێك لە نیشتمانی کوردستان کە برینێکی قەتماغە نابەستێ زامێکی دی لە جەستەی دەبێتەوە. ئازاترین رۆڵەکانی‌و بوێرترین جگەرگۆشە مافخوازەکانی بە ناوی ئاژاوەگێرو تێکدەرو ئەو جۆرە تومەتانەوە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە تی‌قەیان لێ‌دەکرێ، کەوکوژی دەدرێنە بەرگوللەو زیندانەکانی ڕێژیمیان لێ قەڵاپەچن دەکرێ.

ئێرە کوردستانی ئێرانە، لێرە کەس بۆی نیە دەنگی نارەزایەتی دەبرێ، ئەگینا گرتن‌و ئەشکەنجە چاوەڕوانیەتی. کەس بۆی نیە باس لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خۆی بکا، ئەگینا سووچی زیندانەکان جێگایەتی. ئێرە میلیتاریزەو پادگانێکی نیزامی‌یەو هێزەکانی ڕێژیم نەك بۆ پاراستنی کەرامەت‌و گیان‌و ماڵی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو ڕاست دژی ئەمانەو بەمەبەستی دەستدرێژیی




کردە سەر کەرامەت‌و قەڵتوبڕی کوردکان‌و پێشێلکردنی هەموو جۆرە، ئازادی‌یەکانیان فێرو تەیار کراون.

ئێرە کوردستانی ئێرانە، لێرە یاساکان نە تەعبیر لە ئێرادەی خەڵکی کوردستان دەکەن‌و نە بەمەمبستی پاراستنی ئەوان کاریان پێ‌دەکرێ، لێرە زمانەکان دەبڕن گەر بیانەوێ ڕاست بێژن‌و لە دزێوی روخساری ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی بدوێن، لێرە سێدارەکان هەمیشە لەسەر پێن‌و ماشێن کوشتار ڕێژیم لێرە قەت لە کار ناکەوێ. دەگرن، دەکوژن، دەبڕن، مل لێدەدن‌و جینایەکانیان بە بەسەر دابڕینی ناو گەلی وەك ئاژاوەچی، شارلاتان‌و گێرە شێوێن بەسەر رۆڵە ئازاکانی گەلی کورد پاساو دەدەنەوەو بکوژانیش بێ‌شەرمانە لەبەر چاوی خەڵکی دل بریندارى کورد دێن‌و دەچن‌و دەخولێنەوە.

گەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی خۆی‌دا قەت وازی لە سەرکوت‌ودژایەتیی گەلی کوردو پێشێل کردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی نەهێناوە، بەڵام شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لە دوای نۆهەمین خۆلی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران لە چەند لاوە جێی سەرنج‌و وردبوونەوەیە.

یەکەم ئەوەی ڕێژیم سوورە لەسەر درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوت‌و داپڵۆسینی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە هەر هەلومەرجێکی نێوخۆی‌و دەرەکی‌دا، سیاسەتێك کە لەگەڵ دەرچوونی فتوای جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە لایەن خومەینی‌یەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا بوو بە گوتاری سیاسی ڕێژیم لە هەمبەر خەباتی نەتەوەیی گەلی کورددا‌و بە داسەپاندنی شەڕێکی نەخوازراو لە سەرتاسەری کوردستان بەسەر گەلی کورددا بواری بەپراکتیك کردنی ئەم سیاسەتە خۆش کرا. ئەم گوتارە سیاسی‌یەی ڕێژیم لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕێفورمخوازیی دەوڵەتیش لە هەمبەر گەلی کورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات‌و لە ماوەی ٨ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی‌و دەوڵەتی ڕێفورمیستی لە ئێراندا لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد، سەرکوتی خەباتی مەدەنی‌و سیاسی گەلی کوردو پێشێلکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان هەروا بەردەوام‌و شیلگیرانەتر بەرێوە چوو.

بە دوای شکستی پرۆژەی ڕێفورمخوازی لە ئێرانداو هێنانە سەرکاری ئەحمەدی نژادیش دا لەگەڵ بەردەوامبوونی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستان سیاسەتی سەرکوتی ویشك‌و بێ‌بەزەیی‌یانەی ڕێژیم پتر خۆی دەرخست. سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لە هاوینی ڕابردووو ئاخێزی ئەمجارەی خەڵکی شاری مەهاباد بە دوای کوژرانی ناجوامێرانەی شێرکۆ ئەمینی‌و داخستنی رۆژنانەکانی کورد زمان‌و زیندانی‌کردن‌و سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر چالاکە سیاسی‌یەکانی کورددا، نموونەی بەرچاوی بەردەوامبوونی ڕێژیم لەسەر گوتارە سیاسی‌یە نەگۆڕەکەیەتی.

دواتر ئەوەی کە ڕێژیم‌و دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد بەجێی لەبەر چاوگرتنی واقعبینانەی کێشەی نەتەوەیی کورد [کە بەردەوام پتر خۆدەردەخاو حەققانییەتی خۆی لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا دەسەڵمێنێ] و دۆزینەوەی ڕێگە




چارەیەکی گونجاوو دێموکراتیك دەیهەوێ بە سیاسەتی تۆقاندن‌و سەرکوتی بێ‌بەزەیانەو هەمەلایەنە پێش بەرەوتی خەباتی نەتەوەیی کورد بگرێ‌و ئەم بزووتنەوەیە دامرکێنێ.

بەڵام خەباتی نەتەوەی کورد پشت بەستوو بەپاشخانێکی دەوڵەمەندە. شعووری نەتەوەیی لە نێو تاکەکانی گەلی کورددا بەردەوام روو لە هەڵکشان‌و بەرزبوونەوەیە، ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ وشیارتر دەبن‌و یەکریزی‌و یەکگرتوویی‌یان پتەوتر دەکەن. تۆقاندن‌و سەرکوت شیلگیرتریان دەکاو پتر هانیان دەدا بۆ بەردەوام بوونیان لە خەباتدا. هەر بۆیەش دیتمان کە دوای ڕاپەرینەکەی هاوینی ئەمسال‌و پاش نواندنی ئەم هەموو زەبروزەنگە لەگەڵ شەهید کرانی شێرکۆ ئەمینی، لاوی مەهابادی لە ڕۆژی یەکەمی ئەم مانگەدا خەڵکی شاری مەهاباد هاتنە سەر شەقامەکان، مانگرتنیان وەڕێ خست‌و شەپۆلی نارەزایەتی‌و مەحکوومکردنی ئەم جینایەتە تازەیەی ڕێژیم هەموو کوردستانی گرتەوە. ئەگەر بە دوای شەهیدکرانی شوانەی سەید قادر دا بە دەیان هەزار لاوی کورد دەنگیان هەڵبڕی‌و تێکڕا ئاوازی هەرمانی شوانەو شوانە بوونی خۆیان چڕی،ئێستاش هەموو بەیك دەنگ هاوار دەکەن کە ئێمە هەر هەمووومان شێرکۆ دەمێنین‌و لە دژی ڕێژیم ڕابووین‌و ڕادەپەڕین.

کوورەی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگڕترو بەگوڕتر لە هەموو جارێك نێڵ دراوە، کوردان حازرو ئامادە لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانن، لەسەر داواکانیان سوورن‌و لەقوربانیدان سڵ ناکەن، سەرکوت‌و زبروزەنگ هەنگاوەکانیان پێ‌شل ناکەن‌و ڕێگەدەبڕن. یەکریزو یەك دەنگ لە خەباتێکی جەماوەری‌و مەدەنی‌دا دەنگی ئازادیخوازی‌یان هەڵبڕیوەو ئەوانە هەموو هێمای سەرکەوتن‌و ڕوونیی ئاسۆی خەباتن، بە تایبەتی کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژبە ڕۆژ پتر متمانەی خۆی لە جیهاندا لە دەست دەداو جێ پێی پێ لێژ دەکرێ‌و تەریك دەکەێتەوەو جینایەتەکانی ڕێژیمیش لە کوردستان دواپەلەقاژەیەکن بۆ ترساندن‌و تۆقاندنی گەلی کورد، بەڵام گەلی کورد سوورە لەسەر مافەکانی‌و دڵنیایە لەسەرکەوتنی خۆی‌و هەرسهێنان بە تەمەنی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

# وتووێژی نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی, تاکتیك یان ئیستراتژی؟

عەباس ئەحمەدی

چەند رۆژ لەوە پێش "زالمای خلیل زاد" بالوێزی ئەمریکا لە عێراق رایگەیاند کە لە لایەن جۆرج بووش, سەرۆك کۆماری ئەمریکاوە پێی‌راگەیەندراوە کە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە عێراق پێوەندی بگرێ‌و وتووێژ بکات. خەلیل زاد بە حەوتوونامەی "نیوزویك"ی راگەیاند کە: "بە من ئیزن دراوە لەگەڵ ئێرانی‌یەکان پێوەندی بگرم. هێندێ چاوپێکەوتن دەبێ کە بۆ گۆڕان‌و "تعدیل"ە."

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە داخۆ ئەم وتووێژانە تاکتیکە یان ئیستراتژی؟ ئایا ئامریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەتوانێ هەڵبکاو رۆڵی لە ناوچەکەدا وەکوو جەمسەرێکی ئیسلامی قەبووڵ بکات؟ داخۆ ئەمریکا دەتوانێ رازی بە مانەوەی رژێمێك بێ کە بۆ خۆی بە گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی دەزانێ؟ ئایا ئەمریکا واز لە دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەکە دێنێ؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکە لەو پێوەندی‌یەدا, پێویستە چاوێك بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەوەردا بخشێنین‌و بزانین چەندە پێکەوە دێنەوەو لە یەك راستادان.

## کۆماری ئیسلامی:

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە هەوڵی پێك هینانی جەمسەرێکی ئیسلامی‌دا بووە لە ناوچەکەو لەو پێوەندی‌یەشدا دروشمی "نە شرقی و نە غربی, جمهوری ئیسلامی" و "ناردنە دەرەوەی شۆڕش"ی هەڵگرت‌و لە راستای گەیشتن بەو ئامانجگەلەدا یارمەتیی زۆری بە گرووپە توندرەوە ئیسلامی‌یەکان کردو بە توندترین شیوە هەوڵی زەربە لێدان لە ئیسرائیلی‌دا, لە ئاستی نێوخۆیش‌دا بە توندترین شێوە دەنگی نارازی‌یەکانی کپ کرد. ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لە دەورانی شەڕی سارددا بە هۆی دوو جەمسەری بوونی جیهانەوە لە لایەن ئەمریکاوە بە شێوەیەك کە دلخوازی ئەمریکا بێت لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌یەوە وڵام نەدرایەوەو ئەمریکا تەنیا هەوڵی‌دا هاوسەنگیی هێزەکان لە نێوان ئێران‌و عێراقدا بپارێزێ, هەر بۆیە کاتێك لە شەڕی ئێران‌و عێراقدا کۆماری ئیسلامی هێندێ پێشڕەویی کرد ئەمریکا یارمەتیی عێراقی کرد.

دوای رووخانی دیواری برلین‌و نەمانی دنیای دوو جەمسەری کۆماری ئیسلامی کە رێژیمیکی ئیدئۆلۆژیك بوو, درێژەی بەو سیاسەتە چەوتانەی خۆی‌داو هەوڵی‌دا کە توندڕەوی ئیسلامی بۆ وڵاتانی ئاسییای ناوەڕاست‌و قەفقاز پەرە پێ‌بدا. تەنانەت دەستی لە تیرۆری ئۆپۆزیسیۆن لە نێو خاکی وڵاتانی رۆژئاوادا هەڵ نەگرت‌و چەندین تیرۆری کرد, کە بە پێچەوانەی ویستی کۆماری ئیسلامی بریاری دادگای میکۆنۆسی بە دواوە بوو کە بۆ ئەو رێژیمە گران تەواو بوو و کۆماری ئیسلامی ئیزۆلە بوو.



هەرچەند کە هاتنە سەرکاری خاتەمی تا رادەیەك ئەو هەلومەرجەی هێور کردەوە بەڵام رووداوی ١١ی سپتامبرو پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆریزم لە لایەك‌و شکستی چاکسازی خوازان لە لایەکی دیکەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە تەوەرەی شەرارەتدا جێگە بگرێ.

لە ١١ی سپتامبر بەم لاوە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامی هەولی بەرچاوی داوە کە لە ئەفغانستان‌و لەوەش زیاتر عیراقدا ئەمریکا تووشی گیروگرفت بکات, لەو پێوەندی‌یەشدا بەردەوام پشتیوانیی لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکانی ئەو وڵاتانە کردوە, لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵەکانی بۆ بەدەست هێنانی چەکی ناوکی ئاشکرا بووەو بە هەر شێوەیەك هەوڵ دەدا کە دەستی بە چەکی ناوکی بگات بۆ ئەوەی گرفتی ئەمنییەتی خۆی چارەسەر بکات‌و مانەوەی رێژیمەکەی گەرەنتی بکات. بۆیە لە ئاستی جیهانی‌دا تووشی ئیزۆلە بوون هاتوەو پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ یەکیەتیی ئۆرووپا کە لە ماوەی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم‌دا بە گەورەترین پشتیوانی ئەو رێژیمە لە بەرانبەر گۆشارەکانی ئەمریکادا بە رادەیەك دابەزی کە ماوەیەك لەوە پێش سێ وڵاتی گەورەی ئۆرووپا واتە ئینگلیزو فەرانسەو ئەڵمان خوازیاری ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ شورای ئەمنییەت بوون. ئیستاش لە ئاخرین هەڵویستی شورای حوکامدا ئەمریکاو ئۆرووپا هەولی دیپلۆماسیی رووسیە تاقی دەکەنەوە کە ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت بێ‌گومان فایلی ئێران دەڕواتە ئەنجومەنی ئاسایش کە ئەوە هەر لە خۆی‌دا ئەوە دەگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهان.

## ئەمریکا:

لە دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و شەڕی یەکەمی کەنداو ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە ژێر ناوی "هاوسەنگیی هێزەکان" کە بەستراوەوە بەوەی کە پشتیوانی لە لایەنێك بکات ـ هەرچەند دژ بە ئامانجەکانی خۆی بێت ـ دژی لایەنێکی دیکەو لەو نێوەدا جۆرێ هاوسەنگی بپارێزێ, گۆڕی بۆ سیاسەتی "راگرتنی دوو لایەنە" (مهار دوجانبە) کە لە لایەن "مارتیك ئیندیك"ەوە درێژرا بوو, بۆ کۆنترۆڵی دوو وڵاتی عێراق‌و ئێران کە بە دوو مەترسیی سەرەکی بۆ سەر بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا دەژمێردران. هەر لەو پێوەندی‌یەشدا ئەمریکا دوای شەری یەکەمی کەنداو لە چوارچێوەی تەحریمەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا عێراقی بە تەواوی بەستەوەو کۆنترۆڵی کرد. سەبارەت بە ئێرانیش لەو ماوەیەدا چەندین گەمارۆ خرایە سەری, وەکوو ILSAو داناتۆ ـ کندی.

دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی بە هۆی دروشمەکانی ناوبراو, ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی کە پشتیوانی لە ئاسایی بوونەوەی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی‌و دنیای رۆژئاوا (بە تایبەت ئۆرووپا) دەکرد لەگەڵ فرۆشتنی کەرەستەی نیزامی بە ئێران دژایەتیی دەکرد.

دوای رووداوی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١, کە راستەوخۆ ئەمنییەتی میللیی ئەمریکای خستە مەترسی‌یەوەو زەبری لێدا, ئەمریکا سیاسەتی ناسراو بە "گورزی خۆپارێزی" گرتە پێش بەو مانایە کە پێش ئەوەی کە هێزی نەیار زەربە لە وڵاتەیەکگرتووەکان بدا دەبێ ئەمریکا بەرەورووی بیتەوەو لە نێوی بەرێ. لەو پیوەندی‌یەشدا کۆماری ئیسلامی وەکوو وڵاتێکی تەوەرەی شەڕ لە لایەن سەرك کۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ناودێر کرا.

لەم دەورانە بەولاوە ئەمریکا لە ئاستی جیهانی‌دا تووشی دوو گیروگرفت بوو کە هەر دووکی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا یەکلایەنە دەبێتەوە:

گیرگرفتی یەکەم کە هەموو کاتێك وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵی بەرەوەروو بووە, پاراستنی ئەبەرقۆدرەتی‌یە. بۆ ئەو مەبەستە ئەمریکا پێویست بوو کە دەست بە سەر سەرچاوەکانی ئینرژی‌و لەو پێوەندی‌یەدا نەوت بگرێ, چونکە لە دنیای ئەمرۆدا نەوت رۆڵی خوێنی ئابووریی جیهانی هەیەو بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە زیاتر لە ٢ لە ٣ی نەوتی جیهانی تیدا کۆبوەتەوە, رۆڵی شادەماری ئابووریی جیهانی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە ئەمریکا بەردەوام لە شەری دووهەمی جیهانی بەو لاوە هەوڵی داوە کە بە سەر ئەو ناوچەیەدا زاڵ بێ.

گیروگرفتی دووهەمی ئەمریکا کە دوای ١١ی سیپتامبر بە توندترین شێوە خۆی پیشاندا, لە تیرۆریزمی ئیسلامی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەویش کانگای رۆژهەلاتی نێوەڕاستە. بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو گرفتە ئەمریکا سیاسەتی دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەکەی گرتە پێش, چونکە رێبەرانی ئەمریکا پەی‌یان بەو راستی‌یە بردوە کە تیرۆریزم لە هەژاری, نەبوونی دێمۆکراسی بۆ سەرهەڵدانی بیری نوێ‌و راهێنان (ئامووزش) سەرچاوە دەگرێ. بۆ ریشەکێش کردنی ئەو گیرگرفتانەش ئەمریکاو ٨ وڵاتی پێشەسازیی جیهان پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقایان پەسند کرد کە بەرنامەیەکی بۆ ریشە کیش کردنی ئەو سێ مەسەلەیە لە خۆ گرتوە.

هەروەها ئەمریکا بۆ لە نێو بردنی رێژیمە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورە, لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەولێکی زۆری داوە, لە شەڕی نیزامی دژی تالیبان‌و بەعسەوە بگرە تاکوو یارمەتی بە هیزە دیمۆکراسی خوازەکانی گرجستان, قرقیزستان‌و دژایەتی کردن لەگەڵ کوشتنی خەڵك لە خۆپیشاندانەکانی ئۆزبەکستاندا کە تەنانەت بووە بە هۆی ئەوەی کە بەشیك لەو وڵاتانە لە ئەمریکا دووربکەونەوەو لە رووسیەوە نزیك ببنەوە کە بە رەقیبی ئەمریکا لە ناوچەکە, بە تایبەت لە ئاسیای ناوەندی‌و قەفقازدا دەژمیردرێ.

ئیستا چۆنە کە ئەمریکا دەیهەوێ لە گەل رێژیمێك وتووێژ بکات کە بەوەی دەناسێ کە گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمە, دژی پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل‌و فەلەستینە, بۆ چەکی ناوکی هەوڵ دەداو مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا پیشێل دەکات.!

هۆکاری ئەو مەسەلەیە دەگەڕیتەوە بۆ ئەو گیروگرفتە کە ئەمریکا لە عێراق لەگەڵی بەرەوروو بووە. ئەمریکا لە کاتی دەست پێکردنی شەڕی عێراقدا دەیویست عێراق وەکوو نموونەی وڵاتێکی دێمۆکراتیك بە ناوچەکە پیشان بدات. بەڵام دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی‌و چەند وڵاتی دیکەو پشتیوانیی کردنیان لە تیرۆریستانی ناوچەکە بووە بە هۆی ئەوەی کە شەڕو ئاژاوە لەو وڵاتە دانەمرکێتەوە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ کە ئەمریکا تا کاتی هێورکردنەوەی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا وتووێژ بکات‌و ئەمە وەکوو تاکتیکی بەکار بێنێ, ئەگەرنا ئەمریکا تەنانەت بۆ دێمۆکراتیزە کردن، تەوژمی خستۆتە سەر وڵاتە دۆست‌و هاوپەیمانەکانی خۆی وەکوو میسرو عەرەبستان‌و ئۆزبەکستان, ئیستا چۆن دەتوانێ واز لە دێمۆکراتیزە کردنی رێژیمێك بەو تایبەتمەندی‌یانەوە بێنێ. هەر بە لە بەرچاو گرتنی ئەو بابەتگەلەیە کە بەرپرسانی ئەمریکای ئەیژن, وتووێژەکان تەنیا سەبارەت بە عێراقەو لە هەمان کاتدا کە باس لە وتووێژ دەکرێ, "معاون"ی وەزراەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای گوشاری زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەکات.




***

# ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا

## وتووێژ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەمێژینەی حیزب بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز "رۆژی پێشمەرگەی کوردستان"

**دیمانە: ناسر ساڵحیئەسڵ**

لە ساڵیادی ٢٦ی سەرماوەز "رۆژی پێشمەرگەی کوردستان"دا، رۆژی ئەو خەباتگێڕو شۆڕشگێڕانەی کە بە هێمای خۆ بەخت کردن لە پێناوی ئازادی، دێموکراسیو مافی چارەنووسی گەلی کورد ناسراون. ئەو ئینسانە شۆڕشگێڕانە، شۆڕشگێڕ بە مانای راستەقینەی کەلیمە، واتە کەسێك کە دەیهەوێ ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە پێناوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ لە هەموو بوارێکدا پێك بێنێ.

پێشمەرگە لە کۆمەڵی کوردەواریدا مامۆستاو موعەللیمێکی بەخشەندەیە. لە رۆژی جێژنی ٢٦ی سەرماوەزدا سەری رێزو نەوازش بۆ لە خۆبردوویی رۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد دادەنەوێنین.

لەم پێوەندییەدا لەگەڵ هێندێك لە هاوڕێیانی حیزبی چاوپێکەوتنمان پێك هێناوە کە دەیخەینە بەر دیدی خوێنەرانی "کوردستان"وە.

**پ: لە هەلومەرجی ئێستادا کە جوولانەوەی ئێعترازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا دێ بەرینتر دەبێتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێ چ دەورێکی هەبێ؟**

**تەیموور مستەفایی:** ئاگادارن کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە هەلومەرجێکی ناسك و هەستیاردا تێ دەپەڕێ و پێکهێنانی گورانکاری لەو ناوچەیەدا، بەرەو دیمۆکراتیزە کردن، لە دەستووری کاری وڵاتانی بڕیاردەر دایە و ئێرانیش لە بازنەی ئەم ئاڵوگوڕانەدا یە. رێژیمی ئێسلامیی ئێران بەهۆی بیروباوەڕی دواکەوتووانە، دیفاع لە تێرۆریزم، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی... هتد لەبەر هێرشێکی توند دایە. ئەوەش دەزانین لەنێوخۆی وڵات دا بەربەرەکانی دژی ئەو رێژیم و سیستمە توتالیترەکەی درێژەی هەیە. راپەرینی یەك مانگەی هاوینی ٨٤ی خەڵکی کوردستانی ئێران دژی رێژیم دەری خست کە خەڵك بۆ بەگژدا چوونەوەی رێژیم ئامادەگیی تەواویان هەیە. هێزی پێشمەرگەش کە رۆڵەکانی ئەم میللەتەن لەم هەلومەرجە نوێیەدا پێویستە بە گوڕوتینی زیاتریان بەو خەباتە کە جێگای شانازیی هەموانە بە جیددی تێبکوشێ و لەو پەیوەندییەدا دەبێ هەوڵ بدات بەخۆ پێگەیاندنی زیاتر و وەرگرتنی ئامووزشی جوراوجور بۆ شوێن دانانی زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ئەم خەباتە رەوایەدا وشیاری و ئامادەیی ئێمە هەرچەند لەسەر بێ بەو رادەیەش زیاتر لە ئامانجەکانمان نزیك دەبینەوە.

پەیوەندی بەردەوام بە خەڵکەکەمانەوە و رێکخستنی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان لەدەوری بەرنامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێکی دیکە لە هێزی پێشمەرگەیە و پێوەندی گرتن بە خەڵکەوە، تێگیشتن لە ئازارەکانیان، گەیاندنی سیاسەتی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵك هێز و گوڕێکی زیاترمان پی دەبەخشێ هاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان بوارێکی دیکەی کاری هێزی پێشمەرگە و رێبەرایەتییەکەیەتی.

**پ: خەباتی چەکدارانە لە بزووتنەوەی کوردو رۆڵی هێزی پێشمەرگە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**رۆستەم جەهانگیری:** ب رایا من خەباتا چەکداری د تەڤگەرا گەلێ کورد دە تشتەك ننە کو کوردان ب خوە ئەو مەتۆدا خەباتێ هلبژارتبن‌و کوردان ژێڤە نەبوویە کو ب ڤی تەرزی دێ بگیهژنە ئازادی بێ و ئارمانجێن خوە بدەست بخن. ژ بەر کو دوژمنان خەباتا چەکداری ب سەر گەلێ مە دە سەپاندنەو خواستنە ب ڤی ئاڤایی رەهو ریشەیا کوردان ژناڤ ببەن. گەلێ کورد ژبۆ بەرڤانی کرنو پاراستنا مان و موجوودیییەتا خوە ب نەچاری دەست بو چەکێ ئاڤێت یە. هەتا کوو هەبوونا خوە ب دوستو دوژمنان بدەنە سەلماندن.

راستە د ڤێ رێیێ دە گەلێ مە زاف قوربانی دانە، گوندو باژارێن مە هاتنە شەڤتاندنو کاول کرن، حەپسو زیندان ژ خورتو جوانێن مە هاتنە تەژی کرن، ب هەزاران جوانو پیر هاتنە گوری کرن، کەزەبا ب سەدان هەزار دایکان هاتیە شەڤتاندنو... لێ دیساژی گەلێ کورد رادەستی خواستکێن دوژمنان نەبووو دوژمنان نە تەنێ نەکارین کوردان ب چۆك دە بینن و ژناڤ بن، هەتا نەکارین بیرو هزرا وی ژی ژێ بستینین. کو ئەڤە ژی نەساخییەکە کو هەڤریشێ دوژمن بوویەو ب دەیان سالە تەڤی ڤێ نەخوەشییێ دنالینە.

گەر ئەم مێژەیی دیروکا پرشانازیو بەرخوەدانیا گەلی کورد بکن ژ مەرە عەیان دبە کو دوژمنێن مە کوردان ب مەرەما تەپەسەر کرنو ژناڤ برنا گەلێ کورد، ژ هەر تاکتیکو کومپلوییێن دژیمروڤی مفاح وەرگرتنەو هەر سلاحەکە پێشکەتیو نووژەن ل سەر شورەشێن کوردان جەرباندنە. لێ بەرەڤاژ، کوردان ژ بۆ پاراستنا هەبوون و مەوجوودییەتا خوە و ل دەست نەدانا وەڵاتی خوە هاتنو هێزا پێشمەرگە پێك ئانین. بێ گۆمان رولو نەخشێ هێزا پێشمەرگە د بزاڤا شورەشڤانییا گەلێ کورد دە هندە مەزنو بەرچاوە کو ب رایا من تو قەلەمەك نکارە ڤێ تەکوشینو باندورێ ل سەر کاغەزێ بینە زمان.

هێزا پێشمەرگە زور جاران ل هەمبەر هێزو لەشکرێن خوەدیێ چەکو سلاحێن نووژەن دە دسەکنیو هێزا دوژمن تێکو پێك ددا. ئەڤە ژی د رەوشەکێ دە بوو کە هیزا پێشمەرگە سلاحێن زور سادە و سڤك د دەست دە هەبوون. لێ ئەڤە چەکو سلاحێن سادەیێن هێزا پێشمەرگە نەبوو کوو دکاری ل هەمبەر لەشکرییێن دوژمنێن خوینخوار و داگیرکەر دە بسەکنەو وان شکەست بدە، ژ بەر کو ئەو، بیرو باڤەرو ئیمانەکە کوورو قاحیم، ئیرادەو جانگورتییایتا هێزین پێشمەرگە بوو کو دکاری ب سەر دوژمن دە سەرکەوە. ئەز دکارم بێ شك وگومان ببێژم کو د دیروکا پرشانازییا گەلێ کوردو هێزا پێشمەرگە دە، گەر رولو نەخشو باندۆرا هێزا پێشمەرگە ژ خەبات و بزاڤا سیاسی زێدەتر نەبە د ت قوناغ و رەوشەکێ دە کێمتر نەبوویەو نابە.

هێزا پێشمەرگە د خەباتا و تەکوشینا خوە دە هندە بەرخوەدانی و قەهرەمانیو جانگوریتی ژخوە نیشان دایە کو نە تەنێ ژ بۆ گەلێ کورد، بەلکوو ژ بۆ هەموو ئازادیخوازێن جیهانێ خوشتەڤیو جهێ شانازییێ بوویە. هێزا پێشمەرگە د قادا شەر دە ژی هەرتم ل گور یاساو قانوونێن ناڤ نەتەوەی لڤییایەو جانێ ئیخسیران نجات دایە و مینا مروڤەکێ تەڤ دە هەلسوکەوت کرییەو ت جار هزر ژ رێیێن دژی گەلیو نەمروڤانە وەکی تەرۆرو... مفاح نەوەرگرتییە.

لەوما هەموو ئەڤ بژاڤانە بوونە سەدەما خوەشتەڤی بوونا پێشمەرگە د ناڤا گەلێ کوردو گەلێن دونیایێ دە و ئێدی ناڤێ پێشمەرگە بوویە پاریزەرێو ئازادیو سەربەستییێ د ناڤا دوستو دوژمنان دە.

**پ: لاوانی کوردستان گەورەترین پاڵپشتی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا بوون. لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا چون باسی نەخشی لاوان دەکەن؟**

**سەید رەزا دروودگەر:** لاوانی هەر گەلێكو هەر وڵاتێك نەخشی ئەساسییان لەسەر گەلو وڵاتەکەیان هەیە. هەر گەلو وڵاتێك لاوەکانی بۆ سەربەرزیو رزگاریو پێشڕەفتی زیاتر هاتنە مەیدانو لێبڕاوانەتر هەوڵیان دابێ ئەو گەلە بە تینو هێزێکی زۆرەوە بەرەو ئامانجەکانی چووەو بە ئامانجەکانی گەیشتوە، بەتایبەت ئەو کاتە کە لاوەکان تێگەیشتوو بنو بیرو هۆشی ئینسانیو موتەمەددنانەیان هەبێ.

بە داخەوە تا چەند دەهەی پێش ئێستاو ئێستاش، گەلانو وڵاتانێك بوونو هەن کە بەو رادەیە تێنەگەیشتوونو هەر لە فیکری کۆنو بیری تەسکدا دەژینو ژیان تەنیا بۆ مانەوە دەکەن. هەرچەند ئیستقلالیان وەرگرتوەو دەوڵەتیان هەیە، بەڵام بە خۆشییەوە لاوانی کورد ئەوە بۆ سەدەیەك دەچێ سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەیەکی دواکەوتووو لە نێو گەلانی دواکەوتوودا دەژین، بەڵام هەمیشە یەکێك لە عامیلە سەرەکییەکانی تەحەڕۆكو گڕوتینو بوون بۆ بەرەوپێشبردنی هەستی شۆڕشگێڕیو ئازادیخوازیی گەلەکەیان بەتایبەت لە موبارێزەی حیزبە کوردستانییەکانو لە سەرەوەی هەموویان حیزبی دێموکرات نەقشی ئەساسیی خۆیان نواندوە، چ لە موبارێزەی چەکداریو چ لە موبارێزەی مەدەنی (خۆپیشاندان، مانگرتنو...) لە بەرانبەر کردەوە دژە ئینسانییەکانی رێژیمە دژی گەلییەکانی ئێران لە دوو دەیەی رابردوودا کوڕانو کچانی لاوی ئەم گەلە فیداکاریی بێ وێنەیان نواندوەو بوون بە باعیسی سەرسووڕمانی دۆستو دوژمن. گەورەترین شاهید بۆ ئەم واقیعییەتە ژمارەی شەهیدانی ئەو لاوانەیە کە لە نێوان نزیك بە ٥ هەزار شەهیدی حیزبی دێموکرات زیاتر لە ٧٠٪ یان لاوی بەهەستو شۆڕشگێڕ بوون.

ئێستا بەدەنەی حیزبی دێموکرات ئەکسەرییەتی لاونو بە خۆشییەوە نەخشی لاوانی کورد ئێستاش هەر بەرچاوە. لە جەرەیانی خۆپیشاندانو حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانی هاوینی رابردووی خەڵکی کوردستاندا بە بۆنەی شەهیدکرانی شوانە سەید قادر دەرکەوت لاوان نەخشی خۆیان هەبووەو هەیەو وەك هەمیشە هێزی بزوێنەرو تینو هێزی گەلەکەمانن.

پێم خۆشە لە پێوەندی لەگەڵ هێزو تینی لاوانو کەڵك وەرگرتن لەو هێزو تینەدا یەك نموونەتان بۆ باس بکەم:

هاوینی ساڵی ٦٠ بوو کە لە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بووین. لاوێك هات پەیامی دوو لاوی دیکەی لە شارێك هێنا کە ئەوان زەمینەو ئیمکاناتیان پێك هێناوەو دەتوانن لە مزگەوتی جامیعەی ئەو شارە لە ژێر بەرماڵی ئیمام جومعە بومبگوزاری بکەنو هەموو مەسئوولینی حکوومەتیی ناوچەو گەورە جاشەکان بکوژن. لەگەڵ کاك دوکتور قاسملوو باسم کرد، فەرمووی خەڵکی بێگوناح دەکوژرێ؟ وتم بەڵێ. وتی ئەو دوو لاوە چی؟ وتم لەوانەیە ئەوانیش لە بەین بچن. فەرمووی ئەوە کاری ئێمە نیەو نابێ بیکەن. ئەوە کاری تێرۆریستیی پێ دەڵێنو ئێمە موخالیفی ئەوەین کەڵکی خراپ لە لاوەکانی خۆمان وەربگرین. ئەوانە هیوای دوارۆژی ئێمەن، دەبێ بەشعوورو ئامادەیان بکەین بۆ ئایەندەو دنیای ئازاد.

ئەوەیە شێوەی کەڵك وەرگرتن لە لاوان لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە، بەڵام بە داخەوە دەبینین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن لاوانی وڵاتەکەمانی بە کوشتن دەدا لە بەرەکانی شەڕی ئێرانو عێراقو شەڕەکانی کوردستاندا.

ئەو نموونەیەو نموونەکانی دیکە نیشان دەدەن کە لاوی کورد بۆ فیداکاریو ئازادیو سەربەستی لە بەخشینی خۆشیان درێغی ناکەن، هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی بوونو لەو بارەوە لە هیچ کۆسپێك سڵیان نەکردوە، بەڵام ئەوە رێبەرانیان بوون کە هەمیشە ئەوانیان رێنوێنی کردون کە گیانی ئینسان ئەرزشی هەیەو دەبێ ئەوان لە هۆشو بیرو عەقڵ بەرەو سەرکەوتنو رزگاری بچن.

**پ: نەخشی پێشمەرگەی ژنو ژنە پێشمەرگە لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چون بۆ خوێنەرانی "کوردستان" پێناسە دەکەن؟**

**خەج مەعزووری:** هەروەك هەموومان دەزانین، قەت رادەی ژنانی بەشدار لە سازمانو ئەحزابی سیاسیی ئێرانو کوردستانیدا نەگەیشتۆتە رادەی پیاوان لەو حیزبانەدا. ئەوەش بێ هۆ نیە. زۆر خاوەن نەزەری چالاك لە بواری مەسەلەی ژناندا راوبۆچوونیان ئەوە بووە کە بۆیە ژمارەی ژنان لە چالاکیی سیاسیدا کەمە، چونکە عەلاقەمەندو ئۆگری سیاسەت نینو دووریی لێ دەکەن. بۆیە ئەو مەیدانە هەمیشە کەمبوونی ژنی هەست پێ کردوە.

بە بڕوای من ئەوە تەنیا یەکێك لە هۆیەکانە. بەشدارنەبوونی ژنان دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆ، نەبوونی ئازادیو سەربەستیی تاکەکان بەتایبەت ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا، بایەخ نەدان بە مەسەلەی نەتەوایەتی، زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاریو دابونەریتی کۆنو لە هەمووی گرنگتر جەزاب نەبوونی رێکخراوە سیاسییەکان بۆ ژنان. ئەم هۆیانە بە زیادیشەوە لە رێگای ژنانی کوردستاندا هەبوون، بۆیە لە نێو ریزکانی حیزبی دێموکراتیشدا ژمارەی ژنان زۆر کەمترە لە پیاوان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ژنان لە حیزبی دێموکراتدا نەخشیان نەبووبێ، بە پێچەوانە، زۆر لە ژنان لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا نەخشی بەرجەستەو کاریگەریان هەبووە، لە هەموو بوارەکاندا پێشمەرگەی ژنی وامان هەبووە کە لە کاری نیزامیدا وێنەی کەم بووەو بوێریو ئازایەتیی ئەو ژنە پێشمەرگانە ئێستاش پێشمەرگەکانو خەڵکی کوردستان بە داستان دەیگێڕنەوەو بوونەتە وێردی سەر زمانی خاسو عام. هەر ئەو ژنانە زۆربەیان سەریان لە پێناوی ئامانجی گەلەکەیاندا داناوەو شەهید بوون. ئەو ژنانەی کە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا، لە مەیدانەکانی راگەیاندنو تەبلیغاتو پەروەردەو بارهێنانو نەخۆشخانەو ئۆرگانەکانی دیکەدا هەر یەکەی لە رادەی توانایی خۆی رۆڵی هەبووەو هەیەو ئێستاش بە ئیمانو سەداقەتەوە رێگا دەپێون بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات.

هەربۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ئەگەر حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی ژمارەی ژنان لەم حیزبەدا زۆر بێ، دەبێ لە زۆر بواردا خۆی جەزاب بکاو رێگا خۆش بکا تا پێشمەرگەی ژن دەرك بکا کە رێزی هەیەو بایەخ بە نەخشەکەی دەدرێو ئەو شوێنی خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ نەیارانی دۆزیوەتەوەو هەست بە راحەتی دەکاو ئەو شكو گومانەی کە لەسەر خەباتی ژن بۆی هاتۆتە پێش، بڕەوێنێتەوە.

بەڵام لێرەدا ناکرێ باسی نەخشی پێشمەرگەی ژن بکەینو لە رۆڵی زۆر موسبەتی ژنی پێشمەرگە نەدوێین. پێگەیشتنو مانەوەو شانازی ئەو گەورە پیاوانەی نێو حیزبی دێموکرات، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر ئەو ژنە بەهیممەتو فیداکارانە کە بوونە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ هاوسەرەکانیانو بە هەموو کەموکوڕیو ناخۆشیی ئەم رێگا سەختو دژوارە، بەڵام پڕ لە شانازییەیان بڕی بێ ئەوەی سکاڵایەك لە بارودۆخی ناخۆشی ژیانیان بکەنو ئاواتو ئارەزووی ژیانێکی غەیری ئەوە بخوازن. بە حەق دەبێ ناوی پێشمەرگەی لەخۆبردوو لەسەر ئەو ژنانە دابنرێ.

**پ: تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە لە خەباتی چەکداریدا دەبێ چی بن؟**

**کاوە بەهرامی:** پێشمەرگە شۆڕشگێڕێکی نیشتمانپەروەرو ماندوویینەناسە کە بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە بۆ رزگاریی گەلی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، خەباتێکی سیاسیو نیزامیو دیپلۆماسی بەڕێوە دەبا. ئەم نازناوە پیرۆزە کالایەکی پڕ بەهایە کە بە بەژنو باڵای شۆڕشگێڕانی چەکداری کورد بڕاوە. تایبەتمەندیی ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕە ئەوەیە بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پاداشتێکی ماددی، باشترین کاتەکانی ژیانی دەکاتە فیدای گەیشتن بە ئامانجی بەرزی گەلی کوردو لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەباتدا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگانە دەگونجێو دژی پەلاماردەرانی کوردستان خەبات دەکا. پێشمەرگە مرۆڤێکی ئاشتیخوازو مرۆڤدۆستە کە لە کوورانی خەباتی چەکداریدا لەگەڵ بەرانبەرەکەی بەرەورووو بووە. هەموو لایەنەکانی پاراستنی مافە نێونەتەوەییەکانی تاکەکانی مرۆڤی لەبەرچاو گرتوە. ئەوە لە کاتێك دایە کە بەرامبەرەکەی کردەوەی دژی مرۆڤایەتیی لە بەرانبەر پێشمەرگەدا لە خۆ نیشان داوە. پێشمەرگە بۆ ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا چەکی شەرەفی لە شان کردوە. هەربۆیەش لە رۆژانی دژواردا لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتگیریی لێ دەکرێو رێزی لێ دەگیرێ.

هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵك، هەڵسوکەوتێکی بنەماڵەییە، ئەوەندە گرێ دراوەو لە یەك نزیکە کە بە ئاسانی دەتوانین رێنوێنیی یەکتر بکەینو دەست لەسەر خاڵە لاوازەکانی یەکتر دابنێین. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کردەوە باشەکانی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی کوردستاندا. پێوەندیی نێوان خەڵكو پێشمەرگە دەبێ ئەوەندە نزیك بێ کە بە ئاسانی بتوانن دەردەدڵەکانی خۆیان لەگەڵ یەك باس بکەن. پێشمەرگە رێز لە

بۆ لاپەڕەی ٨

بەشی‌کۆتایی قەسیدەی

# ئەمڕۆ کاتژمێر ٥/٥ کچێك ماچێکم دەداتێ

## ماچی سێهەم لە یەکشەممەی سێهەم دا

گەزیزەکانی ماچ بەسەر تەنافەکانی بەفر دا سەر دەکەون، وەرزی ئازادی ماچەکان

وەرزی پەڕینەوە لە مردن

٧/٥ لەگەڵ ئاوابوونی تۆ دا . . . شەو
باران بەسەر کاتژمێر ٥/٢ی حەوشەکەماندا دەبارێ
ئاخر ئەم شەو کوڕی تەنیایی ئاسمانیش بارانی‌یە و هاتۆتە
ژوانی باخچەکان
ئەم شەو باران لە خەیاڵی گوڵانی نێو حەوشەکاندا و ـ من
مەستانەتر لە خەیاڵی ئێوارەی یەکشەممەیەکدا و
کوفرێکی تر

من ئەگەر نەبمە باران و
بەسەر هەموو حەرامەکاندا نەباریمێ چ بێهودەم
تۆش ئەگەر نەبی بە دەریا و باوەش بۆ هەموو بارانە
حەرامەکان نەکەیەوە, بێهودەتر
ڕۆژین؟!ڕەنگە تۆفانی ئەو مێگەلە بمانخنکێنێ ئەگەر تۆ
باوەش بۆ هەرچی گەمییەی تاوانبارە نەکەیەوە
ڕەنگە وەرزی ئەو مێگەلە بمانسوتێنێ ئەگەر تۆ
بارین بە هەرچی وەرزی مەحکوومە نەبەخشی

ڕۆژین ـ تۆ ماچێکم پێ بدە با بێهودە هەر شمشیری نێو
دەستەکانی پیری باوکم هێڵنج بدەن
تۆ ماچێکم پێ بدە با بێهودە هەر سوورەکانی سەر سینەی
فاتیمەی دایکم تفرێژمان کەن
تۆ ماچێکم پێ بدە ماچ با فەرمانرەوای ئەو خاکەش هەر
توورەکانی بفروشێ
با گورگینە پەزەکانی ئەم وڵاتەش یەکتر بخۆن
بەڵکوو حەرامی ئەو ماچە تاڵی‌یەکانی ئەو وەرزەمان
بسڕێتەوە و
بۆ چرکەیەک وەرزێکی دیکەمان داتێ

٧/٥ لەگەڵ گەڕانەوەی تۆدا. . . هەتاو
سەر بە هەموو شەوکەلێنی ئەو کەلاوەی نیشتمانەدا دا
دەکا و
چەپکێ موژدەی خۆرەتاوی هاتنەوەیان پێ دەبەخشێ
ئێستێ هەتاو سەرخۆشی ڕووناک کردنەوەی ساتە
تاریکەکانەو . . . من
ئاشقانەتر لە خەیاڵی ئێوارەی یەکشەممەیەک داو
کوفرێکی تر

کەچی ڕۆژین...؟!
لە شەماڵی ڕاڤەکانی دایک و لە زریانی تەعبیرەکانی
باوکماندا :

من و تۆ . . ئەوە هەمان ئەو ڕازەیە کە پەپوولە دەبێ لە
پێناو ئەوینی شەم دا بمرێ و
شەمیش تاکوو دوایین دڵۆپی بیوەیی هەر بۆی بگری
مردنی شەم و پەروانە یانی ژین . . یانی ئەشق و یانی جوانی
کەچی لە ڕاڤەی ئێمە دا :
من ئاسمانێک کوڕی ڕووت و تۆش دەریایەک کچی ڕووت
من و تۆ . . ئەوە هەمان ئەو ڕازەیە کە ڕووبار دەبێ بە
دەریا بگات و
لە شەپۆلی پێک گەییشتن دا بخرۆشێن
مردنی شەم و پەروانەش یانی دۆڕاندنی ژین. .
یانی دۆڕاندنی ئەشق و یانی دۆڕاندنی جوانی .

ئاخ ڕۆژین لە بێهودەیی ئەو ڕووباری تەمەنەیان
وای ڕۆژین لە تاریکی ئەو ئۆقیانووسی ناخەیان
نا نا ڕۆژین ئێمەش بە چاوی خوداوە هەرگیز ناتوانین دڵۆپێ
لە جوانی‌یەکانی‌سەر ئەو دونیایە بچێژین
بۆیە لەناو ئۆقیانووسی گۆرانی‌یەکانی باوکم دا
بۆیە لە ناو ئاسمانی باللۆرەکانی دایکم دا
ئاوازێک بۆ جوانی دونیا و
ئاوازێک بۆ جوانی ئینسان بەدی ناکەم .

ڕۆژین ئەوە حەقیقەتی سەردەمی خۆرە گوڵم
باوکمان پیاوێکە پیاو . . . پیاوێکی تەک خودایی
کە لە پێناو یەک مردن دا نوێژ دەکات و هەر لە پێناو
یەک مەرگیشدا
گوێچکەکانی بە مەرگوێژی مزگەوتی ئەم نیشتمانە
دەبەخشێ
دایکمان ژنێکە ژن . . . ژنێکی جووت خودایی
کە لە پێناو دوو مردندا نوێژ دەکات و هەر لە پێناو دوو
مەرگیشدا
گوێچکەکانی بە مەرگوێژی مزگەوت و حەوشەکانی
ئەو نیشتمانە دەبەخشێ
باوکم لە یەک خوداوەند ـ دا و
دەبێ دایکم لە دوو خوداوەند ـ دا بمرێ !!

کەچی ئەوەش حەقیقەتی هەناسەدانە ڕۆژین
هەموو ئەو کەسانەی لە خودا ـ دا لەدایک بوون هەرگیز
نەژیان
هەموو ئەو کەسانەی لە خوداش دا مردن نا نا هەرگیز بۆ
دووهەم جار هەناسەیان ئەزموون نەکرد



مەحموود شێرزاد

با من و تۆ لە خۆماندا لە دایک بین
هەر لە خۆشمان دا بژین و
هەر لە خۆشمان دا با هەرگیز باوەر بە مردن نەهێنین

نا ـ نا ڕۆژین ئەوە ڕاڤەی شەوە مردووەکانە لە گۆڕی ڕۆژە
لێڵەکانەوە دێ
ئێمە دەبێ‌باوەر بە بێهودەیی هەموو ئەو ڕاڤانە بێنین
کە لە گوڕی ڕۆژە لێڵەکانەوە باس لە حەقیقەتی بێ
گیانی شەوە زیندووەکان دەکەن
با من و تۆ لە دوو دیدەی خۆرەتاوی ئەو کوفرەوە ڕۆژەکان و
شەوەکانی ئەو نیشتمانە بنۆشین
با من و تۆ بچینەوە سەر ڕەگەزی هەتاویمان
با من و تۆ . . .

ڕۆژین . . . هەر ئێستاکە ئێمە حەرام بەسەر ئێوارە
یەکشەممەیەکی حەرام دا دەبارین و
لەو ئێوارە حەرامەوەش باوەش بە یەکتری دەدەین
با ئەوانیش لە بەیانی ئەو یەکشەممە پۆلیسی‌یە دا
بۆ یەک جاریش بێ نەترسێن .. پەتوو لە سەر جەستەی ڕووتی
ڕازەکانیان هەڵدەنەوەو
ئۆقیانووسێک گوناهی پیرۆز بخرۆشێن

**ئەمڕۆ کات ژمێر٥/٥ کچێک ماچێکم دەداتێ.**

# وتوویژێکی شیعری

## ڕەسووڵ و دەریا

ماوەیەك لەوەپێش کۆمەڵێك لە شێعرەکانی خۆمم دابوو بە بەڕێزێك کە لێرەدا نازناوی "دەریا"م پی بەخشیوە. ئەو بەڕێزە وێڕای خوێندنەوەی شێعرەکان بۆ ئەو میسراعە شێعرانەی کە حەزی لێ بووە و سەرنجی ڕاکێشاوە هێندێ شتی وەك جواب بۆ نووسیون کە حاڵەتێکی تەوساوی (طنزامین)یان پێدراوە. لێرەدا وەك قسەی نەستەق و خۆش دەیانپارێزم.

**ڕەسووڵ: سەراپا تەونی ژینم بەدەست تۆ هەڵوەشاوە...**
دەریا: ئەوە بۆیە ماڵەکەت بێ ڕاخەرە.
**ڕەسووڵ: شەوەو بەو شارە نامۆم بەتەنیا جێم مەهێڵە...**
دەریا: حەی داوەشێی ئەوە دەترسێی؟
**ڕەسووڵ: وشەی خەمباری شێعرم بەدووتا چەندە گریان....**
دەریا: ببوورە ئێمە گوێمان بەو شتانە نابزوێ..
**ڕەسووڵ: پێی بڵێن شانە نەکا پەرچەمی پڕ پێچ و گرێ.**
دەریا: ئەوە دامنا گوتیشمان. خۆ جوابمان ناداتەوە.
**ڕەسووڵ: بەشەپۆلی چەمی ئەسرین لە خەوا ڕادەپەڕم**
دەریا: وریای تێمیسکە بە.
**ڕەسووڵ: کێ دەتوانێ پنجی عەشقی تۆم لەدڵ بێنێتەدەر؟**
دەریا: شەقی بابم
**ڕەسوول: لە چاوی هەوری تووڕە لەبەر چی خۆت دزییەوە؟**
دەریا: پێی قەرزدار بووم.
**ڕەسووڵ: وەرزێرێك مرد....**
دەریا: خوا لێی خۆش بێ حەساوە.
**ڕەسووڵ: بەبادەی تاڵی مەینەت کاس و گێژم**
دەریا: وەمزانی بە شتێکی تر
**ڕەسووڵ: بە هەڵبەستا هەواڵم بۆ نەناردووی چون نەیارانم**
دەریا: شێعریان لەبەرچاو دەکەوێ.
**ڕەسووڵ: ژانی دوورییەکەت پەپوولەی پێکەنینمی کوشتووە.**
دەریا: بۆیە ٢٤ سەعاتە زارت داپچڕیوە....
**ڕەسووڵ: خۆم لە بێشکەی باوەشی شێعرێکی تەڕ هاویشتووە**
دەریا: زووبە خۆت وشك کەوە ڕەق هەڵدێی
**ڕەسووڵ: ڕازی عەشقت هێندە پڕ پێچ و پەنایە بۆ شەرح شاعیر و زاناو مەلاو شێخی هەموو گێژ کردووە**
دەریا: ئەوە ڕاز نیە سەمی شیمیاییە
**ڕەسووڵ: مەرهەمێکم دەوێ بۆ زامی دڵی هەڵبەستم**
دەریا: بچۆ نەخۆشخانە
**ڕەسووڵ: دەست لەمل کێو و ڕەوەز گورانی ئەچڕم بۆ بەهار**
دەریا: مێشکی سەرمان چوو بەسە
**ڕەسووڵ: سەرەتای پیتی ئەویندارى غەڵەت بوو بە سەرت**
دەریا: چەندم پێ ووتی ئیملات قەوی کە
**ڕەسووڵ: گەر لە کێبڕکێی ئەوینا چاوی تۆم لێ دیار نەبا**
دەریا: نەمدەدۆڕاند
**ڕەسووڵ: شەرحی ئەو ڕازەی لەسەر دێڕی نیگات دەمخوێندەوە**
دەریا: هەمووی فشەبوو.

# پێکهاتە و پێکهاتەخوازیی

و: قادر وریا

پێکهاتە
**(Stractur)**

سەرجەمی پێوەندییەکانی بەشەکان و لەتەکان (پارچەکان) لەگەڵ یەکتر و بەم پێیە سەرجەمی پێوەندییەکانی بەرهەمێك تەنانەت وەك ئەڵمانییەکان لەباسی گشتالت دا دەڵێن، دەکرێ باسی پێکهاتەی یەك وشە، یەك رستە، یەك گرێ (بەند)، یەك فەسڵ، یەك کتێب و هتدیش بکەین. پێکهاتەی رواڵەتی (دەرەوە)ی شانۆنامەیەك، پەردەکان و دیمەنەکانی و هاوسەنگیی بەیەکەوە گرێدراوی ئەوان دەگرێتەوە. پێکهاتەی رواڵەتیش، نیشاندەر و دەربڕی ئەو رووداو و کردەوانەیە کە لەسەر شانۆ، بەڕیوە دەچن. "جان کرورانسم" بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم چەمکە بەکار دێنێ. ئەوەتا دەڵێ: پێکهاتەی شێعرێك، دەربڕین یا پوختەی ناوکەی سەرەکیی شێعرەکەیە (پێکهاتەی لۆژیکیی شێعرەکەیە) ئەمەش لەحاڵێك دایە کە شتەکانی دیکە هەموویان (وشەکان، دەنگەکان، وێنەکان، ئاماژە پەنامەکییەکان (اشارات ضمنی) کە لەرێگای بارگاوی کردنی لە وشەکان دێنە دی، هتد) بە پێکهاتەی خۆجێیی (بافتار محلی) دادەنرێن.

پێکهاتە خوازی
**(Stracturalis)**

بزووتنەوەیەکی فیکری مۆدێرن کە دیاردە کەلتوورییەکانی بەگوێرەی بنەماکانی هەڵێنجراو لە زمانناسییەوە راڤە دەکا و، لەسەر پێوەندییە دوولایەنە سیستماتیکەکانی نێوان توخمەکانی هەر تێکۆشانێکی مرۆیی و لە ئاکام دا لەسەر ڕێسا و ڕێککەوتنە ئابستراکت (دابڕاو)ەکانی زاڵ بەسەرە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی واتا دا، پێ دادەگرێ. پێکهاتە(ستراکتورالیزم) کە لەسەر بناغەی چەمکی زمانناسیی "واج"ـ یەکەی دەنگی واتادار کە تەنیا بەپپی جیاوازی لەگەڵ واژەکانی تر پێناسە دەکرێ ـ دامەزراوە، دەڵێ توخمەکانی پێکهێنەری هەر دیاردەیەکی کەلتووری (لە چێشت لێنانەوە تا دراما) وەك یەك لایەنی "ڕێژەیی"یان هەیە، واتە تەنیا بەهۆی ناتەباییان لەگەڵ توخمەکانی دیکەی سیستم، بەتایبەتی لە هەمبەرە دووانەکان (تقابل دوگانە)دا دەبن بە خاوەنی واتا. واتاکانیان نەك لە گەڕاندنەوەی هەر توخمێك بۆ هاوتایەکی فەرزی لە راستییەکی سروشتیدا، بەڵکوو تەنیا بە راڤەکردنی رۆڵی ئەو توخمە لە ڕێسایەکی کەلتووریی بە خۆ پشت ئەستووردا، دەتوانین دیاری بکەین و دەری ببڕین. بەم پێیە راڤەی پێکهاتەخوازی، خوازیاری سیستەمێکی بناغەیی یا Longue یە کە بەسەر کوتنەکان یا نموونە تاکییەکان دا زاڵە. لە نووسینی یاساکانی تێکەڵ کردنی توخمەکانی سیستەمێکی ئەوتۆدا، جیاوازی لەنێوان یەکییەکانی شیاوی گۆڕین (واحدهای قابل تعویض) Paradigms و زنجیرەیەك لەم یەکانە لە پێکهاتە Syntagms دا دادەنێت و لە ڕێگایەوە، "نەحو"ی بنەڕەتیی کەلتووری مرۆیی دێنێتە گۆڕێ.

پێکهاتەخوازی و "زانستی نیشانەکان" (بڕوانە نیشانە ناسی)، بە زۆری لە تیۆرییە زمانناسییەکانی فێردنیان دوسوسور (١٩١٣ــ١٨٥٧) و، تا رادەیەکیش لە فۆرمالیزمی رووسی و ریوایەتناسی (زانستی ریوایەت)ی پێوەندیدار بە رواڵەتناسی "چیرۆکی عامیانە" (١٩٢٨) لە نووسینی ویلادیمێر پراپەوە، بەدی کراوە. لە دەیەی ١٩٦٠دا دوای ئەو باسە بەربڵاوانەی پێوەندییان بە کەڵکوەرگرتنی "لوی استروس"، خەڵکناسی هاوچەرخ لە راڤەی پێکهاتەیی لە ئوستوورەناسی لە فەرانسەدا هەبوو، برەوی پەیدا کرد. پێکهاتەخوازی لە لێکۆڵینەوی بەرهەمە ئەدەبییەکان دا، بە رەتکردنەوە و وەلانانی ئەو باوەڕە کۆنانە دەناسرێتەوە کە بە گوێرەی ئەوان، ئەدەبیات "رەنگدانەوەی واتای مەبەستی بۆچوونی دانەر، یا رەنگدانەوەی راستییە". بەپێی ئەم تیۆرییە، "دەق"، پێکهاتەیەکی ئوبژێکتیڤە کە ئەو ڕێسا، رەمز و ڕێککەوتنە جۆراوجۆرانە چالاك دەکا گە لەئاست دانەر، خوێنەر و راستەقینە دەرەوە، سەربەخۆن. رەخنەی پێکهاتەخواز، زۆر ناپڕژێتە سەر ئەوە کە بڵێ واتای بەرهەمە ئەدەبییەکان چییە، بەڵکوو دەیەوێ ئەو خاڵە شی بکاتەوە کە بەرهەمی ئەدەبی کە ئەو واتایەی هەیە، چۆن ئەم واتایە دەدا. واتە نیشان دەدا کە کام لە ڕێساکان و ڕێککەوتنەکان لە بەرهەمێك دا هەن و چالاکن. نەریتی پێکهاتەخواز بەتایبەت لە ریوایەتناسی (زانستی ریوایەت)دا، لە راڤەی پراپ لەبارەی رۆڵی ریوایەتەوە بگرە تا دەگاتە تیۆریی Actantی گریماس، هێزی وەرگرتوە و پێیان دەوڵەمەند بووە. رۆڵان بارت، رەخنەگری فەرانسەیی، پسپۆر و شارەزای هەڵکەوتەی راڤەی ئەدەبیی پێکهاتەخواز بەتایبەت کە کتێبەکەی دا کە ناوی S/Z (١٩٧٠) بوو ـ و سەبارەت بە راڤەی زیرەکانەی لەبارەی کوشتی (زۆرەوانی)، ئیستریپ تیز و، دیاردەکانی دیکە لە ئوستوورەناسی دا (١٩٧٥) بەناوبانگە. بەم حاڵەش هەندێك لە بەرهەمەکانی دواتری، نیشاندەری چوونی ئەو بۆ نێو قوناغی دوای پێکهاتەخوازی (پساساختارگرایی)یە، کە لەگەڵ ئەم تێپەڕبوونەدا، خۆڕانانی دڵنیایانەی پێکهاتەخوازی بە "زانستی بوون"ەوە وەلا دەنرێ. بۆ شۆڕ بوونەوەی زیاتر بەناخی ئەم باسەدا، خوێندنەوی پێکهاتەخوازی و نیشانەناسی (١٩٧٧) لە نووسینی ترنس هاوکس، بوتیقای پێکهاتەخواز (١٩٧٥) لە نووسینی جاناتان کالێر، و پێشەکییەك بۆ پێکهاتەخوازی لە ئەدەبیات دا (١٩٧٤) لە نووسینی رابرت شووڵز، سوودیان هەیە.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ و ادبیات نقد" جی.ن، کادن ترجمە: کاظم فیروزمند، لاپەرەکانی ٤٣١ و ٤٣٢

# سلێمانی
# بوو بە ژوانگەی هۆگرانی پەیڤی ئازاد

شەریف فەلاح (هێژا)

لەژێر دروشمی سلێمانی ژوانگەی هۆگرانی پەیڤی ئازاد، رۆژی یەکشەممەی حەوتووی رابردوو ٢٩ی خەزەلوەری ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٥ی زایینی نۆهەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ لەشاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. فستیڤاڵی گەلاوێژ وەك نەریتێکی ساڵانە لە شاری سلێمای بەڕێوە دەچێت، کە بۆ سێ تەوەری شێعر، چیرۆك و لێکۆڵینەوە تەرخان دەکرێ. نۆهەمین فستیڤاڵی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ کە تاکوو رۆژی شەممە ٥ی سەرماوەز بەرامبەر بە ٢٦ی نوامبری ٢٠٠٥ درێژەی کێشا کە تێیایدا شاعیران، هونەرمەندان، نووسەران و روشنبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشداری بوون و بە پەیڤ و وشەی رەنگین و پڕ لە ئاوات و خۆزگەوە ژوانگەیەکیان لە وشە سێحراوییەکانی شێعر و دیمەن و ساباتێکیان لە دنیای چیرۆکی کوردی و هەروەها بە چڕوپڕی و بە بیرێکی نوێی سەردەمیانەوە لەباس و لێکۆڵینەوەکاندا بەشدارییان کرد، یەکێك لەو دیمەنە جوان و قەشەنگانەی کە ساڵانە وەرزی پاییزی سلێمانی پێ رازاوەتر دەبێت و سیمایەکی نوێ دەبەخشێت و کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر رەوشی رۆشنبیری گەلەکەمان دادەنێت کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئەدیب و رۆشنبیر و شاعیرانەیە کە لەژێر ساباتی بیری نەتەوەیی و لەدەوری چرایەکدا کە ئەویش فستیڤاڵی ساڵانەی بنکەی ئەدەبی و رۆشنبیری گەلاوێژە. کۆکردنەوی ئەو هەموو میوان و دەنگانە ئەرکێکی تر و خەرمانێکی نوێ بوو خرایە سەر بەرهەمی فستیڤاڵ لێکۆڵەران و بەشداربوانی فستیڤاڵ دیاردە و قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت ئەدەبی کوردییان لێك دایەوە و کۆڕە خنجیلانەکەی گەلاوێژیان رازاندەوە.

تایبەتمەندییەکانی فستیڤاڵی گەلاوێژ و جیاوازی لەگەڵ فستیڤاڵی ساڵەکانی رابردوو بریتی بوون لە ١ـ بانگهێشتن لە ناوداران و گەورەنووسەران و روشنبیران و هەروەها هۆگرانی نوێی دنیای روناکبیری، بە کورد و عەرەب و فارسەوە، لە دەرەوە و بەغدا و تاران و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکووری کوردستانەوە هاتبوون رۆژانی فستیڤاڵ لە سایەی ئازادی، پەیڤ و سەربەستیی هەڵوێست و دونیای دێموکراسیدا، پێکەوە حەفتەیەك بە کردەوە و دیالۆگی شارستانی و مەدەنیانەیان دروست کرد و تاکوو بۆ داهاتوو ئاشنایيە لەنێوانیاندا جوانتر برەخسێت و یادگاری رۆژگاری خەمە جوانەکانی بیرو ئەندێشە، لای یەك و لە ئامێزی پڕلە مێهری شاری رووناکبیران سلێمانی ئازادردا جێبێڵن. فستیڤاڵی گەلاوێژ ژوانگەیەك بوو کە سنوری بەزاند و هەناسەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و باکوور و باشووری کوردستان ئاوێتەبوون، شێعری ئەم دیو و ئەم دیو پێکەوە ئاشنا بوون. هەناسەکانی چیرۆك و لێکدانەوەکانی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان لەناو بۆتەی بیرو ئەندێشەی یەکتردا توانەوە.

٢ـ بەشداری کردنی بەرچاوی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی ئێرانی شاعیر وەك: سەید عەلی ساڵحی، زەنگابادی، ئەبووتوراب خوسرەوی و هەروەها چەند نووسەر و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کەمینە نەتەوەکانی عەرەبی ئەهواز، کارێکی نوێی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بوو.

٣ـ بەشداری چڕوپڕی شاندی نووسەران و روشنبیرانی کوردستانی باکوور و بەشداری نووسەران و رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەچاو ساڵانی پێشوو گەرموگوڕتر و بەرچاوتر بەشدارییان کردبوو، خاڵی پۆزەتیڤ و دیار و لووتکەی فستیڤاڵ بوون، فستیڤاڵ هەل و دەرفەت و ماڵێك بوو بۆ کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازەکان و هاوپێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیری نەتەوەیی کورد و ناساندن و بیروڕاگۆڕینەوە لەنێوان نووسەران و رۆشنبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

٤- رێکخستنی پێشانگای بەربڵاوی کتێب کە تێیایدا ناوەند و دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەکانی کوردستان و هەروەها پێشانگایەکی بەربڵاو و پڕ نێوەرۆکی فارسی کرابۆوە کە لەگەڵ پێشوازی خەڵك و بەشداربووانی فستیڤاڵ دا بەرەوروو بوو و هەروەها کردنەوی پێشانگایەکی مێژوویی لە داب و نەریت و کولتووری فارس کە پێوەندی بە نێوەرۆکی شاهنامەی فیردەوسی شاعیری گەورەی فارسەوە هەبوو لەلایەن هونەرمەندی گەورەی ئێرانی "بابکی گرمچی"یەوە ئامادە کرابوو.




٥ـ بەشداری بەرچاوی نەوی نوێ واتە گەنجان و تەرخان کردنی دوو کۆڕی جیاواز بۆ لاوان بە مەبەستی دەرخستنی خەون و توانایی و لێهاتوویيەکانیان کە لە دوو زانری شێعر و چیرۆك دا ئاوات و خولیاکانیان بە وشەی پڕ لە خوزگەی ئەدەب فستیڤاڵەکەیان رازاندەوە.

٦ـ خەڵات و رێزلێنان لە شاعیری گەورەی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس و چیرۆکنووسی بە توانا رەئووف بێگەرد کە خەڵاتێکی نێو دەوڵەتی بوو بە ناوی "عەنقا" کە هەر ساڵە ئەدرێ بە نووسەران و شاعیرانی نەتەوەیەك، کە پێشتر مەحموود دەروێش، یاشار کەماڵ، مەحموود دەوڵەت ئابادی و سەیج عەلی ساڵحی ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە، هەروەها خەڵات و رێزلێنان لە نووسەران و شاعیران و داهێنەرانی وشە و پەیڤی کوردی.

٧ــ خەڵاتی تایبەت بۆ نووسەران و وەرگێڕە سەرکەوتوو و بە تواناکانی ساڵ کە لەنێوان دوو فستیڤاڵ دا باشترین کتێبیان لەچەند بواری شێعرەو چیرۆك و وەرگێڕان دا پێشکەش کردوە. نۆهەمین فستیڤاڵی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ ماڵێك بوو بۆ ژوانگەی عاشقان و بیریاران و ئەدیبان و رۆشنبیرانی کورد. فستیڤاڵی گەلاوێژ توانی لە دووتوێی بەرنامەکانی ئەمساڵدا گەورەترین دیداری ئەدەبی و رووداوی ئەدەبی بخولقێنێت و پردێکی پەیوەندی توندی نێوان نەتەوەکان و نەوە یەك لەدوای یەکەکان دروست بکات.

دەسکەوتێکی زێڕینی فستیڤاڵی گەلاوێژ ئاشنا کردنی ئەم کولتوورە نزیکانەیە بەیەکدی، ئاشکرایە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەریەك لەو سێ نەتەوەیە بە چەندین نشێودا تێپەڕیوە، بەڵام لانی کەم چەند خاڵێك ئەم پێکهاتە و نەتەوانە پێکەوە گرێ دەدات، کە ئەویش ئەدەب و هونەرە بە پلەی یەکەم. بۆیە لە نزیکەوە گوێبیستی گەورە ئەدیبانی ئێرانی و عێراقی بە کورد و عەرەب و فارسەوە مایەی خۆشحاڵی هەموان بوو.

## درێژەی لاپەڕەی ٥

درێژەی لاپەڕەی ٥

کۆمەڵانی خەڵك دەگرێ‌و لە کاتی تەنگانەدا بە هانایانەوە دەچێ. هەڵسوکەوتەکانی وەك ئاوێنەیەکی بالانوێنە کە کاریگەرییەکی موسبەت لەسەر کۆمەڵگا دادەنێن. ڕێزدانان بۆ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك، یەکێ دیکە لە تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگەیە کە هەوێنی خەباتن بۆ گەیشتن بەو مەبەستانە. پێشمەرگە هەردەم ڕووخۆش‌و بەشاش‌و سەرەحاڵە، بزەی پێکەنینی هیوابەخشی دواڕۆژی گەلەو بە ڕۆحێکی ئاوەڵاو پڕ لە تاسەوە بەرەوپیری داخوازییەکانی خەڵکەوە دەچێ، بۆ لابردنی کەموکوڕییەکانی بە پێی ئیمکان هەوڵ ئەدات. پێشمەرگە کاتێك لە نێو کۆمەڵێك دەردەکەوێ لە دیالۆگ‌و دەربڕینی بیروڕادا سیمایەکی بەرچاوی هەیە، قسەکانی بۆ گوێگرانی خۆی جێگای ئێعتێمادن. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەداقەت‌و پاکی‌و ڕاستگۆیی بەتایبەت هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی پێشمەرگە ناسینی دوژمن لە بوارەکانی تاکتیکی‌و تەبلیغاتی دایە لە کوورانی خەباتی چەکداریدا. باڵادەستیی هێزی پێشمەرگە بە سەر هێزەکانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌دا دیار بووەو بەردەوام زەبری کاریگەری لێ‌داون. حوزوری هێزی پێشمەرگە لە کوردستان کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ورەی خەڵك هەیە. گەورەترین پاڵپشت بۆ خەڵکی کوردستان هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، هەربۆیە بەردەوام لەو هەلومەرجەدا کە ڕێژیم کردەوەی دژی خەڵك ئەنجام ئەدا، بێ هیچ بیرکردنەوەیەك پەنا بۆ پێشمەرگە دێنن‌و وەك باشترین پشت‌و پەنا بۆ ڕزگاریی خۆیان حیسابی لەسەر دەکەن. لەڕاستی‌دا بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی کە وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك بە ئاور دەداتەوە، سەرەڕای کەڵك وەرگرتن لە شێوەکانی دیکەی خەبات وەك کاری سیاسی‌و دیپلۆماسی ... خەباتی چەکدارییە کە دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك پاڵپشت‌و سەنگەرێکی لە گیران نەهاتوو بەهێزتر بکەین تا گەیشتن بە ئامانجی گەلی کورد‌و سەقامگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیك کە ویست‌و داخوازییەکانی گەلانی ئێرانی تێدا بگونجێ. ڕاگرتن‌و بەهێزکردنی سەنگەری پێشمەرگە وەك پارێزەرێکی ئەو ئامانجانە جێگای تایبەتیی هەیە. ئا لێرەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان‌و ڕێز لە فیداکاری‌و گیان لەسەردەستیی پێشمەرگەکان بگرین.

**پ: تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگەی دێموکرات چین؟**

**حوسەین نازدار:** پێشمەرگەی دێموکرات دەبێ لە هەڵسوکەوت‌و ڕەفتارو ئاکارو کردەوەی سیاسی‌و شەخسیی ڕۆژانەیدا، دێموکرات بێ‌و سیمای دێموکراتی هەبێ‌و باوەڕی قووڵی بە ئازادی‌و دێموکراسی هەبێ‌و، هەم باوەڕی قووڵی بە بەرژەوەندیی گشتی‌و ئیرادەو بڕیاری جەمعی هەبێ‌و بە کردەوە پێڕەویی لێ بکا. پێشمەرگەی دێموکرات دەبێ بۆ پەرەئەستاندن‌و گەشەکردنی حورمەت‌و هەیبەتی سیاسیی حیزب فیداکاری بکاو نابێ نوقتە زەعفی ئەخلاقیی ئەوتۆی هەبێ کە زەرەر بە پرستیژ‌و ئیعتیباری حیزب بگەیەنێ. پێشمەرگەی دێموکرات، ئینسانێکی بە بیروباوەڕو هوشیارو شۆڕشگێڕی گەلەکەیەتی کە بە دڵ‌و گیان، بە مێشك‌و بیرو بازوو هەست‌و هۆش، لە پێناوی ئاوات‌و ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا، بە شکڵ‌و شێوەی ڕەواو پاکوخاوێن، بە سەخاوەتەوەو شێلگیرانە خەبات‌و فیداکاری‌و گیانبازی دەکا. پێشمەرگەی دێموکرات دەبێ بەردەوام بۆ بردنەسەری پلەی زانیاری‌و هوشیاریی سیاسیی خۆی‌و کۆمەڵانی خەڵك هەوڵ بداو لەم پێوەندییەدا هەم فێر بێ‌و هەم فێر بکا.

**پ:وەك بەرپرسێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەندە توانیوتانە مافە پەسند کراوەکانی نێونەتەوەیی پیوەندار بەدیل‌و بریندارەکانی دوژمن لە مەیدانی شەڕ ڕەچاو بکەن؟**

**لوقمان مێهفەر:** بۆ ئەوی هێزێکی شورشگێڕی چەکدار بتوانێ ناکوکییەکانی نێوان شەڕی ڕەواو شەڕی ناڕەوا بە شێوەیێکی ئوسوولی چارەسەر بکا، ڕێگایەکی دژوارو پڕ هەورازو نشیوی لەبەرە. بۆیە دەبێ بە مەسئولییەتەوە هەنگاو باوێ، هەموو ئاکارێکی ژیرانەبێ. هەر کردەوەیەك لە ژیان دا ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ڕێ‌و شوێنەکە لە کات‌و جێگای جۆراوجۆردا وەك ئەسڵێکی نەگۆڕاو خۆ دەنوێنێ. دەبێ هەموو کات لەبەر چاو بگیرێ. کۆمەڵێ خاڵ هەن دەبێ لە بەرەکانی شەڕدا لەبەر چاو بگیرێن، یەکێك لەوان ڕەفتار لەگەڵ دیل‌و بریندارەکانی گۆڕەپانی شەڕە. حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی کە شەڕێکی نەخوازراوو نابەرامبەری بەسەردا سەپاوەو تاکو ئێستایش نەبڕاوەتەوە لە لایەن دوژمنەوە بەو پەڕی دڕەندەیی‌یەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، بەڵام بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات بە ڕێبازی ئوسوولی خۆی پابەند بووە. بە مەسئولییەتەوە، دەڵێم کە ئەوپەڕی هەوڵ دراوە ئەو ماف‌و ئازادییانەی کە بە پێی ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٤٩ی ژنێڤ بەدیل‌و بریندارەکانی شەڕ دراوە تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراون.

بەرپرسەکان بە تەواوی چاوەدێریی ئەم ئەسڵەیان کردوە کە وەك پرنسیپێکی ئەخلاقی، ئینسانی‌و یاسایی نێونەتەوەیی هەردەم پارێزراو بێ. ئەگەر جارێك لە گەرمەی شەڕدا سۆزو هەست بە سەر مەنتیقی پێشمەرگەیەك دا زاڵ بووبێ ئەو ئەسڵەی خەوشدار کردبێ، بێ‌گومان لێ‌کۆڵینەوەی لێ‌کراوەو سزای پێویست دراوە. سەرەڕای کەمبوونی دەواو دەرمان‌و نەبوونی ئیمکانات جیاوازیمان لە بەینی بریندارەکانی خۆمان‌و بریندارە دیلەکاندا نەکردوە. دیلەکانیش بۆ شوێنی ئەمن ڕاگوێزاون‌و دوای ڕوون کردنەوە بە حورمەتەوە ئازاد کراون. بەڵگەیش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە خودی دیلەکانن. کاتێك ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو شەهیدکرا، ئێمە دوو ڕۆژبوو لە ناوچەدا لە شەڕدا بووین، ژمارەیەکی بەر چاو لە هێزەکانی دوژمن ئەسیر کرابوون. لە کاتێکدا کە قسەم بۆ دیلەکان دەکرد ڕادیوی دەنگی کوردستان پەیتا پەیتا هەواڵی بریندار بوونی ڕێبەرمانی بڵاو دەکردەوە، مارشی عەزای لێ‌دەدا. ڕوون بوو کە ڕێبەرمان شەهید کراوە، ڕوخساری پێشمەرگەکان خەماوی بوو، فرمێسك بە چاوانیان دا دەهاتەخوار، لەو کاتەدا یەکێك لە دیلەکان گوتی دەکرێ پرسیارێك بکەم، گوتم بەڵێ. گوتی: ئێوە لە شەڕدا سەرکەوتون لە جیاتی ئەوە خوشحاڵ بن، بۆچی پێشمەرگەکانتان نارەحەت‌و چاو بە بەفرمێسکن، لە وەڵامدا گوتم ئەمڕۆ ڕێبەی ئێمە کە بۆ بەرگری کردن لە شەڕو خوێنرێژی، ویستی مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای ئاشیخوازانەوە چارەسەر بکا لە ڤیەن لەسەر میزی وتووێژ بەدەستی تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراوە، ماوەیەك تاساو تێمان ڕاما، پاشان گوتی بەڵێن بێ بە ئێوەو شەریش دەکەم لەگەڵ ویژدانی خۆم لەمەودوا ڕێگای مەرگ هەڵبژێرم دژی ئێران، بەڵام دژی تێگەیشتنی ئێوە هەرگیز چەك هەڵناگرمەوە.

**پ: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبکی سیاسیی ـ نەتەوەییە، هۆکارەکان چ بوون کە ناچار کراوە لە شێوازی خەباتی چەکداری کەڵك وەرگرێ؟**

**ئەسعەد ئەحمەدی:** لە وەڵام دا دەکرێ ئیشارە بە چەند هۆکاری بەر جەستەو سەرەکی بکەین.

پێش هەموو شتێك پێم خۆشە بەر لەوەی بچمە سەر باسەکە، ئەوە کە بە هیچ شێوەیەك‌و هیچ کات پێمان خۆش نەبووە ڕێگەی شەڕ بگرینەبەر، بەڵکوو ڕێگە چارەی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەمان بۆ مەسەلەی کورد پێشنیار کردووەو گرتوتەبەر. ئێمە شەڕمان بەسەردا سەپاوە بەڵام ئازایانەش دیفاعمان لە ماڵ‌و مەوجوودیەتی گەلەکەمان کردوە. ئێستاش بەشێك لە مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات ئەو شێوە خەباتە چەکدارییە کە لەودا هەزاران تێکۆشەر گیانیان بەخشیوە.لە ڕاستی‌دا چەند هۆکاری ئەساسی وایان لە ئێمە کرد کە پەنا بۆ شێوە خەباتی چەکداری بەرین. لە هەموویان گرنگتر ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە خومەینی‌و دارودەستەکەی ئیمانیان بە مافی گەلان‌و یەك لەوان گەلی کورد نەبووو هیچ کاتیش گوێیان بۆ داخوازییەکانی ڕانەگرت. بە پێچەوانەش حیزبی دێموکرات لە ئەساس دا باوەڕی بەوە نەبووە کێشەی کورد بە شێوەی نیزامی چارەسەر دەبێ‌و مافە ڕەواکانی گەلی کورد دێنەدی.ناردنی چەند دەستەو هەیئەتی جۆراوجۆر بۆ لای خومەینی‌و تاقمە تازە بە دەسەڵات گەیشتوەکەی لە لایەن حیزبەوە، بۆ قوم‌و تاران بۆ حەللی مەسەلەی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە بەرچاوترین هەواڵەکانی حیزبی ئێمە بوون.ناردنی گەلاڵەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت لەسەر داخوازییەکانی گەلی کورد لە ٢٦ مادده دا لە بەهاری ٥٨ دا یەکی دیکە لەو هەوڵانە بووە کە تا بکرێ خۆمان تووشی شەڕ نەکەین.

بەڵام بە داخەوە خومەینی‌و سەرانی ڕێژیم هیچ کات بە جیددی‌و بەنیاز پاکییەوە گوێیان بۆ داواکانمان ڕانەگرت‌و حازر نەبوون کێشەی سیاسیی کورد بە ئاشتی وەڵام بدەنەوە. پەلاماردانی شارو گوندەکانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە نەزەری دژە کوردیی خومەینی‌و تاقمەکەی بۆ هەمووان دەرخست.

شەڕی نەورۆزی ٥٨ ی شاری سنەو پەلاماری شاری مەهابادو شەڕی نەغەدە لەو کردەوانەی ڕێژیم بوون کە بوونە هۆی ئەوەی شەڕ بەسەر کوردستان دا بسەپێنن.بەم شێوەیە حیزبە دێموکرات بە ناچار پێی‌نایە قوناخی خەباتی چەکداری بۆ دیفاع لە ماف‌و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. کەوابوو هەموو هەوڵ‌و تەقەللای ئێمە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان بە شێوەی ئاشتیخوازانە لە لایەن ڕێژیمی‌کۆماری ئیسلامییەوە بە شەڕ وەڵامی درایەوەو لە سەرانسەری کوردستان دا شەڕێکی نەخوازراو دەستی پێ‌کرد.

شەڕێك کە زیاتر لە ١٥ ساڵ درێژەی کێشاو هەزاران شەهیدو بریندارو زیندانیی لێ کەوتەوە.

**ب: تکایە وشەی پێشمەرگە پێناسە بکەن؟**

**عومەر بالەکی:** وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوە کە زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە، بەڵام یەکجار بەرین‌و بەربڵاوەو هەروەها بە دەربڕینی چەند وشەو ڕستەیەك ناتوانی تاریف و پێناسەیەکی گونجاو بۆ پێشمەرگە بکەین کە شیاوی ناوی پێشمەرگە و کەسایەتیی پێشمەرگە بێ. ئەگەر چاو بە مێژووی گەلان دا بخشێنین، جەنگاوەرانی هەر گەل و نەتەوەیەك کە بۆ ئازادی و بەختەوەری و وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان و پاراستنی ئەو مافە لەگەڵ نەیاران و زۆرداران دا جەنگاون، هەرکام ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە. سەرباز، پارتیزان، فیدایی، چریك، میلیشیا، گریلاو...، کە هەرکام لەوانە لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆیان و چونیەتیی ژیان و شێوەی بیرکردنەوەیان دا ئەو ناوەیان لەسەر دانراوە. گەلی کوردیش کە بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوا و ئینسانیی خۆی و بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە و زوڵم و زۆر، خەباتێکی بێ پسانەوە و خوێناویی لە سەدەی ڕابردوودا بەرێوە بردوە و بۆ ئەو مەبەستەش شورشگێرترین ڕۆڵەکانی خۆی ناردۆتە مەیدانی خەبات و بە کردەوە سەلماندویەتی کە خاوەنی بێ باکترین و قارەمانترین جەنگاوەرە، هەربۆیە ناوی پڕ نێوەرۆك و پڕمانای پێشمەرگەی کردۆتە بەر بەژنی جەنگاوەری کورد. پێشمەرگە تەنیا کاری چەك هەڵگرتن و شەرکردن و شەهید بوون و کوشتن نیە، بەڵکوو چەکدارێکی چاو کراوەیە بە بیرو ئەندیشە چەکی هەڵ گرتوە و ئامانج و ئەهدافی هەیە لەو چەك هەڵگرتنە، پێشمەرگە تێ گەیشتوە کە گەلەکەی چەوساوەتەوە، نیشتمانەکەی لەت لەت کراوە، زمان و فەرهەنگی دەستی بەسەردا گیراوە و هەر لەو کاتەش دا تێگەیشتوە ئەگەر لە مەیدانی خەبات دا نەبێ گەل و نیشتمان ڕزگار نابن. دوکتور قاسملوو بەو شێوەیە باس لە گرینگیی پەروەردەکردنی پێشمەرگە دەکا: ئەگەر پێشمەرگە بە دەستێك چەکی پێیە، دەبێ بە دەستی دیکەی کتێبی پێ بێ. واتە خۆ تەیار کردنی پێشمەرگە بە زانست، وەك پێویستیی چەکداربوون بە چەك و تەقەمەنی وایە و ڕێبەری شەهیدمان لەسەر ئەو بڕوایە بوو ئەگەر ڕۆژێك پێویستمان بە خەباتی چەکداری نەما، خەباتی سیاسی و ڕوشنبیریمان هەر دەمێنێ و لەسەر ئەو ئەساسە پێشمەرگە دەبێ خۆی بۆ هەموو هەلومەرجێك ئامادە بکا. چونکە هێزی پێشمەرگە ئەمڕۆ نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێراندا وەك هێزێکی ڕزگاریدەر دەناسری، بۆ ئەوەی ئەو متمانە و بڕوایە هەر وا بمێنێتەوە و بە هێزی بکەین با هەموو لایەکمان پێشمەرگە بین بە مانای ڕاستەقینەی وشە.

**لەبەرچی ڕۆژی دەست بەسەردا گرتنی شارەوانیی مهاباد وەك ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە؟**

**محەممەد شەهرەوان:** ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دەستەیەك لە ڕوڵە چەکدارەکانی خەڵکی مەهاباد پەلاماری شارەوانیی ئەم شارەیان دا و دەستیان بەسەر دوا بنکەی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی پاشایەتی لە مەهاباد دا گرت. ئەم حەرەکەتە هەر لەو کاتەدا کە خەڵکی بۆ زیاتر هاتنە مەیدان بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و مافە پێشێلکراوەکانیان هان دا. سەرەتایەکیش بوو بۆ پێکهاتنی هێزێکی چەکدار بە مەبەستی دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەباتی گەلی کورد لەو قوناغەدا. ئەم هێزە چەکدارە ناوی "سوپای میللی کوردستان"ی لەسەر دانراو و دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان ئەوانەی خزمەتیان تێدا دەکرد بە "پێشمەرگە" ناودێر کران. ڕاستە چەك کردنی شارەوانی مەهاباد لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا یەکەم هێرشی چەکدارانەی دەستەیەك لە تێکوشەرانی سەربە حیزبی دیمۆکرات بۆ سەر بنکەیەکی سەرکوتکەری دەوڵەتی ناوەندی بووو یەکەم شەهیدی حیزبەکەشمان (عەولای مینە خالند) لەو ڕووداوەدا گیانی خۆی پێشکێشی بارەگای ئازادی کرد. بەڵام یاد کردنەوی ئەم ڕۆژە لەلایەن حیزبی دیمۆکرات‌و کۆمەڵانی گەلی کوردەوە تەنیا لەبەر ئەوە نیە. یاد کردنەوەی ٢٦ی سەماوەزی ١٣٢٤ ڕێز گرتنە لە خەبات و خۆبەختکەریی هەموو ئەو ڕوڵە چەك لەشان‌و گیان لەسەر دەستانەی کە لەو کات بە دواوە بەناوی "پێشمەرگە" لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دا حەماسەیان خولقاندوە و شانازییان تومار کردوە.

بە لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشمەرگە ڕێزو خۆشەویستی‌یەکی زۆری هەیە. مێژووی ئەو شانازی‌یە بۆ حیزبەکەمان تومار کراوە کە یەکەم جار ناوی پێشمەرگەی بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان هەڵ بژاردوە. بۆ دەربڕینی ئەو ڕێزو خۆشەویستی‌یەو بۆ قەدرزانی لە خەبات‌و قوربانیدانی پێشمەرگە بوو کە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەمان لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی، ڕۆژی بیرەوەریی دامەزرانی "سوپای میللی" لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤دا بە ڕۆژی پێشمەرگە دانا. ئەو ڕۆژە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی خوێناویی گەلەکەمان دا سەبت کرا.

٢٦ی سەرماوەز تایبەتی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات یا ڕێکخراوێکی دیاری کراو نیە. ئەم ڕۆژە ڕۆژی هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان و بۆ ڕێز گرتن لە هەموو پێشمەرگەیەك بە گشتی یە. چونکە ڕووداوەکانی وەك ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ و پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ئاگاهی و ئیرادەی خەباتگێرانەی گەلی کورد و بەشێك لە مێژووی پڕلەشانازیی گەلەکەمان بە گشتی یە.

ناوی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگە شتێك نیە تایبەت درابی بە حیزب یا ڕێکخراوێکی دیاریکراو. پاش دیاریکردنی ناوی جوانی پێشمەرگە بۆ چەکدارێك کە لە پێناوی ئامانجە نیشتمانییەکانی خەڵکی کرودستان دا خەبات دەکا، ئەم وشە جوانە زۆر زوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا وەرگیرا، ئەمڕۆ وشەی پێشمەرگە لەنێو کورد دا وەك زۆر وشەی دیکەی ناسێنەری خەباتی گەلی کورد لەڕێگای ئازادی دایە. پێشمەرگە تەنیا لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانێی چەکدارانەدا هونەری خۆی وەك تێکوشەرێکی واقیعی و ڕاستەقینە نیشان نادا. هونەری ئەساسیی پێشمەرگە لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە بە تێگەیشتنەوە بۆ ئامانجێکی بەرزی ئینسانی تێ دەکۆشێ و گیان بەخت دەکا. پیشمەرگە هەدەفی شەهید بوون نیە بەڵکوو شەهید بوون قەبوڵ دەکا بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسی و ئینسانی‌یەکانی خۆی و گەلەکەی وەدی بنێ، بە کورتی پێشمەرگە دەزانی بۆ دەژی و بۆ دەمرێ. هەر بۆیە هەموو کاتێك خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بووە و هەموو کاتێك لەلایەن گەلی کوردەوە ڕێزی لێ گیراوە و هیچ کاتێك ئەوان لەبیر ناکەن و وشەی جوان و خۆشەویستی "پێشمەرگە" هەمیشە لەسەر زاریانە و بە ڕوڵەی بەنرخ و پارێزەری بوون و مەوجودییەتی خۆیانی دەزانن.

پیرۆز بێ شەستەمین ساڵڤەگەری ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەو لە سەرجەمی تێکۆشەرانی کوردستان.

**پ: پێشمەرگەی کوردستان بە هیمای خۆبەخت کردن لە پێناوی ئازادی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد ناسراوە، بەرەی لاو چون دەتوانێ ئەم هیمایە بپارێزێ؟**

**و: مامۆستا حەمدی:** ڕەنگە بەجێ بێ بڵێین وشەی پیرۆز و پڕ نێوەڕۆکی پیشمەرگە لە ماوەی شەست ساڵ خەبات، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا جوانترین‌و جێ‌گرتووترین وشەیە کە ئاوێتەی فەرهەنگی کوردی بووە. شك لەوەدا نیە کە هەر کات باس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دێتە گۆڕێ، ناوی پێشمەرگەش وەك ڕۆڵەی فیداکارو گیانبازی گەلەکەمان کە لەو خەباتەدا نەخشی دیارو بەرچاوی هەیە، دێتە گۆڕێ. بەڵام نەخشی بەرەی لاو لە پاراستنی هیمای پێشمەرگەدا، ئەگەر چاوێك بە لیستی شەهیدانی سەربەرزی حیزب‌و گەلەکەمان دا بگێڕین دەبینین کە بەشی هەرە زۆریان لاون. لاوان ئەگەر لەهەر شوێنێك بن وەك قوتابخانەو... دەتوانن لە شانە نهێنی‌یەکانی حیزب دا هەر پێشمەرگە بن‌و ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەڕێوە بەرن‌و بەهەر شێوەیەك کە بۆیان دەلوێ دەتوانن بەگژ کۆنەپەرستی‌دا بچنەوەو بە هەر شێوەیەك کە ئیمکانی هەبێ دەتوانن پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بگرن‌و لە ژێر ڕێنوێنی‌یەکانی حیزبدا ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەڕێوە بەرن‌و دەبێ هەر لاوێکی شورشگێڕی ئەم وڵاتە لە هەر شوێنێك بێ بۆ خۆی پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس بێ‌و لە بەرامبەر داگیرکەراندا ڕابوەستێ. پێشتر کە ئەرکی شۆڕش تەنیا لەسەرشانی پێشمەرگە بوو، ئێستا خوشبەختانە شۆڕش لە شاخ‌و شار یەکی گرتوۆتەوەو ئێستا لە جاران زیاتر دوژمن لە کوردستان هەست بە مەترسی دەکا. لە خوڕا نەگوتراوە، لاوان هیوای دوا ڕۆژی گەل‌و نیشتمانن.

***

# دیمانەیەك لەگەڵ بەڕێز کەریم پەرویزی

# سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دیمانە: محەممەد جەمیل کولاهی ——— بەشی دووهەمو کۆتایی

**پ: بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد چۆن دەبینن؟ ئایا بزووتنەوەیەکی وا هەبووە یان هەیە؟ ڕاتان لەو بارەیەوە چیە؟**

و: بۆ ئەوەی بتوانین بە چالاکیو جوولانەوەیەکی خوێندکاری، بلێین جوولانەوەی خوێندکاریی کوردستان، دەبێ ئەو چالاکیو بزاڤە هەڵگری هەندێك تایبەتمەندی بێ کە ڕەنگی کوردستانی بوون بەو بزووتنەوە بدا. یەکێك لەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە کە ئەو بزاڤە ڕەنگدانەوەی ویستوخولیاکانی کوردی تێدا بەدی بکرێ. بە لەبەر چاوگرتنی ئەم پرسە، کاتێك کە لاپەڕەکانی مێژووی چالاکیی خوێندکاری لە کوردستانی ئێران دا هەڵ دەدەینەوە، دەبینین کە ئەم جموجۆڵە بە چەند قۆناخ دا تێپەڕیوەو لە چەند شێوازی جۆراوجۆردا خوی نواندوە.

لە سەرەتاکانی دەسپێکردنی چالاکیی خوێندکاری لە ئێران دا، شتێکی ئەوتۆ نابینین کە بتوانین ناوی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستانی لــێ بنێین. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ. یەکەم ئەوە کە لە سەرەتاکانی دامەزرانی زانکۆ لە ئێران دا، ئاستی ئابووریی کوردستان وا نەبوو کە خەڵك بتوانن بژێوی خۆیانو خەرجی خوێندنی منداڵەکانیان لە تاران، دابین بکەن، بۆیە دەبینین کە ئەگەر لاوێکی کورد لەو سەردەمەدا توانیبێتی لە زانکۆدا بخوێنێ بێشك لە بنە ماڵەی دەس ڕویشتو یان منداڵی ئاغاو سەروك عەشیرەتێك بووە کە لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی زۆر خۆی لە چالاکیی سیاسی نەداوە.

دووهەم، نزمبوونی ئاستی وشیاریی نەتەوەییو زاڵبوونی هێژموونیی سەرچاوە نەریتییەکان بەسەر بیری کۆمەڵگادا، خوێندکارانی کورد بەرەو لای بیرو هزری ناوەندو فیکری دەسەڵاتدار هان دەدا یان ئەگەر لە بەرامبەر دەسەڵاتدا هەڵوێستی بگرتایە، وەکوو خوێندکارێك لە چوار چێوەی جوولانەوەی سەرتاسەریدا، هەڵوێستی دەگرت. هەر چەند لەو نێوەدا کەسانێکی ئێلیتو بلیمەت هەبوون کە هەم بیرو ئەندێشەی مودێڕنو پێشکەوتوویان وەردەگرتو هەم پێناسەیەکی نەتەوەییان بە چالاکییەکانیان دەبەخشی. ڕێبەری گەورەو بلیمەتی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، یەکێك لەو خوێندکارانەی ئەو سەردەمە بوو کە هەر چەند پێگە کۆمەڵایەتییەکەی سەر بە چینی باڵادەستو خۆش گوزەرانی کوردستان بوو، بەڵام لەبەر بلیمەتیو هەڵکەوتوویی، بیرو ئەندیشەی چوار چێوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بەزاندو وەکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی مودێڕن خۆی نواند.

دەتوانین یەکەم قۆناخی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان بۆ ئاخرەکانی دەیەی ٤٠و بۆ ڕاپەرینە پرشکۆو مەزنە چەکدارییەکانی ٤٧ـ٤٦ی کوردستان بگەڕێنینەوە.

ئەو ساڵانە کە دەبێتە٦٨ـ٦٧ی زایینی، هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئورووپاو لووتکەی ئەو بزاڤە کە ڕووداوە خوێندکارییەکانی ٦٨ی فەرانسەی لــێکەوتەوە، هەروەها هاوکاتە لەگەڵ خەباتی چەکداری لە ئەمریکای لاتینو جموجۆڵو تێکۆشانەکانی چێگوارا. لە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەو لەبەر تووڕە بوونو نائومێد بوونی خوێندکاران لە هەڵسوکەوتو شێوەکاری لایەنە پێشووەکان لە زانکۆ (وەکوو حیزبی توودەو "جبهه ملی" ) کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانەو ڕادیکاڵ بەسەر زانکۆدا زاڵ بوو.

چەند خوێندکارێکی کورد وەکوو شەهید سمایل شەریف زادەش کە لەو فەزادا دەژیانو لە لایەکی دیکەوە خەونو خولیاکانی نەتەوەکانیان لە بیر نەکردبوو، ڕوویان کردە شاخەکانی کوردستانو شانبەشانی خەباتگێڕانی دوورە وڵات، بە شریخەی چەکەکانیان درزیان خستە ئەو تاریکییەی بەسەر کوردستاندا سەپابوو.

لە دوای سەرکوتی خوێناویی جوولانەوەی چەکداریی ٤٧ ـ ٤٦، جموجۆڵــێکی ئەوتۆی خوێندکارانی کورد بەدی ناکرێ تا ساڵەکانی ئاخری دەسەڵاتی پەهلەوی لە دەیەی پەنجاو کۆتاییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا هەندێك چالاکیی خوێندکاری دەبینرێ، وەکوو بەشداریی خوێندکارانی کورد لە کونفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو لەو کونفێدراسیۆنەدا بەشدار بووە کە لەبەر زاڵبوونی بیری شۆڤێنیستی بە سەر کونفێدراسیۆن دا، دوکتور قاسملوو لێیدەکێشتەوە لەو کاتەدا دوکتور بە هاوفیکریی هێندێ لە دۆستان ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات دادەمەزرێنێ. چالاکیی دیکەی خوێندکارانی کورد، ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات لە زانکۆکاندا بووە کە ئەویش بە ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور سەعید لە تاران بەڕێوە چووە.

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو لەبەر گوشارو سەرکوتی ڕێژیم، ڕێگە لە چالاکیی خوێندکارانی کورد دەبەسرێ تا سەرەتای دەیەی ٧٠ . لەم کاتەداو بە چەند هۆیەك، جموجۆڵــی خوێندکارانی کورد رووله زیاد بوون دەکا.

لەم ساڵانەدایە کە لە درێژەی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردو لە ژێر کاریگەریی هزریی ئەم خەباتە ڕەوایەدا، بزاڤی ڕووناکبیریی کوردو بە دوای ئەوەدا چالاکیی خوێندکارش ڕوو لە گەشە دەکەنو دەچنە قۆناخێکی دیکەوە.

هەروا کە پێشتر باسمان کرد، لەو ساڵانەدا، خوێندکارانی کورد لە هەوڵــی ڕێکخستنی خۆیانو پەرەدان بە چالاکیی تایبەتیی خۆیان بوونو جموجۆڵێکی سەرتاسەری لە زانکۆکانی ئێراندا لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە دەستی پێکرد کە لە دەرکردنی گۆڤاری خوێندکاریو پێکهێنانی شورای خوێندکارانی کوردو بەڕێوەبردنی ڕێورەسم بە بۆنە تایبەتەکانەوەو... خۆی دەنواند.

بەڵام ئەوەی کە خاڵی لاوازی ئەم جوڵانەوە لە سەرەتاوە تا ئێستا بووە، ئەوەیە کە ڕێکخستنێکی سەرتاسەریی نەبووە. ئەم بزاڤە بە چەندین هۆو یەك لەوان گوشاری توندی دەسەڵاتی حاکم، نەیتوانیوە ئورگانیزاسیۆنێکی تایبەت بە خوێندکارانی کورد پێك بێنێ. ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانو پێویستییەکانی پێکهاتنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

**پ: لە قسەکانتان دا باسی پێکهاتنی هاوبیریو هاوکاریی پراکتیکیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ خوێندکارانی**

> **بیرو ئەندیشەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات، ئامانجو ئاواتمان، ئازادیو پاراستنی کەرامەتی ئینسانە، خەباتو هەوڵدانمان بۆ ئەوەیە کە ئینسانەکان وەکوو ئینسان چاویان لــێ بکرێو بە هیچ بیانوویەکی وەکوو ڕەنگی جیاواز، نەتەوەی جیاواز، ڕەگەزی جیاواز، چینی خواروی کۆمەڵگاو... مافیان پێشێل نەکرێ، بایەخو بەها مرۆڤانییەکان، پێوەری سەرەکیی پێکەوە ژیانمان بێ**

**ئازادیخوازی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانتان کرد. ئایا بەرنامە یان پرۆژەیەك بۆ ڕێکخستنی ئەو پێوەندیە لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ئارادایە؟**

و: دەزانین کە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێران، کێشەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێرانە. کەلتووری سیاسیی تاقمی دەسەڵاتدار لە ئێران، کەلتوورێکی پاوانخوازو شۆڤێنیستی بووە کە نەك ڕێگەی بە گەشەکردنی نەتەوەکانی ئێران نەداوە، بەڵکوو هەوڵــی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییان وتواندنەوەیان لە نەتەوەو ئیدئولۆژیی باڵادەستدا داوە.

**ئەرکی سەرشانی خوێندکارانی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە کە وشیارانەو ئاگایانە، دەنگی بەرزی نەتەوەکانیان بنو وەکوو توێژی پێشرەو وشیارو لەسەر هەست، پەردە لەسەر درۆو چەواشەکارییەکانی پاوانخوازانو شۆڤێنیستەکان هەڵ دەنەوە.**

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات لەو پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە لەگەڵ خوێندکارە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێوەندی بگرێو ئەگەر ڕێکخراوێکی خوێندکارییان هەبێ، هەنگاو بۆ خەباتی هاوبەشو پتەوکردنی هاوکاریو هاوپێوەندی هەڵ بگرێو ئەگەر ڕێکخراوێکی خوێندکاریی تایبەتیان نەبێ، تا یارمەتیدەریان بێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئورگانیزاسیۆنی تایبەتی خۆیانەوە بێنە نێو بیاڤی چالاکیی خوێندکاری.

**پ: پێوەندیی ئێوە لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبێ؟**

و: سروشتییە کە ئەوەندە خاڵــی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە کە بۆ پتەوتر کردنی پێوەندییەکان هانیان بدا. بە بۆچوونی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات، دەبێ پێوەندیی نێوان ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کوردستان، بەرەو ئاستێکی بەرزتر بڕواو هەندێك سنوورو چوارچێوە کە دەبنە کۆسپ لەسەر ڕێی حیزبە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، دەبێ لەلایەن ڕێکخراوە خوێندکارییەکانەوە ببەزینرێن. ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەبەر ئەوەی کە بەرپرسیارییەکی سیاسیی ئەوتۆیان لە سەرشان نیە کە بیانبەسێتەوە بە واقیعی سیاسییەوەو لەبەر ئەوەی کە بزاڤی خوێندکاری دەبێ لە چوارچێوەکان بڕواتە دەرو ڕچەشکێنو توێژی پێشرەوی کۆمەڵگا بێ، دەبێ هاریکاریی پراکتیکی لە نێوان خوێندکارانی بەشەکانی کوردستاندا زیاتر گەشە بکاو بگاتە ئاستێکی بڵێندتر. لەو پێوەندییەدا، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات هەوڵ دەدا لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان پێوەندی بگرێو پێشنیاری دامەزراندنی کونفێدراسیۆنێکی خوێندکارانی کورد بە هەموو ڕێکخراوەکان بدا، بۆ ئەوەی خوێندکارانی کورد لە هەر پارچەیەکو لە هەموو شوێنێك لە ژێر چەترێکی یەکگرتوودا، بتوانن لە ئاستی کێشە نەتەوەییەکان دا هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێ.

**پ: هێندێك لایەن لە نێو خوێندکارانو خوێندەڤانانو هەروەها هێندێك ڕووناکبیر پێیان وایە کە کێشەی کورد لە ئێراندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە چارە سەر ناکرێو ئەو حیزبو لایەنانە کە خەباتی چەکدارانەیان بەڕێوە بردوە، مەحکووم دەکەن. ڕای ئێوە وەکوو یەکیەتیی خوێندکاران لەسەر ئەوو بیرۆکەیە چیە؟**

و: ڕێبەری مەزنو شکۆداری کورد، شەهید دوکتور قاسملوو لە مێژ ساڵە وتوویەتی کە کێشەی کورد ڕێگا چارەی نیزامیی نیە، بەو مانایەکە دەسەڵاتی ناوەندی ناتوانێ بە ڕێگای نیزامی " کورد لە نێو هاوکێشەکان" بسرێتەوە و بەو شێوەیە کێشەکە چارە سەر بکا، هەم بەو ماناش کە هێزو توانای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ئەوەندە نیە کە بە تەنیاو بە شێوەی نیزامی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران دا بڕووخێنێ.

کێشەی کورد ڕێگا چارەی نیزامیی نیە، کوردیش شەڕخواز نیە، شەڕیان بەسەر کورددا سەپاندوە، ڕێگای نیزامی کورد هەڵــێنەبژاردوە، بەڵکوو لە بەرامبەر هێرشی درندانەی هێزە تاریکی پەرستەکانی ڕێژیمی خومەینیدا، بەرگریی لەمانو بوونو شەرفو کەرامەتی خۆی کردوە.

گەلی کورد بۆ چارەسەری کێشەکان پێشنیاری دیالۆگی داو هەئیەتی نوێنەرایەتیی دیاری کردو لەگەڵ ڕێژیمی تازەپێگەیشتوودا کەوتە وتووێژ. بەڵام ئەوە سوپای تاریکی بوو کە یەکەم نەورۆزی ئازادیی لە سند کرد بە نەورۆزی خوێناوی، ئەوە خوێنمژانی دژی ڕووناکی بوون کە کارەساتی "قارنێ"یان خولقاند، ئەوە نوێنەری ئەهریمەن لە ئێراندا بوو کە فەرمانی جیهادی دژی کورد دەرکرد. ڕێژیمی سەدە ناوەڕاستیی خومەینی تەنیا یەك ڕێگای هێشتەوە، ئەویش قسەکردن لە ڕێی لوولەی چەکەکانەوە بوو.

چ لە سەردەمی پاشایەتیو چ لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چ ئێستاو چ داهاتووش، مافی بێئەم لاو ئەولای گەلی کوردە کە بۆ بەرگری لە مانو کەرامەتی خۆی، لە بەرامبەر ڕێژیمێك دا کە هیچ زمانێك جگە لە زمانی توندو تیری نازانێ، دەست بۆ خەباتی پڕ سەروەریی چەکداری ببا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین کێشەی کورد ڕێگا چارەی نیزامیی نیە.

**پ: هەروا کە دەزانن، بە پێی ئامارەکان، زیاتر لە نیوەی خوێندکارانی ئێران، لە کچان پێك هاتون، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کچانی خوێندکاری کورد، چ بەرنامەیەکی هەیە؟ واتە مافی ژنان لە نێو بەرنامەو پلانەکانی یەکیەتیی خوێندکاراندا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟**

و: ژنو کچ لە ئێراندا زوڵمو زۆرو گوشاری دوو لایەنەیان لە سەرە. یەکەم لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بە تەواوی ماناوە ڕێژیمێکی دژی ژنەو هەر جۆر قایل بوون بە ماف بۆ ژنان وەکوو تینی خۆرەتاو بۆ سەر سەهۆڵەکانی ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی دەبینێ. هەروەها ژنان لە لایەن فەرهەنگو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، ئەو دابونەریتە دواکەوتوو و پێشمۆدێرنانەی کە هێشتا بەسەر کۆمەڵگادا زاڵن، دەکەونە بەر هەڕەشەو بەربەست لە ڕێی چالاکیی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییاندا دروست دەکا.ئەو بەربەستانەو ئەو کۆسپو تەگەرانە کە دەگاتە ژنو کچی کورد، بە چەندین بەرامبەر زیاد دەکاو تێکۆشانی کچێکی کورد لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە وەکوو تاوانی چەند لایەنە! چاوی لــێ دەکرێ.دەبینین کە کەندو کۆسپ لەسەر ڕێگای چالاکیی ژنان لە هەموو بوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو...دا زۆرنو خەباتی درێژخایەنو پشوودرێژیی دەوێ کە ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ژنان لەم وڵاتە ئەهریمەن لــێ دراوەدا، بگا بە ڕادەی پێویستو گەشە بکا. لەو بارەیەوە باسی زۆر کراوەو باسی زۆرتر هەڵ دەگرێو تەنیا ئەوەندە دەبێ بگوترێ کە پێویستە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیو بنەماکانی کەلتووری کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێك بێو دەبێ ژن لە بواری ئابووریدا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ تا بتوانێ بە مافەکانی خۆی بگاو چیتر وەکوو جینسی دووهەم چاوی لــێ نەکرێ.

بەڵام لێرەدا دێمەوە سەر پرسیارەکەتان کە دەڵێن " بە پێی ئامارەکان، زیاتر لە نیوەی خوێندکاران..."، بە تەواوی دژی ئەوەم کە وابیر بکەینەوە کە چوون ڕێژەی فلانە توێژی کۆمەڵگا لەو بوارەدا ئەوەندیە، جا ئەوکات بکەوینە فیکری ئەوە کە دەبێ هەوڵیان بۆ بدرێو خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بکرێ. ئەرکی ئینسانیی هەر ئازادیخوازێك کە لە بەرامبەر هەر جۆر تەوهینو سووکایەتییەك بە کەرامەتی تاقە ئینسانێكو پێشێلکردنی مافەکانی تەنانەت یەك کەسیش هەڵوێست بگرێو ئەوە نەبێ کە چوونکە ڕێژەی بەشخوراوەکان زیاتر لە نیوە یان فلانە، ئەوکات لە خەمی دابین کردنی مافەکانیان دا بین.

بیرو ئەندیشەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات، ئامانجو ئاواتمان، ئازادیو پاراستنی کەرامەتی ئینسانە، خەباتو هەوڵدانمان بۆ ئەوەیە کە ئینسانەکان وەکوو ئینسان چاویان لــێ بکرێو بە هیچ بیانوویەکی وەکوو ڕەنگی جیاواز، نەتەوەی جیاواز، ڕەگەزی جیاواز، چینی خواروی کۆمەڵگاو... مافیان پێشێل نەکرێ، بایەخو بەها مرۆڤانییەکان، پێوەری سەرەکیی پێکەوە ژیانمان بێ. وەکوو ڕێبەری شەهید، دوکتور قاسملوو دەڵــێ: "دێموکرات بە دژی هەر جۆرە چەوسانەوەیەکی ئینسان بە دەستی ئینسانە".

**کاك کەریم سوپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.**

**سوپاس بۆ ئێوەو سوپاس بۆ "کوردستان"یش کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندینو دەلاقەیەکی بۆ کردینەوە کە بتوانین لەگەڵ خوێندکارانی کورد بدوێین.**

**سایتی یەکیەتیی خوێندکاران:**
**www.yxd-kurdistan.com**

❊❊❊

# فیدراڵیزم، جوداییخوازی، یا پێشگرتن لە هەڵوەشانەوەی ئێران؟!

**مووسا باباخانی**

فیدراڵیزم یا فیدراسیۆن وشەیەکی لاتینییەو بە مانای دەستەو ڕێکەوتن بەکار دێ، بەڵام ئەمڕۆکە لە بواری سیاسیو حقوقییەوە مانایەکی دیکەی هەیە. فیدراڵیزم شێوە سیستمێکە کە لەودا دەسەڵات بەسەر چەن یەکەدا دابەش دەکرێ کە هەرکام لەو یەکانە یان دەوڵەتە ناوچەییانە بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیان بە ئەستۆ دەگرنو بە پێچەوانەی دەوڵەتی ناوەندگەرا هەرکام لەوانە یەکەیەکی چووکە لە دەوڵەتی ناوەندی بە ئەژمار دێن.

خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران، کێشەیەکی نوێ نیەو ماوەیەکی زۆرە کە نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان فیداکاری دەکەن. دوابەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئێرانو ناوچەکەدا هاتوونەتە ئاراوە، ئێستا باس لە هێندێك میکانیزمو گەڵاڵە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران دەکرێ. لەم ئاڵوگۆڕانە کە لە پەرەگرتن دان، ویستو داخوازیی نەتەوەکانی ئێران زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆیە تەنیا ڕێگاچارەیەك کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران ماوەتەوە، فیدراڵیزمەو دابینبوونی مافی نەتەوایەتی، نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵدا.

سێ هۆکاری سەرەکی بوونەتە هۆی هەڵبژاردنی سیستمی فیدراڵی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە بە شێوەی فیدراڵی بەڕێوە دەچن کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەو سێ هۆکارە دەکەین:

١ـ ئەو وڵاتانەی کە بەهۆی پانو بەرینیی وڵات ناچار دەبن کە دەسەڵاتەکانیان لە نێوان دەوڵەتە ناوچەییەکاندا دابەش بکەن وەك ئامریکا، برێزیلو ... .

٢ـ ئەو وڵاتانەی بەهۆی چووکەبوونو حەشیمەتی کەم ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، هەر بۆیە یەك دەگرنو وڵاتێکی نوێ دادەمەزرێنن، وەك سوئیس.

٣ـ وڵاتگەلێ کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فرەنەتەوەیی، ناچارن کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوەندگەرا بێننو شێوەو مۆدێلی فیدراڵیزم هەڵبژێرنو لە وڵاتدا جێگیری بکەن وەك هێند، بێلژیكو ... .

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران بە سەرۆکایەتیی ڕەزاخانو دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەکی، هەر لە سەرتاوە کێشەی فرەنەتەوەیی ئێران بووە کێشەیەکی گەورە کە دەتوانین بڵێین لە ماوەی ئەم ٨٠ ساڵەدا سەرەکیترین گرفتی کۆمەڵگای ئێران کێشەی نەتەوایەتی بووە. بە داخەوە هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتی ناوەندی دەستی دایە نەتەوەسازیو پروپاگەندە بۆ بەڕەسمیکردنی زمان، فەرهەنگو مەزهەبی نەتەوەیی دەسەڵات بەدەست، واتە نەتەوەی فارس کە ئەمە سەرەتای ستەمی فەرهەنگی لە ئێراندا بوو یا بە واتایەکی دیکە سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن دژی نەتەوە غەیرە فارەسەکان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندگەرا لە ئێران دەستی پێ کردوە.

### چەند هۆکار بۆ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی فیدراڵ لە ئێران

**١ـ ئێرانی فرە نەتەوەیی**

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە کورد، بەلووچ، ئازەری، تورکمەن، عەرەبو فارس پێکهاتەی نەتەوەیی ئێران پێك دێنن. لە وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەبی وەك ئێران، ٨٠ ساڵە کە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات ناوەندگەرایەو ئێستاشی لەگەڵ بێ زمانو فەرهەنگی هیچ کام لەو نەتەوانە (بێجگە لە فارس) بە ڕەسمی دانیان پێدا نەنراوەو بە توندی وەڵامی ویستو داخوازەکانیان دراوەتەوەو لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندگەراوە سەرکوت کراون تا ئەو کاتەی مافی نەتەوەکانی ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا دانی پێدا نەنرێ، شەڕو کێشەی نەتەوایەتی هەروا درێژەی دەبێو دەتوانێ هەڕەشە لە سەر یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش بکا. ئێستاش کە بەجیهانیبوون هەموو سنوورەکانی بەزاندوە، دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران یان لە داهاتوودا هەر گرووپو سازمانێك دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە بەڕەسمیناسینی مافی نەتەوەکانی ئێرانو دابەشنەکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئێرانو تەنیا بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە بۆ ئەم قۆناغە سیستمی فیدراڵی وەڵامدەر دەبێ.

**٢ـ دابەشکردنی دەسەڵات**

هۆکارێکی دیکە کە بۆ پێشگرتن لە هەڵوەشانەوەو پارچەپارچەبوونی ئێران پێویستە، ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵاتی ناوەندی نەمێنێ کە مانای دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر نەتەوەکانی ئێران یا دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسییە.

دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووری دەبێتە هۆی نەمانی ناوەندگەرایی مۆتلەقو هیچ سازمان یا گرووپێك ناتوانێ بە نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێران بڕیار بداو داهاتە گشتییەکانی وڵات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دابەش بکاو هەموو گەلانی غەیری فارس لە ژیانی سیاسیی خۆیان بێبەش بکەن. دابەشکردنی دەسەڵات بە مانای بەشداریکردنی خەڵکە لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا، دابەشکردنی عادیلانەی داهاتی سامانە سروشتییەکانە. هەر بۆیە مۆدێلێکی وەها کۆمەڵگای ئێران بەرەو مەدەنییەتو دێموکراسی دەباو دەتوانێ کێشەی نەتەوەکانی ئێران چارەسەر بکا، هەر بۆیە هەر پلاتفۆرمێکی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران کە مافی نەتەوەکانی ئێران تێیدا نەگونجێنرابێ، یەکپارچەیی خاکی ئێرانە دەکەوێتە مەترسییەوە یا بە واتایەکیتر ئەو شتەی وەدی دێ کە موخالیفانی فیدراڵیزم خوازیاری ئەون.

دێموکراتیزاسیۆن لە جیهاندا پەرەی سەندوەو ئەوە دەخوازێ کە خەڵك هەرچی زووتر لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بکرێنو بە کردەوە لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بە قازانجی گەلانی پێکهێنەری هەر وڵاتێك کەم بکرێتەوە. ئەو بۆچوونەو فەرهەنگی دێموکراسیو بڕواهێنان بە سەروەریی خەڵك، دەبێ نیهادینە بکرێو هێزە سیاسییەکانیش دەبێ بە بەرنامەو بە کردەوە ئەو مەسەلە لەبەرچاو بگرن، بەڵام ئایا لە نێو هێزە سیاسییەکانی ئێراندا ئەو ڕەوتە ڕەگی داکوتاوە؟ بە داخەوە لە بەرنامەگەلی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەکوو چەپەکان، ئیسلامییەکانو سەڵتەنەتخوازەکانو ...دا جۆرێکی دیکە لە مەسەلەی نەتەوایەتی تەعبیر دەکرێ. بەتایبەت چەپەکان فیدراڵیزم بە بەرهەمی بورژوازیو فیدراڵخوازەکان بە نوێنەری ئیمپریالیزم دەزاننو پێیان وایە فیدراڵیزم ڕێگە خۆشکەر دەبێ بۆ جیابوونەوەی نەتەوەکان لە یەکترو نانەوەی دووبەرەکیو ئاژاوە. سەڵتەنەتخوازەکانیش لە ژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات دژی هەر چەشنە دابەشکردنێکی دەسەڵاتی سیاسین و هێزە ئیسلامییەکانیش بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی نیەو لە فەلسەفی ئەوان نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم هیچ بوونێکی نیەو تەنانەت ئەوانیش وەك چەپەکان نەتەوەخوازی بە بیرو هزری ڕۆژئاوایی دوزاننو تەنیا شتی گرینگ لە لای ئەوان "ئومەتی ئیسلامە"و ئیسلامیش هیچ گەڵاڵەو بەرنامەیەکی بۆ کێشەی نەتەوایەتی نیە.

لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی کورت بە گرینگیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دامەزراندنی سیستمی فیدراڵیزم لە ئێراندا دەکەین:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە هاوکێشەکانی هێز لە بواری نێونەتەوەییو ناوچەییدا، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گونجاوترینو لەبارترین دروشمو میکانیزم بۆ چارەسەریی کێشەی نەتەوەکانی ئێران، میکانیزمی فیدراڵیزمە لەسەر بناغەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا. دیاریکردنی ئەم شێوە چارەنووسە بۆ کورد لە لایەك پشت دەبەستێ بە ئەزموونی فیدراڵیزم لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووو فرەگەلو بەرهەمێکی باشی لەباری پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە وڵاتێکدا نیشان داوەو مافی یەکسانی بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەر کردوە. گومانیشمان لەوەدا نیە کە فیدراڵیزم، سەربەخۆیی یان بە گشتی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی دیاریکردنی چارەنووس، ئەو کاتە دەتوانێ بەڕاستی ویستو داخوازیی گەلو تاکەکانی گەل وەدی بێنێ کە لەسەر بنەمای دێموکراسی دامەزرابێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە هاوکێشەکانی هێز لە بواری نێونەتەوەییو ناوچەییدا، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گونجاوترین و لەبارترین دروشمو میکانیزم بۆ چارەسەریی کێشەی نەتەوەکانی ئێران، میکانیزمی فیدراڵیزمە لەسەر بناغەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا**

✻✻✻

# دەستەیەکی دیکە لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان، جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی

## کۆتایی هاتنی دەورەی ١٧١ی سەرەتایی پێشمەرگە



ڕۆژی چوارشەممە ٩ی سەرماوەزی ١٣٨٤، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆو تایبەت بە بۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتایی ڕاهێنانی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزب پێك هات.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لەودا هەیئەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بەرپرسو کادرو پێشمەرگەو مامۆستایانی فێرگەو بەشدارانی دەورەکانی ١٧١و ١٧٢ بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتی دەستی پێکرد. دواتر بەرپرسی فێرگە بەڕێز حەسەن قادرزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەدوای ئەودا ڕاپۆرتی ئامووزشیو پەیامی بەشدارانی دەورەکە خوێندرایەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودو گۆرانیو بەرنامەی هونەریی کۆتایی پێهات. دواتر بەشدارانی دەورەکە بەرەو شوێنی کاری پێشمەرگانەیان بەڕێ کران.

✻✻✻

# تێکۆشانی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

### بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی لە لایەن کومیتەی حیزب لە دۆرتموند ـ ئاڵمان

ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٦ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان سمینارێکی سیاسی لەژێر سەردێری "بارودۆخی سیاسیی ئێرانو کوردستان"و هەروەها "سیستمی فیدراڵی لە ئێران" لە شاری دۆرتموند پێك هێنا. سمینارەکە لە سەعاتی ٤ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکردو سەعاتی ٧:٣٠ ئێوارە کۆتایی پێهات. سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری کۆڕەکە کاك عەلی محەممەدی وتەیەك پێشکەش کراو ئامادەبووانی بەخێرهاتن کرد. پاشان کاك خالید حەسەن پوور، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان باسەکەی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێرانو کوردستان پێشکەش کرد. پاشان کاك سوڵتان گولاوی، ئەندامی کومیتەی ئاڵمان باسێکی سەبارەت بە سیستێمی فیدراڵی لە ئێران پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا بەشداران بیروبۆچوونی خۆیان هێنایە بەر باسو لە لایەن کاك خالیدو کاك سوڵتانەوە وڵامی پێویستیان پێ درایەوە. شایانی باسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی ئەیالەتی NRW لە کۆڕەکەدا بەشدار بوونو بە دەربڕینی ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

✻✻✻

### بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێك لە دژی ڕێژیم لە لایەن کومیتەی حیزبەوە لە ئوتریش

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوتریش بۆ مەحکووم کردنی کردەوەو سیاسەتی دژیگەلییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٥دا بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێرانو ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (زۆرینە) لە کاتژمێر ٨ی بەیانیی تا ١١ی پێش نیوەڕۆ خۆپیشاندانێکیان لە پێش بارەگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش ڕێکخست.

ئەو خۆپیشاندانە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی وزەی ناوکیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی وزەی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئەگەری ناردنی پەروەندەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران بۆ شوورای پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لەم خۆپیشاندانانەدا پلاکارتی جۆراوجۆر بە زمانی ئینگلیسیو ئاڵمانی ئامادەو هەڵکرابوو. خۆپیشاندەران بەدانی دروشم بە دژی ڕێژیمو مەحکووم کردنی جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان سەرنجی خەڵکیان بۆ داواکانیان ڕاکێشاو هەروەها هەواڵدەرییەکانیش فیلمیان لێ هەڵگرت.

ویستی خۆپیشاندەران ئەوە بوو کە یەکێ لە مەرجەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وتوویێژ لەگەڵ ئێران دەبێ دابینکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئێران دا بێت.

# بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی: سوهەیلا وەحدەتی
وەرگێڕان بۆ کوردی: قادر وریا

٢٥ی نوامبر، بە ڕۆژی جیهانیی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩، لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا. بەم بۆنەیەوە وەرگێڕاوی "بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان" کە پەسندکراوی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو، مەبەست لە توندوتیژی دژی ژنانو ئەرکی دەوڵەتانو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو پێوەندییەدا، ڕوون دەکاتەوە، لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

بڕیارنامەی ١٠٤/ ٤٨ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆڕی گشتی،

بە ئاگاداری لەم پێویستی‌یە بە پەلەیە کە مافەکانو بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتی‌و گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم مافو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، بۆ وێنە لە "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"[1]، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان"[2]، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکان"[2]، "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"[3] و "کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار یا سزای توندوتیژ، نامرۆیی‌و پڕ لە سووکایەتی"[4]دا، ڕێزیان لێ گیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری "کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان" یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، "بەیاننامەی نەهێستنی توندوتیژی بە دژی ژنان" بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتی‌یە، هەروەك لە "ستراتیژی‌یە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرویی بۆ پێشکەوتنی ژنان"دا ڕوون کراوەتەوەو لەواندا هێندێك گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ژنانو، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادییانە تاڕادەیەك یا بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانی‌و بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنانو پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردنو هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بەتەواویی ژنانی لێ کەوتۆتەوە،

هەروەها [بە ئاگاداری لەمە کە] توندوتیژی دژی ژنان یەکێك لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتی‌یە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێك لە گرووپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گرووپە کەمایەتی‌یەکان، ژنانی خۆ وڵاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یا ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێ‌نەوا، ژنانی بەندکراو یا دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستانو بێ‌توانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرامبەر توندوتیژی‌دا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شورای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٥/١٩٩٠)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو لە سنووری داهات، چینو کەلتوور تێدەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٨/١٩٩١ی شورای ئابووری‌و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەك پێشوازی لە ڕۆڵێك کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕاکێشانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆك، جیددیبوونو ڕەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەست کردنی ئەم مەترسی‌یە کە دەرەتانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکانو بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەك لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسكو سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو ڕوون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی ڕوون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ ڕەچاو بکرێنو دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێك لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی ڕێزگرتن لەبەرپرسایەتی‌یەکانیانو، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا ڕادەگەیەنین‌و سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندنو ڕێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی "توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵك یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی‌دا ڕوو دەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسی‌و دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتی‌داو توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی‌و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا ڕوو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی‌و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکانو شوێنەکانی دیکەدا، کڕینو فرۆشتنی ژنانو لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنی‌و دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی ٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [لەگەڵ پیاوان] مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆیی‌یەکانو ئازادیی‌یە بنەڕەتی‌یەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، مەدەنی‌و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو مافو ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

(ئەلف) مافی ژیان[6]

(ب) مافی یەکسانی[7]

(پ) مافی ئازادی‌و ئاسایشی کەسی[8]

(ت) مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە[7]

(ج) مافی ڕزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن[7]

(چ) مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین ڕادەی گونجاوی سلامەتیی جەستەیی‌و دەروونی[9]

(ح) مافی [هەبوونی] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای ڕەزامەندی بۆ کار[10]

(خ) مافی ئەوە کەتاك نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یا سزاو ڕەفتاری توندوتیژی، نامرۆیی‌و پڕسووکایەتی.[11]

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو نابێ هیچ دابونەریت یا تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام[نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی‌دا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێ‌ڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

(ئەلف) ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یا بەشێوەی ڕەسمی بن بە ئەندامی‌و، واز لە مەرجە تایبەتی‌یەکانی خۆیان لەبارەی ئەم کۆنوانسیۆنەوە بێنن.

(ب) لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژی‌یەك، خۆ بپارێزن،

(پ) بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی‌و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندی‌یەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتی‌یەوە.

(ت) لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاری‌و ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجام دراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزاییان بۆ دابین بکرێ‌و، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانو وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

(ج) بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژیی‌یەك، یا زیادکردنی هێندێك ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێك بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژیی‌یەوە خەریکن.

(چ) دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی‌و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداری‌و کەلتووری‌دا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژیی‌یەك بەرەو پێ دەدەنو دەبنە دەستەبەرێك بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینی‌یە جینسی‌یەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتی‌یەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

(ح) هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی‌و، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتی‌یە تایبەتییەکانی وەك توانایی پێ بەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستی‌و چاوەدێریی منداڵانو ژیانو بەڕێچووندا، دەرمان، ڕاوێژکاری‌و خزمەتە لەشساغی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکانو ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایشو توانایی بەخشینی جەستەیی‌و دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

(خ) لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

(د) بۆ فێرکردنو ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایشو بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزای توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستی‌یەکانی ژنان هەستیار بن.

(ر) هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاری‌دا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکانی ڕەفتاری پیاوو ژندا بکەنو، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باوو هەموو چەشنە ڕەفتارێك کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یا باڵادەستیی جنسیکەو، ژنو پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

(ز) لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاری‌و ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەیی‌و شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆك، ڕادەی جیددیبوونو ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنانو، ڕادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی‌و هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبی بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

(ژ) هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرامبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

(س) لەو ڕاپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، [ڕاپۆرتی] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

(ش) هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم ڕاگەیەندراوە بن.

(ع) هاوکاریی چالاکی‌و تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی‌و ناوچەیی‌دا یارمەتییان بدەن.

(غ) ڕێکخراوە ناوچەیی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

**ماددەی ٥:**

ئورگانەکانو نوێنەرایەتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایاندایە، یارمەتیی ناساندنو هێنانەدیی ئەو مافو بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف) یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکاری‌یە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژی‌یە ناوچەیی‌یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکانو، بەرنامەماڵی‌یەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب) هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ) یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاوی‌و هاوبەشیی نێوان بنیاتو ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت) لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفتو دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئامادەی دەکەن، وەك ڕاپۆرتە ناوبەناوەکان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیلو بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش بگونجێنن.

ج) فۆرمۆلەکردنی پلانی کاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ) پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتی‌یەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

**ماددەی ٦:**

هیچ شتێك لەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یەك لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێك یا هەر ڕێککەوتنو پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یا هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێك جێبەجێ دەکرێ‌و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕوونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

پەراوێزەکان:

(١) بڕیارنامەی (٢١٧ AIII)
(٢) بڕوانە بڕیارنامەی AXXI2200، هاوپێچ
(٣) بڕوانە بڕیارنامەی ٣٤/١٨٠، هاوپێچ
(٤) بڕیارنامەی ٣٩/٤٦، هاوپێچ
(٥) ڕاپۆرتی کۆنفرانسی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکانی دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان: یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتی، نایرووبی، ١٥ ـ ٢٦ی ژوئیەی ١٩٨٥ (لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی E. 85. IV.10) فەسڵی I، بەشی A
(٦) بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی سێهەم، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، ماددەی ٦.
(٧) پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، ماددەی ٢٦.
(٨) بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٣و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، ماددەی ٩.
(٩) پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکان، ماددەی ١٢.
(١٠) بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٢٣و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکان، ماددەکانی ٦و ٧.
(١١) بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٥، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان، ماددەی ٧و، کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجە، ڕەفتار یا سزای توند، نامرۆیی‌و پڕ سووکایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"

***

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 426 6 Dec 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com e- mail: pdkiran@club-internet.fr e- mail: rdk_iran@yahoocom

بەر لەماڵاوایی

# هەڵبژاردنی داهاتوو

## تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز لەبەردەم گەلی کورد لە عێراق دا

ع. وریا

**گەلی کورد لە وڵاتی عێراق، هەروا کە رۆڵێکی تایبەتی لە بەربەرەکانیی شۆڤێنیزمو دیکتاتۆریو رووخاندنی رێژیمی فاشیستی بەعس دا هەبوو، لە جێگیر کردنی بناغەکانی عێراقی نوێش دا، رۆڵی سەرەکیی هەبووە.**

ئەگەر، سەرکەوتنو سەربەرزیی کورد لە قۆناغەکانی پێشووی خەباتەکەیدا بەرهەمی تێکۆشانی خوێناویو قوربانیدانی بێدریغو شێلگیربوون لەسەر ویستو داوا رەواکانی بووە، ئەم رۆڵە شایانی رێزلێنانەشی لە بنیاتنانەوەی عێراق دا، ئاکامی دەرکو تێگەیشتنی دروستی لە پرۆسەی گۆڕانەکانو بەشداریی چالاکانەو ژیرانەی لە دامەزراندنی بناغەکانی عێراقی نوێ بە پێی رێوشوێنە ئاشتیخوازانەو دێموکراتیکەکان بووە.

"دەرکو تێگەیشتنی دروستو بەشداریی چالاکانەو ژیرانە" بۆ گەلی کورد لە عێراق بەگشتیو رێبەرایەتییە سیاسییەکەی لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتەکەیان دا، سیفەتێك نین کە هەروا بێ لێکدانەوەو بە تەعاروف پێیان درابێ. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوان واقیع بینانە بەو راستییە گەیشتوون کە بەهۆی جۆراوجۆر ئیمکانی جیابوونەوە لە عێراقو پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆیان نیە. هەروەها دەشزانن کە عێراقی نوێ نەك بە شێوەی رابردوو، بەڵکوو دەبێ لەسەر بناغەی رێککەوتنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیو هاوبەشیی هەموان لە دەسەڵاتو دابین بوونی مافە رەواو بنەڕەتییەکانی پێکهێنەرانی، دابمەزرێ. رێککەوتنێك کە هەرکام لە نەتەوەو ئایینو بەشەکانی ئەو وڵاتە بەقەرا قورساییو سەنگی خۆی رۆڵی لە دەسەڵاتو ناوەندەکانی بڕیاردان دا هەبێت.

کورد نەتەوەی دووهەمی عێراقەو خاکەکەشی بەشێکی گەورە لە وڵات پێك دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەش دا هەم مێژوویەکی دوورودرێژ، پڕ سەروەریو سەرانسەر قوربانیدانی لە هێنانەدیی رزگاریی عێراق لە چەنگ دیکتاتۆریو ملهوڕیدا هەیە، هەم سامانێکی مەعنەویی دەوڵەمەندی بۆ بەڕێوەبردنی عێراقێکی ئازادو دێموکراتیك وەسەریەك ناوە کە پێگەیاندنی سەدانو هەزاران رێبەرو کادری سیاسی، دیپلومات، مافناس، بەڕێوەبەرو کادری بەڕێوەبردنی حکوومەتو، ئەزموونی زیاتر لە دەیەیەك دەسەڵاتدارەتیو بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆیو، کەلتوورێکی دەوڵەمەند (بە بەراورد لەگەڵ عێراق بەگشتی) لە تەمرینی دێموکراسیو پێکەوە حاوانەوەی نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆرو بیروڕای سیاسیی جیاوازدا، بەشێکی کەم لەو سامانەن.هەربۆیە مافی بێئەملاو ئەولای خۆی بووە کە هەوڵی وەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسیی گرنگو هەبوونی رۆڵی گەورە لە بەڕێوەبردنی عێراق دا بدا.گونجاندنی بەشێکی بەرچاو لە مافە نەتەوەیییەکانی خۆی لە دەستووری عێراق دا، وەدەستهێنانی پۆستی گەورەو گرنگی وەك سەرکۆماریو چەندین وەزارەتی گرنگ، جێگیرکردنی رێژەی سەدی ١٧ی داهاتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانو کۆمەڵێك دەسکەوتی دیکە، بەرهەمی رووبەروو بوونەوەی ژیرانەی ئەو گەلە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان، یا بە وتەیەکی دیکە بەشداریی چالاکانەی لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراقو راپرسی بۆ دەستووری ئەو وڵاتەدا بووە. ئەمانەش نەدەهاتنە دی ئەگەر یەك هەڵوێستیو یەکڕیزی لەنێوان هێزو رێکخراوەکانی کوردستان دا پێك نەهاتبایەو لە ئاکامی ئەو یەك هەڵوێستیو یەکیەتییە، لە دەسەڵاتو پەرلمانی عێراق دا، کورد جێگەو پێگەیەکی مەحکەمی بۆخۆی دابین نەکردبا.

هەڵبژاردنی پارلمانیی عێراق کە بڕیارە رۆژی ١٥ی دیسامبری ئەمساڵ بەڕێوەبچێ، جارێکی دیکە گەلی کوردی لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئەم هەڵبژاردنە سەرانسەرییە، پەرلمانێك بۆ ماوەی ٤ ساڵی داهاتووی عێراق هەڵدەبژێرێ. ئەگەر لەم هەڵبژاردنەش دا، گەلی کورد لە عێراق چالاکانە لە دەنگدان دا بەشدار بێو رێژەیەکی هەرچی زیاتر لە نوێنەرانی خۆی بنێرێتە پەرلمان، دەتوانێ بە چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا گەشبین بێو شانبەشانی پاراستنی دەسکەوتەکانی تا ئێستای، زۆر دەسکەوتی دیکەش بەدەست بێنێ. دیارە لێرەدا هەر زۆریی نوێنەران مەبەست نیە، بەڵکوو هەڵوێستو بۆچوونو بەستراوەیی سیاسیی ئەو نوێنەرانەو رادەی پابەندبوونیان بە بەرژەوەندە نەتەوەیییەکانی خەڵکی کوردستان گرنگە.

چارەنووسساز بوونی هەڵبژاردنی ١٥ی دیسامبر لەوە دایە کە:

زۆر لەو دەسکەوتانەی گەلی کوردو خەڵکی عێراق بەگشتی وەدەستیان هێناون، لە دیاریکردنی سیستەمی فیدراڵو پلۆراڵی رابگرە تا ئەو مافو ئازادییانەی لە دەستووردا هاتوون، نەك هەر بە دڵی ژمارەیەك هێزو گرووپی سیاسی نین، بەڵکوو دژیانو ئەگەر لە پەرلمان دا دەستیان بڕوا، کۆسپو بەربەستی جۆراوجۆر لەسەر رێی هاتنەدیی بەکردەوەیان دروست دەکەن. لەلایەکی دیکەوە، سەنگو قورسایی لایەنو پێکهاتە سیاسی، نەتەوەییو ئایینییەکان لە پەرلمانی داهاتوودا،کاریگەریی راستەوخۆی دەبێ لەسەر دیاریکردنەوەو دابەشینی پۆستە سەرەکییەکانی دەسەڵاتو وەزارەتخانەکان. هەر ئەو پەرلمانە لەسەر دیاریکردنەوەی بوودجەی هەرێمەکان بڕیار دەدا. لە هەمووی ئەمانەش گرنگتر هێشتا زۆر کێشەی گرنگی پێوەندیدار بە چارەنووسی کوردو هەموو عێراق ماون کە لە دەستووردا بە چارەسەر نەکراوی ماونو، ساخکردنەوەیان هەڵگیراوە بۆ ئەم پارلمانە. چارەنووسی کێشەی کەرکووك، خانەقین، مەندەلی، مەخموور، شەنگارو ناوچە تەعریب کراوەکان یەك لەم کێشانەیە. شتێکی زۆر روونە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە یەك هەڵوێستیو چالاکانەو لەوپەڕی وشیاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردن دا، لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبن، دەرفەتێکی مێژوویی لەکیس خۆیان دەدەنو ئەو پەژیوانییە دەچێژن کە سوننییەکانی عێراق لە ئاکامی پشت کردنیان لە دوو هەڵبژاردنو دەنگدانی پێشوودا تووشی بوون. دەرك نەکردنی ئەستەمبوونی ئەو تاقیکردنەوەیە، نەك هەر کەمتەرخەمییە لە ئاست داهاتووی چارەنووسی کورد، بەڵکوو بە بادانی ئەو دەسکەوتانەشە کە گەلی کورد پاشی زیاتر لە نیو سەدە مەرگەساتو قوربانیدان پێیان گەیشتوە.

قسەکردن لە کەمتەرخەمی لە ئاست ئەم هەڵبژاردنەو ئاماژە بە مەترسییەکانی، ئەویش بە دوای رێزنان لە یەك هەڵوێستیو بەشداریی چالاکانەی گەلی کورد لە عێراق لە دوو هەڵبژاردنەکەی پێشوودا، ئەم پرسیارە دێنێتە پێش کە "بۆ مەگەر چی رووی داوە؟ ئایا قەرار نیە ئەمجارەیش هەمان حەماسە لە کوردستان دووپات بێتەوە؟" شاراوە نیە کە رەخنەو گازەندەیەکی بەرچاو لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی بەشێك لە بەرپرسانو دامو دەزگا حکوومەتیو حیزبییەکان دا کۆبۆتەوە. بەشێك لەم رەخنەو نارەزایەتییانە، لەلایەن رێبەرانو بەرپرسانی پلەیەکو پایە بەرزی کوردستانیش دانیان پێدانراوەو بەرێزەوە وەرگیراونو بەرەوا زانراون. بەڵام گومانیشی تێدا نیە کە زۆر دەست لە کاردان کە بە ئەنقەست یا نائاگایانە دەیانهەوێ رەخنەو گلەیی بەجێو بێجێ زیاد لە رادە گەورە بکەنەوەو بیکەنە هەوێنی دڵسارد کردنەوەی خەڵك لە دەنگدان. دیارە رەخنەگرتنو لێپرسینەوە لە رێبەران، نوێنەرانو کاربەدەستان، مافی بێ ئەم لاو ئەولای خەڵکەو ئەمە یەك لە سەرەکیترین بنەماکانی دێمۆکراسییە. بەڵام قۆزتنەوەی ئەم جۆرە نارەزایەتییەو کەڵکی خراپ لێوەرگرتن بە مەبەستی دڵساردکردنەوەی خەڵك لە جێبەجێکردنی ئەرکێکی نەتەوەییو چارەنووسساز، تاوانێکی گەورەیە کە دەچێتە خانەی ئاو لە ئاشی نەیارانی ناسراوی نەتەوەکەمان کردن.

بەم هیوایەی هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بە هەست کردن بە هەڕەشەو مەترسییەکانی سەرڕێی چارەنووسی گەلەکەیان، بە پێشوازی هەڵبژاردنی ١٥ی دیسامبرەوە بچنو لەبیریان بێ ئەگەر ئەم دەرفەتە لە کیس گەلی کورد بدەن لەوانەیە "نە از تاك نشان ماند و نە از تاکنشان" (نە ڕەز بمێنێو نە ڕەزەوان).

چیاکانی کوردستان

# Chel- chameh چل چەمە



چل چەمە بەرزترین چیای باکووری زنجیرە کێوی زاگروسو گرنگترین سەرچاوەی ئاوی پارێزگەی کوردستانە. بەرزایی ئەم کێوە ٣١٧٥ میترەو، لە ٥٣ کیلومیتریی باشووری رۆژهەڵاتی سەقزو باکووری رۆژئاوای دیواندەرە هەڵکەوتوە. سەرچاوەی چەندین چۆم دەچێتەوە بۆ بەرزاییە جوانەکانی چل چەمە. بۆ وێنە "زرینە رود" کە پاش تێکەڵبوونەوە لەگەڵ چەند چۆمی بچووکتر، دەڕژێتە نێو گۆمی ورمێ. چۆمێکی دیکە، کە لە بەرازییەکانی چل چەمەوە سەرچاوە دەگرێ، چۆمی "قزل اوزن"ە کە پاش تێپەڕ بوون بە کێوەکانی هەزارکانیانو تێکەڵبوون لەگەڵ لقە لاوەکییەکانی ئاوەکانی چیای "ساراڵ"، تێکەڵی لقی سەرەکیی "قزل اوزن" دەبێ. ئەم چەمە بە درێژترین چەمی پارێزگای کوردستان دادەنرێ.

لە تایبەتمەندییەکانی چیای چل چەمە دەتوانین ئاو و هەوای فێنك، بوونی کێوو بەرزایی لاوەکیو بەردەوام، شیوو دۆڵی قووڵو تاڤگەی بێوێنەو سەرنج راکێش شانبەشانی رووبەری گیایی بێوێنەو کانیاوە ساردەکانی وەك "کانی چاوڕەش" ناو ببەین. بەرزاییەکانی چل چەمە سەرچاوەی کۆمەڵێك چۆمی بەربڵاوی دیکەشن کە دەکرێ ئاماژە بە "شوری"، "چل چەمە"، "حلە باد"و چۆمی "جەغەتوو" بکەین.

جوانییە کەم وێنەکانی ئەم کوێستانە، لەم ساڵانەی دواییدا، کردوویە بە سەیرانگەو یەکێك لە جەمسەرە کەم وێنەکانی کوردستانگەری، کێوپێوانو ئێکۆتوریزمی ئێرانو جیهان. نزیکترینو یەکێك لە جوانترین رێبازەکانی سەرکەوتن بەرەو بەرزاییەکانی چل چەمە، دێی "بست"ە کە لە داوێنی ئەم چیایە هەڵکەوتوە. چل چەمە، هیچ حەشارگەیەکی زستانیی نیەو ماوەی چوونو گەڕانەوە بۆ سەرکەوتن لە ترۆپکی ئەم چیایە، ٨ کاتژمێرە.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان"، دفتر اول: کوهها، ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی، چاپی یەکەم، هاوینی ١٣٨٤، کوردستانی ئێران.

# سێ یەکی منداڵانی جیهان لە هەژاریی تەواودا دەژین



٢٩ی نوامبری ئەمساڵ پەنجاهەمین ساڵڕۆژی ناودێرکردنی رۆژی جیهانیی منداڵان بوو. یونیسێف، سندووقی منداڵانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەلومەرجی نائاسایی کە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێك هات، داوای لە هەموو خەڵکی جیهان کرد بەم بۆنەیەوە لەهەر کوێیەکنو لەهەر هەلومەرجێك دا دەژین، بۆ دابین کردنی مافەکانی منداڵان تێبکۆشن.

لە ٢١ی سێپتامبری ١٩٥٤ واتە لەکاتی پێکهاتنی نۆهەمین کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، وڵاتانی ئەندامی ئەو رێکخراوە داوایان لە یونیسێف کرد رۆژێك بۆ منداڵانی جیهان تەرخان بکا. پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان، دابینکردنی خۆشەویستی بۆ منداڵانی سەرانسەری جیهانو بەهێزکردنی ئامانجەکانی یونیسێف لە ئامانجەکانی ناودێرکرانی رۆژێك وەك رۆژی منداڵانی جیهان بوو.

یونیسێف رۆژی ٢٩ی نوامبری هەر ساڵێکی وەك رۆژی جیهانیی منداڵان ناودێر کردوە. یونیسێف لە هەموو وڵاتانی ئەندام داوا دەکا نێوەرۆکی کونوانسیۆنی مافەکانی منداڵان کە لە ٢٠ی نوامبری ١٩٨٩دا لەلایەن ئەم رێکخراوە جیهانییەوە پەسند کرا، بێننە دی.

بە پێی راپۆرتی یونیسێف، سێ یەکی نزیکەی ٢ میلیارد منداڵانی جیهان، لە هەژاریی تەواودا دەژین. ٩ میلیۆن منداڵ بەرلەوەی بگەنە تەمەنی پێنج ساڵی دەمرن. ٢٤٦ میلیۆن منداڵ لە تەمەنی ٥ تا ١٧ ساڵیدا بە حەقدەستی زۆر کەمەوە کار دەکەنو بژیوی بنەماڵەکەیان وەدەست دەخەن. ئەگەرچی هەژاری لە ئاسیا، ئەمریکای باشوورو تەنانەت ئورووپاش دا، کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام ناوەندی سەرەکیی هەژارانی جیهان ئەفریقایە. لە زۆر وڵاتانی جیهان دا، منداڵانێك کە تەمەنیان تەنیا ٨ ساڵە، دەبێ هەموو رۆژانی حەوتوو و هەر رۆژێکیش زیاتر لە ٨ سەعات کار بکەن. دایكو بابی زۆر لە منداڵان، بەهۆی هەژاریی زۆر، منداڵانیان بە بنەماڵە دەسترۆیشتووەکان دەفرۆشن. ژمارەیەکی زۆر لەو کچە مێرمنداڵانەی لە ماڵان کولفەتی دەکەن، دەستدرێژیی جینسییان دەکرێتە سەر.

یونیسێف رایگەیاندوە هەر ئێستا لە ٢٠ شەڕو تێکهەڵچوونی ناوچەییدا، وەك سەرباز کەڵك لە منداڵان وەردەگیرێ. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی یونیسێف کە لە ٢٥ی نوامبری ئەمساڵدا بڵاو بۆوە، ساڵێ ٣ میلیۆن کچ خەتەنە دەکرێن. خەتەنەکردنی ئەو کچانە بەهۆی تیغ (مووس) چەقۆ، لەتکە شووشەو بێ سڕکردن، ئەنجام دەدرێ کە ئەمانە دەبنە هۆی چڵكو، مەترسیی مردنیان لێ دەکەوێتەوە.

رادیۆی ئەڵمان DW، بەشی فارسی

# سەدی ٦٠ی قوتابخانەکانی ئێران لەگەڵ مەترسیی رووخان بەرەوروون

پسپۆرانی پەروەردەو فێرکردنی ئێران لەسەر ئەم بڕوایەن ئەگەر بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە رۆژدا رووبدا، لە سەدی ٦٠ی قوتابخانەکانی ئێران دا، کارەساتێکی گەورە روو دەدا. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە ١٣١ هەزارو ٩٠٠ پۆلی وانە خوێندن لە ئاستی وڵات دا، دەبێ وێران بکرێنو سەرلەنوێ بنیات بنرێنەوە. ١٢٦ هەزار پۆلی وانە خوێندنیش دەبێ چاکسازیی پێویستیان تێدا بکرێ. جێگری عومرانیی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بە هەواڵدەریی "فارس"ی گوت: "ئەگەر بودجەی دابینکردنی تێچووی قوتابخانەکان بەزوویی چارەسەر نەکرێ، دەبێ چاوەڕوانی رووداوی نەخوازراو بین."

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە دەوڵەتی رابردوودا، وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی خۆیو لایحەی کابینەی پێشوو، داوای ٤ میلیارد دۆلاری لە حیسێبی پاشەکەوتی ئەرزی بۆ بردنەسەری ئاستو پتەوکردنی قوتابخانەکانی وڵاتی کردبوو کە مەجلیسی شوورای ئیسلامی هێشتا بیروڕای خۆی لەبارەی سپاردنی ئەم بودجەیە بە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن رانەگەیاندوە."

حەوتوونامەی "شەهروەند" (چاپی کانادا)، ژمارە ١٠٣٩ (٢ی دیسامبری ٢٠٠٥)

# هێندێك ئاماری دڵتەزێن لە بارەی کارەساتی جیهانیی ئێیدزەوە

نەخۆشیی ئێیدز بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨١ لەنێو نێربازانی کالیفۆرنیادا بەدی کرا. ئەوکات کەس پێی وانەبوو ئەم نەخۆشییە لەماوەی کورتی ٣٠ ساڵدا دەبێ بە یەکێك لە کارەساتە گەورە جیهانییەکان. نەخۆشیی ئێیدز لەم ماوەیەدا هۆکاری لە نێوچوونی زیاتر لە ٢٥ میلیون کەسو چوارەمین هۆکاری مردن لە دنیادا بووە. بە پێی راپۆرتی UNAIDS/WHO لە ساڵی ٢٠٠٥دا زیاتر لە ٥ میلیون کەسی دیکە تووشی ڤایرووسی HIV بوون. ٣٠ میلیونو دووسەد هەزار کەس لەم نەخۆشانە خەڵکی خوارووی بیابانی ئەفریقان. ٧٠٠ هەزار کەس لەم کۆمەڵەیە، منداڵانی ژێر ١٥ ساڵن. ئێستا ژمارەی نەخۆشەکانی گیرۆدەی ئێیدز، گەیشتۆتە ٤ میلیۆنو ٣٠٠ هەزار کەس کە لەم ژمارەیە ٢ میلیۆنو ٣٠٠ هەزار کەس منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵن.

ژمارەی گیرۆدە بووانی نەخۆشیی ئێیدز لە ساڵی ١٩٩٥ دا زیاتر لە ١٩/٩ میلیۆن کەس بوو. لە ماوەیەکی کەمتر لە ١٠ ساڵدا ئەم ژمارەیە بوو بە دوو بەرامبەر. زۆرترین گیرۆدە بووانی ئەم نەخۆشییە (دوو لە سێی ئەوان) لە خوارووی بیابانی ئەفریقا دەژین. باشوورو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە ٧/٤ میلیون نەخۆشەوە، بە دووهەم ناوچە لە باری ژمارەی زۆری گیرۆدە بووانەوە دادەنرێت. لە ساڵی ٢٠٠٥دا نزیکەی ٢/٤ میلیۆن کەس لە خوارووی بیابانی ئەفریقا، ٤٠٠ هەزار کەس لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، ١٨ هەزار کەس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ١٢ هەزار کەسیش لە ئورووپا بە هۆی ئێیدزەوە گیانیان لە دەست داوە. لە سەریەك زیاتر لە ٣ میلیونو ١٠٠هەزار کەس بوون بە قوربانیی ئێیدز کە ٥٧٠ هەزار کەسی ئەوان منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ بوون.

بە پێی ئاماری سندووقی [منداڵانی] رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر ١٤ چرکە (ثانیە)دا لاوێکو، رۆژانە ١٤ هەزار کەس کە نێونجی تەمەنیان لە نێوان ٢٤ـ١٤ دایە، تووشی HIV دەبن. هیند دوای ئەفریقای جنووبی دووهەم وڵاتە کە زۆرترین نەخۆشی گیرۆدەی ئێیدزی هەیە. لەو وڵاتەدا زیاتر لە ٤ میلیون نەخۆشی گیرۆدە بوو بە HIV هەن.

لە بارەی گیرۆدەبووانی نەخۆشیی ئێیدز لە ئێران دا هێشتا ئامارێکی روونو جێگای بڕوا لە دەست دا نیە. بە پێی قسەی سەرۆکی ئیدارەی کۆنترۆڵی وەزارەتی لەشساغیو دەرمان، لە ئێران ١١ هەزارو ٩٣٠ کەس تووشی ئێیدز بوون کە لەم ژمارەیە تا ئێستا ١٣٧٧ کەس مردوون. رێگاکانی گوێزرانەوەی نەخۆشیی ئێیدز بە زۆری بریتین لە: ١ـ پێوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسی گیرۆدەبوو بە ڤایرووسی HIV، ٢ـ گوێزرانەوە بە هۆی خوێن، ٣ـ دەرزیی (سورەنگ)، کە ئەمەیان زۆرتر لە نێو موعتادەکان دا باوە، ٤ـ گوێزرانەوە لە دایك بۆ منداڵ، پێش لە دایکبوون یا دواتر.

ماڵپەڕی: اخبارروز

مرواریی دەریای وشە

**ئیستیعداد واتە باوەڕ بە بوونو هێزی خۆت. (ماکسیم گورگی)**

**هەرکات هەموومان دان بەوە دابنێین کە شێتین، ئیدی هیچ نهێنییەك لە ژیان دا نامێنێتەوە. (مارك تواین)**

**بەهەشت، دوای ئەوەی ئێمەی لێ دەرکراین، ناوی نرا بەهەشت. (هێرمان هێسە)**

**زانایان بیرە نوێیەکان دەدۆزنەوە ـ نەزانەکان قەدەغەیان دەکەن. (هاوینریش هاینە)**

**ئوستاد بە شاکاری خۆیدا هەڵ ناڵێ، شاکارەکە بە ئوستادی خۆیدا هەڵ دەڵێ. (گوتە)**

چیرۆکی ئەمجارە

## هەڵۆ

پیاوێك هێلکەی هەڵۆیەکی دۆزیەوەو خستیە نێو هێلانەی مریشکێك. هەڵۆیەکە لەگەڵ جووجکەکانی دیکە لە هێلکە هاتەدەرو لەگەڵ ئەوانیش دا گەورە بوو. ئەو هەڵۆیە، لە هەموو ژیانیدا هەر ئەو کارانەی دەکردن کە مریشکەکان دەیانکرد. بۆ دۆزینەوەی کرمو خشۆکەکان بە دندووك زەویی دەکۆڵیو وەك مریشك دەیگاراند. هێندێك جاریش بە باڵەفڕکە کەمێك دەفڕی.

زۆر ساڵ رابردنو هەڵۆ پیر بوو. رۆژێك باڵندەیەکی گەورەی لەسەر سەری خۆی لە ئاسمانی هەوریدا بەدی کرد. باڵندەکە بە شکۆیەکی تەواوەوە، تەنیا بە سووکە راوەشاندنێکی باڵە ئاڵتوونییەکانی، بە پێچەوانەی رەوتی با توندەکە دەفڕی.

پیرە هەڵۆی سام رێنیشتوو لێی روانیو پرسی: "ئەمە کێیە"؟ دراوسێیەکی وەڵامی داوە: "ئەمە هەڵۆیە، پاشای باڵداران. ئەو هی ئاسمانەکانەو ئێمەش هی زەوی". هەڵۆ وەك مریشکێك ژیاو وەك مریشکێکیش مرد. چونکە پێی وابوو مریشکە.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ب: هیوا